


# Tishk

24

A GENERAL POLITICAL CULTURAL JORNAL

کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
دەری دەکا

یەکەم ژمارەی گۆڤاری تیشک لە هاوینی ساڵی ١٣٧٧ دەرچووە

**گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتی‌یە**

**کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی**

**حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**

**دەری دەکا**

**خاکەلێوەی ١٣٨٨**

**سەرنووسەر:**

حوسێن نازدار

**دەستەی نووسەران:**

مەهدی بەدری، سمایل مەعرووفی

**تایپ:**

هێرش ئەمجەدی

**مونتاژو بەرگ:**

سەربەست ئورمیە

تیراژ: ٥٠٠

**ناوونیشانی گۆڤاری تیشک لەسەر ئینتێرنێت :**

http://www.Kurdistanmedia.com
E_ mail: tishk_mag@yahoo.com

**خوێنەرانی بەڕێز:**

**بەهۆی زۆربوونی بابەتەکانی پێوەندیدار بە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو، لەم ژمارەیەدا بابەتی دیکەمان بڵاو نەکردەوە.**

**تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤاری تیشک تایبەتە بە دەسەڵات و یاسا لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا.**

# تەوەری ژمارە:

# دوکتور قاسملوو،

# لە تیۆری و پراکتیک دا



# لە م ژمارە یە دا:

**وتەی ژمارە** ........................................................ ٧
**کورتەیەك لە ژیانی شەهید د. قاسملوو** ........................................ ١١
**قاسملوو، ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردەواری** ................................ ١٥
**دوکتور قاسملوو، ئاوێنەی باڵانوێنی گەلانە** .................................. ٢٧
**سیستمی کۆماری و ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی** ................................ ٣٥
**ئەخلاق لە سیاسەت دا، لە ڕوانگەی د.قاسملووەوە** ........................... ٤١

لەم ژمارەیەدا وتووێژ لەگەڵ:

**کاک مستەفا هیجری**................................................ ٤٩
**پرۆفسۆر د. عزەالدین مستەفا ڕەسووڵ** ...................................... ٦٣
**پروفسۆر د. مارف خەزنەدار** .............................................. ٦٧
**کاک حەسەن شیوەسەڵی**............................................... ٧٥
**کاک کاوە بەهرامی** ................................................... ١٠٥
**کاک ڕۆستەم جەهانگیری** ............................................. ١١٧
**خوشکە هێرۆ جەڵدیانی** ............................................... ١٢٥

# وتەی ژمارە

# ڕێبەری دێموکرات

ڕێبەر لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دیاردەیەکی تازە نیە بەڵکوو لەو کاتەوە کۆمەڵگا پێکهاتووە هەتا ئێستا ڕێبەری جۆراجۆر هەبوون، هەر لە دێرزەمانەوە بارودۆخی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی لەسەر ئامانجو بڕیارو هەڵویستو ڕەوشتو ئاکاری ڕێبەرکان کاریگەرو شوێندانەر بووە، لە لایەکی دیکەشەوە ڕێبەرکانیش لەسەر ژیانو چارەنووسی مرۆڤ و کۆمەڵگا باندۆری چاكو خراپیان داناوە. گەورەیی ڕێبەر لە گەورەیی کردارو هەڵوێستو بڕیارەکانی دایە، ئەو هەڵوێستو بڕیارانەی کە لە دەستی هەموو کەس نایەن، ئەو هەڵوێستو بڕیارانەی کە دەبنە مایەی گۆڕانی ئەرێنیو بەکەڵكو گەورە، ئەو گۆڕانەی کە ڕەوتی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری کۆمەڵگا بە ئاقارێکی دروستدا دەبات.

ڕێبەری دێموکرات، بوونو مانەوەی سێ دیاردەی "سروشت"، "ژیان"و "بونەوەران" بەهەقو ڕەوا دەزانێو پێی وایە پێوەندییەکی بەهێزیان پێکەوە هەیەو لەسەر بوونو مانو مەوجوودییەتی یەکتر باندۆری گرینگو چارەنووسسازیان هەیەو ئەو پێوەندییە بۆ درێژەدانو بەردەوام بوونی ژیان بە پێویستییەکی سەرەکی دەزانێ، هەر بۆیە بە هەموو توانایەوە سروشتو ژیانی بوونەوەران دەپارێزێو بۆ پێشکەوتنو گەشەو درەوشانەوەیان دڵسۆزانەو بەرپرسانە تێدەکۆشێ.

ڕێبەری دێموکرات، بیرو ئامانجی ستراتیژی هەیە کە لە پێناوی ئازادی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ ، یەکسانیو دادپەروەری، مافی دیاریکردنیچارەنووسو بەرژەوەندیو ئاسایشی گەلو وڵاتداو بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتو پێشکەوتوو مۆدێرن، ژیرانە خەبات دەکا.

ڕێبەری دێموکرات، باوەڕی قووڵی بە پرەنسیپە بنەڕەتیو گشتییەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ هەیەو بۆ پاراستنو گەشەو درەوشانەوەیان تێدەکۆشێ.

ڕێبەری دێموکرات، ئەو مرۆڤە ئازادیخوازەیە کە پێی وایە مرۆڤ و ئازادی دوو تۆخمی سەرەکی ژیانن کە لە نێوانیاندا پێوەندییەکی بەهێز هەیەو لەو بڕوایەدایە کە ئازادی کەرامەتو شەخسییەت دەدا بە مرۆڤ و ڕێگا نادا کە مرۆڤ بکرێ بە مۆرە، هەروەها پێیوایە مرۆڤ فەرمانڕەوای ڕەهای جەستەو روحی خۆیەتی کە مافی ژیانو ئاسایشی خۆی هەیە، هەربۆیە لەو پێناوەدا بە شێوەیەکی مرۆڤانە خەبات دەکا.

ڕێبەری دێموکرات، ئەو مرۆڤە مافخوازەیە کە بۆ خاشەبڕ کردنی هەرچەشنە ستەمێکی نەژادی، ڕەگەزی، ئایینی، چینایەتی، نەتەوایەتی، سیاسیو کۆمەڵایەتی خەبات دەکا، باوەڕی بە مافی یەکسانی ژنو پیاو هەیەو لەناو خێزانو کۆمەڵدا بە کردەوە بۆ سەلماندنو چەسپاندنی خەبات دەکا.

ڕێبەری دێموکرات، ئەو تێکۆشەرە گۆڕانخوازو نوێخوازەیە کە باوەڕی بە هێزو دەسەڵاتو سەروەری گەل هەیە، کۆمەڵانی هەراوی خەڵك بە سەرچاوەو پشتیوانی لە بڕاننەهاتووی شۆڕشو خەباتو بزووتنەوەی مافخوازانە دەزانێ، پێیوایە دەسەڵاتی هەڵسووڕێنەری وڵات دەبێ دێموکراتیكو دادپەروەر بێو مافو حورمەتی کۆمەڵانی خەڵكو هێزە سیاسییەکانو کەمینەو زۆرینە نەهادینە بکاو بیپارێزێ. ڕێبەری دێموکرات، باوەڕی بە بوونی جیاوازییەکان، گونجانو پێکەوە حەوانەوەی جیاوازییەکان، لێك تێگەیشتن، قبوولّ کردنو تەحەمول کردنی یەکتر، کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونو دەسکەوتەکانی یەکتر، یارمەتیدان بە پشکوتنو هەڵدانو گەشەکردنی تواناو لێهاتوییەکانی یەکتر هەیەو لەو پێناوەدا خەبات دەکا. ڕێبەری دێموکرات، باوەڕی بە پلۆرالیزمی سیاسی، جۆراجۆریو فرە چەشنی، یەکیەتی ئارەزومەندانەی هاوبەشی دەستووری، گرێدانی ئاشتیخوازانەی فرەنەتەوەیی، ئایینیو کولتووری، چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی پێکهاتەو کۆمەڵە جۆراجۆرەکان هەیەو خەباتی بۆ دەکا. هەروەها لەگەڵ ڕەوتی ئاشتیو دێموکراتیزاسیۆن لە ئاستی نێوخۆییو نێونەتەوەییدا بە کردەوە هەنگاو هەڵدەگرێ.

ڕێبەری دێموکرات، شۆڕشگێڕێکی پێشڕەوو ڕچەشکێنە کە لە ڕەوتی بەڕیوەبردنو ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆمەڵانی خەڵکدا، پێڕەوی لە یاسای دێموکراتیكو پەسند کراوی گەل دەکا، باوەڕی بە یاسا سەروەری هەیە، هەوڵ دەدا مرۆڤەکان لە بەرانبەر یاسادا یەکسان بن، لە باری بیرو باوەڕەرو کردەوەو ئاکارەوە دێموکراتەو سیمای دێموکراتی هەیە، خۆشناوو ڕاستگۆو ڕەوشت بەرزە، دەستو زمانو داوێن پاکە، ڕووناکبیرو بیرکراوەو چاوکراوەیە، بۆ بردنە سەری زانیاری خۆیو کۆمەڵانی خەڵك هەوڵ دەدا، لە ئاوەزی گشتی کەڵك وەردەگرێ، ڕێز بۆ ئیرادەی گشتیو بیروڕای جیاواز دادەنێ، باوەڕی بە ئازادی ڕادەربڕین هەیە، ڕەخنە دەگرێو ڕەخنە قبوولّ دەکا، هەست بە بەرپرسایەتی دەکا، ڕاوێژ دەکاو تەکڕەوی و سەرەڕۆیی ناکا، گیانی لێبوردنو هاوکاری هەیە، حەز لە بەڕێوەبەری جەمعی دەکا، بە نەزمو دیسیپلینو هەڵسوورو چالاکە، لەکارو ئەرکی سیاسی و

کۆمەڵایەتیدا لایەنگری لە شەفافییەتو ئەرکو مافو سەلاحییەتی روونو دیاریکراو دەکاو دژی گەندەڵییە.

رێبەری دێموکرات، تێکۆشەرێکی باوەر بەخۆیە کە لە رەوتی پێوەندیو هاوکارییە جۆراوجۆرە سیاسیو نیشتیمانیو نەتەوەییەکاندا، لە "ئەسڵی سەربەخۆیی بڕیاردان لەسەر بناغەو بنچینەی بەرژەوەندی وڵاتو گەل" ئیلهام وەردەگرێو بە کردەوە پێڕەوی لێدەکا.

رێبەری دێموکرات، خەباتگێڕێکی واقیعبینو ئاوەزگەرایە، بۆ بارودۆخی دیاریکراو لێکدانەوەی دیاریکراوی هەیە، سیاسەت بە هونەری مومکین دەزانیو خوێندنەوەی دروستی بۆ هاوکێشە سیاسییەکانو رووداو و دیاردەو پێکهاتە جۆراجۆرەکان هەیە. لە رەوتی خەباتو تێکۆشاندا لە هەموو شێوە رەواکانی خەبات وەك؛ خەباتی دیپلۆماسی، خەباتی چاپەمەنیو رۆژنامەگەریو میدیاو راگەیاندن، خەباتی وتووێژو دیالۆگی بنیاتنەر، خەباتی هەڵبژاردنو پارلمانی، خەباتی یاساییو دەستووری، خەباتی رێکخستنی جەماوەریو نافەرمانی مەدەنی، خەباتی تێکنۆلۆژیو پیشەسازی، بەرگری رەواو شەرافەتمەندانە، کەڵك وەردەگرێ.

**حوسێن نازدار**

# کورتیەک لە ژیانی شەهید د. قاسملوو

**ئامادەکاری: تیشک**

عەبدولڕەحمان قاسملوو لە شەوی یەکەمی زستان واتــە شــەوی یەڵــدای ســاڵی ۱۳۰۹ی هەتاوی بەرامبەر بە ۲۲ی دیسامبری ساڵی ۱۹۳۰ زایینیدا لەگوندی" قاسملو"ی سەر بە شاری ورمێ لە بنەماڵەیەکی خاوەن ملکی دست ڕۆیشتوودا لــە دایــك بــوو. خوێنــدنی سەرەتایی‌و ناوەندی، لە ورمێ‌و تاران تەواو کرد. "عەبدولڕەحمان قاسملوو" ســاڵی ١٣٢٤ تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لــە شــاری ورمــێ دەست پێ کرد. بە دوای روخانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٥ بــۆ خوێنــدن چــووە تاران‌و ساڵی ١٣٢٧ بۆ درێژە پێدانی خوێندن چوو بۆ پاریس پێتەختی فەرانسە. گەیشتنی بە پاریس هاوکات بوو لەگەڵ تەقەکردن لە شا لــە زانــستگەی تــاران (٢٥ی ڕێبەنــدانی ١٣٢٧) کە بوو بە هۆی لەنێو چوونی ئازادییە دێموکراتی‌یەکان لە سەرانسەری ئێراندا. بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوەیەکی بەرینی خوێندکارە ئێرانی‌یەکان لە پاریس پێــك هــات کــە لەوێدا عەبدولڕەحمان قاسملوو بە درێژی لە دژی شاو ڕێژیمەکەی قسەی کــرد، لــە ئاکــامدا خوێندکاران پەیامێکی نارەزایی‌یان بۆ حەمە رەزاشا نارد. ئەم کارە بوو بە هۆی فــشاری باڵوێزخانەی ئێران لە پاریس‌و تەنانەت حکوومەتی فەرانسە بۆ سەر کاك عەبــدولڕەحمان قاسملوو لە ئاکامی ئەو فشارەدا سەرەنجام ناچار بوو پــاریس بــەجێ بهێڵــێ‌و وەك یەکــەم بوورسیەی ئێرانی "یەکیەتی نێونەتــەوەیی خوێنــدکاران" چــوو بــۆ "پــڕاگ" پێتــەختی چێکوسلۆواکی. هەر لەو ماوەیەدا کە لە فەرانسە بوو، بە هاوکاریی چــەند خوێنــدکاری دیکەی کورد "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد"یان لە ئوروپا دامەزراند.

لەو ماوەیەدا کە لە پڕاگ خەریکی خوێندن بوو لە تێکۆشانی یەکیەتیی نێونەتــەوەیی خوێندکارانیشدا بەشدار بوو. ساڵی ١٣٣٠ بــە نوێنەرایــەتیی خوێنــدکارانی ئێــران لــە دووهەم کۆبونەوەی ئەم ڕێکخراوەدا کە لە شاری پــڕاگ گــیرا، بەشــدار بــوو. هــەر لــەو ماوەیەدا وەك نوێنەری ئێران لە زۆر کۆبونەوەو کۆنفرانسی فیدراسیۆنی جیهانیی لاواندا لە شاری بووداپێست پێتەختی مەجارستان بەشدار بوو.

ساڵی ١٣٣١ لە سەردەمی حکوومەتی میللــی دوکتــور موســەدیقدا، عەبــدولڕەحمان قاسملوو پاش ئەوەی لە زانستگەی پڕاگدا لیسانسی زانستە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەکانی وەرگرت گەڕایەوە ئێران. ئەوکاتە لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی

توودەی ئێراندا یەکیەتیی تەشکیلاتی هەبوو. قاسملوو پاش شەش مانگ تێکۆشان لە تاران هاتەوە مەهابادو لەوێ بەرپرسایەتیی کاری حیزبی وەئەستۆ گرت.

پاش کودیتای شوومی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ناچار بوو بە تەواوی خۆی بشارێتەوەو بە نهێنی لە تاران‌و لە کوردستان خەریکی کاری حیزبی بێ. لەو ماوەیەدا "عەبدولرەحمان قاسملوو" سەرپەرەستی رۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی بەئەستۆوە بوو کە تەنیا پێنج ژمارەی بە نهێنی لێ دەرچوو. هەر لەو ماوەیەشدا بوو کە کومیتەیەکی سەرانسەری بۆ کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەرپرسایەتی ئەو پێك هات.

عەبدولرەحمان قاسملوو پاش پێنج ساڵ تێکۆشانی سیاسی لە ئێران‌و بە تایبەتی لە کوردستان، ساڵی ١٣٣٦هەتاوی جارێکی دیکە چۆوە چیکوسلۆواکی، ساڵی ١٣٣٧ (١٩٥٨) پاش سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق و بووژانەوەی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق هاوڕێ قاسملوو لەگەڵ چەند ئەندامی مەسئوولی دیکەی حیزبی هەوڵیاندا لە رێگای عێراقەوە رێکخراوەکانی حیزبی زیندوو بکەنەوە، بەڵام بەداخەوە لەو هەوڵەیاندا سەرکەوتوو نەبوون. ساڵی ١٣٣٩ عەبدولرەحمان قاسملوو بە دەستووری دەوڵەتی عێراق لەو وڵاتە دەرکراو گەڕایەوە بۆ پڕاگ.

ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢) قاسملوو لە زانستگەی پڕاگ دوکتواری زانستی ئابووریی وەرگرت‌و هەتا ساڵی ١٣٤٩ لە زانستگەی پڕاگ دەرسی "ئابووریی سەرمایەداری‌و ئابووریی سۆسیالیستی و تیۆریی هەڵدانی ئابووری"ی گوتەوە. لەو ماوەیەدا دوکتور قاسملوو چەندین کتێب‌و نامیلکەی لەسەر گیروگرفتە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەکان نووسی کە لە هەموویان بەناوبانگتر کتێبی "کوردستان‌و کورد"ە. ئەم کتێبە لە جێدا بە زمانی چێکی نووسراوە، تا ئێستا بە زمانەکانی ئینگلیسی، سلۆواکی، لەهێستانی، عەرەبی، کوردی، فارسی، هێندی و بەشێکیشی بە فەرانسەوی چاپ‌و بڵاو کراوەتەوە. دوکتور قاسملوو زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، فەرانسەوی‌و‌چیکی بە باشی دەزانی‌و بە زۆر زمانی دیکەیش وەك ئینگلیسی‌و روسی ئاشنا بوو.

ساڵی ١٣٤٩ پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارس‌و رێکەوتنی نێوان رێبەرایەتی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق‌و دەوڵەتی ئەو وڵاتە ئیمکانی تێکۆشانی سیاسی لە کوردستانی ئێران زیاتر بوو. لەو کاتەدا دوکتور قاسملوو لە ئورووپا گەڕایەوەو بە هاوکاریی چەند کەس لە یارانی نیزیکی خۆی ئەرکی زیندووکردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی وەئەستۆ گرت. لە کونفرانسی سێهەمی حیزبدا کە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٠ گیرا، دوکتور قاسملوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و پاشان بە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا، لەو کاتەوە لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبی‌دا وەك سکرتێری گشتی هەڵبژێرایەوە، بەم جۆرە بۆ ماوەی هەژدە ساڵ وەك رێبەرێکی کارزان‌و شارەزا لە پلەی یەکەمی مەسئولییەت‌دا کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە یەکێك لە سەخت‌ترین قۆناغەکانی خەباتی ئەم حیزبەدا بەڕێوەبرد.

مامۆستای رێبەر دوکتور قاسملوو رۆژی ٢٢ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ بەرامبەر بە ١٣ی ژوئیەی١٩٨٩ زایینی لە کاتێك‌دا بۆ دۆزینەوەی رێگای چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا لەگەڵ چەند نوێنەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە "وییەن" لەسەر مێزی وتووێژ دانیشتبوو لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاك عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە ئورووپا بە دەستی نوێنەرانی دەوڵەت بۆ بەناو وتووێژی ئاشتی، شەهید کرا. لەو تێرورە ناجوامێرانەیەدا دوکتور فازڵ رەسووڵ کوردی عێراقی مامۆستای زانستگە لە "وییەن" یش کە لەو دانیشتنەدا بوو بە دەستی ئەو تێروریستانە شەهید کرا.

**سەرچاوە:**

ئالبوومی شەهیدان(بلاوکردنەوەی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)

# قاسملوو، ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردەواری



**چەکۆ رەحیمی**

**ڕێبەر کەسێکە" کە بە لێهاتوویی، زانایی و لێوەشاوەیی خۆی، شوێنەوار لەسەر کۆمەڵگا و دەوروبەری دابنێ.**

هەڵسەنگاندنی ڕێبەران باسێکی دوورو درێژە، ئەوەی پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە، ڕێبەری نەتەوەیی‌یە. لە گۆڕەپانی خەبات بۆ رزگاری نەتەوە زۆڵم لێکراوەکاندا، بەڕێوەبەران کەسانێکن کە لە مەیدانی کردەوەدا دروست دەبن، کە دەبنە جێی هیوا و ئومێدی نەتەوەکەیان، بە کورتی ئەم ڕێبەرانە دەبنە ڕێبەری نەتەوەیی، تەنیا ئەو کەسانە نابنە ڕێبەری گەورە کە لە وڵاتێکی گەورە بە حەشیمەتێکی زۆرەوە هەڵکەوتبێ، بەڵکوو ڕێبەری نەتەوەیی پێوەندی بە ئەو قۆناغە لە کات و شوێن (مکان و زمان) و حاڵەت و هەلومەرجی کۆمەڵگایەکەوە هەیە. ڕێبەری نەتەوەیی دەکرێ لە دوو بواردا هەڵسەنگێندرێ:

بواری یەکەم: ئەو ڕێبەرەی کە لە هەلومەرجی خەباتێکی دژوارو دەربەدەری و شەڕدا بووە.

بواری دووهەم: ئەو ڕێبەرەی کە لە هەلومەرجی خەباتێکی ئاسایی و ئاشتی‌دا بووە.

لە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا ناوی ئەو گەورە ڕێبەرانە ماونەتەوە، کە بوونەتە هۆی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای وڵاتەکەیان و تەنانەت شوێنەواریان لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی داناوە، ئەو ڕێبەرانە لە هەلومەرجی خەباتێکی توندوتیژدا پەروەردە بوون و سەرنجی کۆمەڵگایان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە.

ڕێبەرانی گەورە ئەو کەسانەن کە بە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی خەباتەکەیان، توانیویانە لەسەر ئەو باوەڕو ڕێبازەی کە ساڵانی دوورو درێژ هەوڵیان بۆ داوە، بمێننەوە و درێژە بە خەبات بدەن. ئەو ڕێبەرانە بە شێوەیەکی لێزانانە تیۆری زانستی‌یان لەگەڵ کردەوە و ئەزموونی گۆڕەپانی خەبات، بە پێی هەلومەرجی گونجاوی ناوچەی خۆیان لێك گرێدا و خۆیان لە دروشم و قسەی بریقەدار پاراست و تەواوی توانای خۆیان لە چوارچێوەی خەبات بۆ گەل، خەبات بۆ ئازادی، خەبات بۆ ئاسایش، خەبات بۆ سەربەستی، خەبات بۆ ئاشتی و یەکگرتوویی نەتەوەکەیان و ... هتد تەرخان کرد و تا سەرکەوتن و گەیشتن بە حاڵەتی ئاسایی هەموو کردەوەیەکیان لە ڕاستای بەرژەوەندی گەل و وڵاتەکەیاندا بوو.

هەر بۆیە ناکرێ هەروا بەبێ قەزاوەتێکی دروست، حوکم لەسەر رێبەران بدرێ کە چەندە شوێنەواریان داناوە، لە لایەکی دیکەش ناکرێ تەنیا مێژوویان بەدەستی هێندێك قەڵەم
بەدەست بسپێرین کە بە کەیفی خۆیان، بنووسن. چوونکە لە مێژوودا دیتراوە، کە قەڵەم بەدەست یان مێژوونووس، بە چەواشەکاری توانیویەتی رۆخساری مێژوو بگۆڕێو قەڵەمەکەی بە قازانجو بەرژەوەندی کەس یان هۆز یان نەتەوەیەکی‌تر داشکاندبێتەوەو مێژووی زۆر کەسایەتی‌و هۆزو گەلیان لە مێژوودا تۆمار نەکردبێ.

لە سەدەکانی کۆنەوە تا دەگەینە رێنێسانس، خەڵکێکی زۆر کەم خوێندەوار بوونو ئەگەریش خوێندەوار هەبان ژمارەیەکی بە دەگمەن هەڵدەکەوتن کە مێژوو بنووسن، بەشێکی نووسینیان بۆ بژیوی ژیان بەکار دەهێناو ناچار دەبوون ئەوەی بە وەرگرتنی پارە پێیان دەوترا بیان نووسیبا، کە زیاتر بە کەیفی دەسەڵاتدارەکانیان نووسیوە. ژمارەیەکی فرەکەم هەڵدەکەوتن کە راستییەکانیان دەنووسی‌و بە تایبەتی ئەوەی کە پێوەندی بە مێژووی خەباتی گەلانێك بووە کە تا ئێستاش بە مافی خۆیان نەگەیشتوون، بەو هۆیەوە مێژووەکەیان تۆمار کراوەو بڵاو نەکراونەتەوە. ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی بوون بە هۆی نەمانی دەسەڵاتە سەرەڕۆکانو هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی حیزبی‌و سیاسی، بەو بۆنەوە نووسەرو مێژوونوسانی نوێ دەستیان کرد بە نووسینەوەی راستییەکان، لە نێو کۆمەڵگای کوردیش‌دا بەرەبەرە مێژووی گەلی کورد نووسراوو کەسایەتی‌و سەرکردە گەورەکانی کورد، لە مێژوودا خۆیان دیتەوە.

لە دوای شۆڕشی مەشرووتییەت لە ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوی (١٩٠٦ی زایینی) لە ئێران، بەرەبەرە حیزبی سیاسی لە ئێران پێك هاتن. شەڕەکانی جیهانی یەکەمو دووهەم و شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ی زایینی رووسیە ئاڵوگۆڕی ناوچەکانی خێراتر کردو هەستی نەتەوایەتی‌و حیزبە سیاسییەکان قەوارەو شکڵی نوێتریان بەخۆوە گرت، لە کوردستانی ئێرانیش وەك هەموو پارچەکانی دیکەی ئێران حیزبی سیاسی لەسەر بنەمایەکی مۆدێرنو پێشکەوتوو دامەزراو گەورەپیاوی وەك پێشەوای لێ هەڵدەکەوێتو کۆماری کوردستان پێك دێنێ، هەستی نەتەوایەتی بەهێزتر دەبێ‌و رێزو ئیحترام بۆ گەلانی دراوسێ گەشە دەکاو دەنگی خەباتو بەرخوەدانی کورد لە رێگای دیپلۆماسیی سەردەمیانەوە سنوورەکان دەبڕێ، دەگاتە گوێی کۆمەڵگای پێشکەوتووی ئەو کاتی جیهان، بە دوای تێکچوونی کۆمار، لەژێر تەوژمو ستەمی دەسەڵاتی ناوەندی لە

تاران‌و بە هۆی شەڕی سارد کە لە نێوان دوو جەمسەری رۆژهەڵات‌و رۆژئاوادا هەبوو، خەبات‌و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە شێوەی نهێنی درێژەی هەبوو. کە بەردەوام ئەندامانی ئەو حیزبە دەخرانە بەندیخانەکانی رژێمی پاشایەتی لە ئێراندا. لەو سەردەمانەدا کە حیزبی توودەی ئێران، خۆی بە دایکی هەموو حیزبە چەپەکان دادەنا‌و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی، بە لقی کوردستانی خۆی دەزانی، گەورە پیاوێکی نەتەوەیی‌و زاناو ئازای سیاسی، بەناوی دوکتور عبدالرحمان قاسملوو، سەربەخۆیی سیاسی "حدکا"ی راگەیاند‌و پرۆگرام‌و پێڕەوی حیزبی سەرلەنوێ داڕشتەوە‌و رێبازێکی نوێی پێشنیارکرد‌و لە کۆنفرانس‌و کۆنگرەدا پەسەند کرا. ئەو هەنگاوە، حیزبی بەرەو پێش برد‌و دەروازەکانی داخراوی دونیای ئازاد‌و دێمۆکراتیکی بە رووی ئەو حیزبەدا کردەوە.

دوکتور قاسملوو کێ بوو؟ لە چ بنەماڵەیەك گەورە بوو؟ لەچ قۆناغێکی مێژوودا ژیان‌و خەباتی سیاسی دستپێکرد؟ چۆن بوو بەو رێبەرە کاریزما‌و گەورەیەی گەلەکەمان‌و حدکا؟ بۆ وەرگرتنەوەی وڵامی ئەو پرسیارانە، دەتوانین بە خوێندنەوە‌و گوێگرتن لە دەیان نووسراوە‌و شریت‌و نەواری ویدویۆیی‌و هەزاران کەسایەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری ناس‌و ئەدەیب‌و ... لە سەرانسەری جیهان‌و بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و ئێران‌و کوردستاندا وەردەگرینەوە.

ناسینی دوکتور قاسملوو هەر بە پێداهەڵگوتن‌و نووسین لەسەر ئەو کەسایەتییە مەزنە کۆتایی نایەت کەسێك کە لە نزیکەوە، د.قاسملووی نەدیبێ نازانێ کە لەباری هەڵسووکەوت، ئەخلاق‌و ئەدەب، خووخدە، خاکی بوون، ئازایی‌و نەترسی، زانایی لەسەر هەموو بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری، مێژوویی‌و فەلسەفە،...هتد، چەندە مەزن‌و سەرنجڕاکێش بوو. دوکتور قاسملوو، فەرهەنگێك بوو، کە دەتتوانی وڵامی هەموو پرسیارەکانت بە هەر زمانێکی زیندووی جیهان، لێی وەربگرییەوە، لەم جیهانەی تێمە تێیدا دەژین، زۆر رێبەرو گەورە پیاوی مەزن بۆ رزگاری مرۆڤ لە کۆیلەتی‌و نەزانی هاتوون‌و رۆیشتوون، کە ژمارەیەکیان لە ئاسمانەوە کتێب‌و ئیلهامیان بۆ هات‌و خەڵکیان لە دەوری خۆیان کۆ کردەوە‌و بە پێغەمبەر ناسران. بەڵام دوکتور قاسملوو، هیچ کتێب‌و ئیلهامێکی لە ئاسمانەوە بۆ نەهات، بە لێزانی‌و زانایی‌و زانستێك کە هەیبوو، بە ناسینی دەردو ناخۆشی‌و بەش مەینەتییەکانی گەلی کورد، بوو بە پێغەمبەری ئاشتی‌و سەربەستی‌و ئازادی بۆ گەلەکەمان لە کوردستان‌و ئێراندا.

## زانایی و پسپۆڕی:

ئەو ڕێبەرە هەر لە تەمەنی لاویەتی‌دا، بە هۆی تامەزرۆیی بە خوێندنو فێر بوون، ئاڵوگۆڕی جیهانی ناسی و لەگەڵ شۆڕشەکانی وڵاتانی جیهان ئاشنا بوو، دەردو ناخۆشیەکانی گەلی کوردی زیاتر هەست پێکردو بۆ زیاتر فێربوونو خۆپێگەیاندن ڕووی لە ئورووپا کرد. بە هۆی ژیری و وریایی لە ماوەیەکی کەمی چەندساڵی‌دا توانی پلەکانی خوێندن ببڕێو فێری زمانی زۆربەی وڵاتانی ئەو دەڤەرە بێت. دوکتورای ئابووری وەرگرتو بوو بە یەکێك لە گەورە ئابووری ناسانی جیهانی. بە مرۆڤێکی خاوەن بیروڕاو داهێنەر ناسرا، هەر ئەوە بوو کە لەگەڵ زۆر کەسایەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵناسو یاسازان ئاشنا دەبێتو بە هۆی هەڵوێستی بە دژی داگیرکردنی وڵاتی چێکوسلۆاکی لەلایەن ئەرتەشی سووری سۆڤیەتەوە، متمانەیەکی زۆر لەنێو سیاسەتمەدارانو دەوڵەتمەندانی ئورووپایی وەدەست بێنێ، سەرەڕای ئەو چالاکییانە بەردەوام ئەرکی حیزبیشی بە شێوەی جۆراوجۆر بەڕێوە دەبردو لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی پێوەندیدار بە گەلی کوردو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو حیزبو ڕێکخراوە سیاسیەکانی ناوچە بە گشتیو ئێرانی بە تایبەتی بەشداری چالاکانەی هەبوو، لەو بوارەش‌دا متمانەی زۆربەی سیاسەتمەدارانی ئەو ناوچەیەشی وەدەست هێنا. تایبەتمەندی ئەو ڕێبەرە لەو بوارەدا، لەوە زیاترن کە لێرەدا بە چەند دێر بنووسرێ، بە پێویست دەزانم بە ئاماژە کردن بەم خاڵە، کۆتایی بەم بوارە بێنم. دوکتور قاسملوو بەو هەموو زەمینە لەبارەی کەلە ئورووپاو لەنێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسیو نەتەوەییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵات وەدەستی هێنابوو، ئەگەر تەنیا بە ژیانی ئاسایی خۆی درێژەی دابا، دەیتوانی ژیانێکی زۆر باشو تەیار بۆ خۆی دروست بکاو تەنانەت زۆر پلەو پایەی پێدرابا، هەرچەند ئەوکاتە پلەی مامۆستایەتی زانکۆی لە ئورووپا وەدەست هێنابووو ئیمکاناتی باشیشی هەبوو، بەڵام ئەو هەر لە سەرەتاوە بۆ مەبەستێکی دیکە هەوڵی دەدا. ئەویش ناساندنی کوردو مێژوو و فەرهەنگو زوڵمو ستەمەکانی بەسەر ئەو نەتەوەیەدا کراوە، بە شێوەیەکی زانستییانەو سەردەمیانە هەوڵی بۆ داو پاش ئەوەی کە هەلومەرجی خەباتی ئاشکرای لە کوردستاندا لەبار دی، هەموو ئەو ئیمکاناتەی

بەجێهێشتو گەڕایەوە بۆ کوردستان. کەبە داڕشتنی بەرنامەی حیزبی بۆ یەکەمجار لە نێو حیزبە کوردیەکاندا دروشمەکانی تاکتیکیو ستراتیژیکیو ئامانجی دوارۆژی، داهێنا.

زۆر بوێرانە، یەکەم کەسایەتیی سیاسی ناوچەی رۆژهەلات بوو کە رەخنەی لە سوسیالیزم گرتو کورتە باسێکی لەسەر سوسیالیزم نووسیو وەك ئامانجی دوارۆژی حیزب، بە پەسەندی گەیاند. لەسەرەتادا زۆر تانەوتەشەرو قسەیان بۆ هەلبەست، بەلام دوای تێپەڕبوونی نزیك بە ١٠ساڵ پاش دوکتور قاسملوو، حیزبو لایەنە سیاسیەکانی ناوچە، پێشوازیان لەو بۆچوونە کرد.

## بواری سیاسی و دیپلۆماسی

دوکتور قاسملوو لەباری سیاسییەوە بە تەواوی پێگەیشتبوو، گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە داهێنەر بوو، لە چەند ئەزموونو بابەتی سیاسیو رووداوەکاندا لێکدانەوەو پێشبینی تایبەت بەخۆی هەبوو، ئەو تایبەتمەندییانە بوون کە وەك رێبەرێکی داهێنەرو کارامەو کاریزمای ناساند. راگەیاندنی سەربەخۆییو نەبەستراوەیی حیزب، ناساندنی خەباتی گەلی کورد بە کۆڕو کۆمەلە سیاسییەکانی ئورووپایی، دیاریکردنی تاکتیك، ستراتیژیو ئامانجی دوارۆژ، هەولدان بۆ پەرەپێدانی دێموکراسیو نەهادینە کردنی لەنێو حیزبو ...هتد لەو داهێنانە سەردەمیانە بوون، کە سەرنجی هەموو لایەکی بۆ لای رادەکێشاو رەمزی وەدەنگ هێنانی بزووتنەوەی کوردی دیتەوەو شۆڕشی گەلی کوردی بە جیهان ناساند.

دوکتور قاسملوو بە هۆی شارەزاییو ناسینی کولتوورو نەریتەکانی گەلانی دیکە، ئەوی وەك دیپلۆماتێکی لێوەشاوە نیشان دەدا، لە شێوەی هەلسوکەوتەکانی دیپلۆماتیك شارەزا بوو، لەو بوارەشدا ئازایەتیو نەترسیو وەختناسیو شارەزایی بە زمانو شێوەی کردارو خۆ بەدەستەوە نەدان کە لە تایبەتمەندییەکانی دێپلۆماتێکە، لە خۆیدا نەهادینە کردبوو. ئەوانەی لەو بوارەدا دیتوویانە بە یەکێك لە خالە بەهێزو بەرزەکانی ئەو رێبەرەی دەژمێرن، لە لایەکی ترەوە راست بێژیو سەداقەتو لەڕوو قسەکردن لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکەیدا، کەسایەتییەکی وەهای لێساز کردبوو، کە دۆستو دوژمن رێزیان بۆ دادەنا.

## بواری زمان ناسی:

دوکتور قاسملوو بێجگە لەوەی شارەزاییەکی فرە باشی لە زمانی کوردیو زمــانی نەتــەوەکانی دراوسێی کوردی وەك فارسی، تورکی، ئازەریو عەرەبی هەیبوو، لە قسەکردن بــەو زمانانــە بــە ڕێزمانو دەستووری نووسینو خوێندنەوەیان شارەزا بوو، شتی لێ وەردەگێڕایەوەو شتی بەو زمانانە دەنووسی، لەو چەند ساڵەی لە ئورووپا ژیابوو، فێری زمانەکانی فەرانسەوی، ئینگلیزی، ئاڵمانی، روسیو چێکی ... هتد ببوو لەم دوایانە بە هۆی گرینگــی زمــانی ئیــسپانیۆلی، کــە بەشێکی فرەی قارەی ئامریکای لاتینو ئامریکای باشوور قسەی پێ دەکەنو هۆگری بە نیــسبەت ئیسپانیایی هەبوو، خەریکی فێربوونی ئــەو زمانــەش بــوو. ســەرەڕای ئــەو شــارەزاییە بەســەر زمانەکاندا، دەیتوانی شتیان لێ وەرگێڕێ یان شت بەو زمانانە بنووسێ و لەگەڵ زۆربەی شــێعرو مێژووو مەتەڵو شتە کولتوورییەکانیان ئاشنا بوو. بۆیە زۆر بە ئاسانی سەرنجی ئورووپاییەکانی بۆ لای خۆی رادەکێشا. بەکورتی دەتوانم بە شانازییەکی زۆر گەورەی بۆخۆم دابنێم کە لە خزمەت ئەو رێبەر، مێژوونوس، ئەدیب، کۆمەڵناس، فیلــسوف، نووســەر، وەرگێــڕ، قــسەزانو وتەبێــژە بەتوانایەدا، زۆرشت فێر ببمو ئەو تایبەتەمەندییانەی لە وجوودیدا بەدی بکەم.

دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەوەی کاروباری حیزبی مەجالێکی وای بــۆ نەدەهێــشتەوە، بــەڵام لــە بچووکترین کات، غافڵ نەدەبووو دەستی دەدایە قەڵەم بۆ ئەوەی مێژووی حیزب بنووسێ، کە لە بەرهەمە بە نرخو ئاکادێمیکەکەی (چل ساڵ خەباتو تێکۆشــان) بــەرگی یەکــەمو دووهــەم کــە لەبارەی زانستیەوە وێنەی کەمە، بە زمانێکی پــاراوو ســادەی کــوردی نووســراوە، ئێــستا وەك بەڵگەیەکی بەهێز کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

## بواری ئەدەبی:

دوکتور قاسملوو لــە قــسەکردنو نووســیندا، بــە زمــانێکی پــاراوی خۆمــاڵیو ســادە دەدواو نووسینەکەشی بۆ هەمــوو کەس وەردەگیران، قەڵەمێکی رەوانو شەفافی هــەبووو فــرە بــەڕێزەوە دەدواو ئەینووسی، لە گشت وتارو نووسینەکانیدا، ئەدەبو نەزاکەتی دەپاراستو بێحورمەتیو بێڕێزی بە کەســی تێــدا نــەبووو تەنانــەت بــە نیــسبەت دەســەڵاتدارانی کۆمــاری ئیــسلامیو نەیارانیشی لەفزی خراپی بەکار نەدەهێنا.

بە شێعرەکانی کوردی، فارسی، ئازەریو زمانە ئورووپاییەکانو عەرەبی، ئاشنا بووو زۆربەی ئەو شێعرو مەتەڵانەی لەبەر بوون. لەم بوارەدا بیرەوەرییەکم هەیە، کە قەت لەبیرم ناچێتەوە:

شەوێکی پاییزی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥ی زایینی) لە گەورەدێ، بۆ شەو دەعوەتی کردمو فەرمووی میوانێکی خۆشەویستم هەیە، سەعاتی ٦ی ئێوارە بە خزمەتی گەیشتمو میوانە خۆشەویستەکەی شاعیری نەتەوەیی گەلەکەمان رێزدار "شێرکۆ بێکەس" بوو، تا ئەوکات بە خزمەتی نەگەیشتبوومو بۆ من شانازی بوو، کە ئەو شەوە لە خزمەت ئەو دوو گەورە پیاوە سیاسەتمەدارو شاعیرەدا بووم. باسی زۆر شت کراو پاشان نۆبەی شێعر هات، کەلە کوردەواریدا بە "شەڕە شێعر" بەناوبانگە، ماوەی سێ سەعات لە نێوان ئەو دوو کەسایەتییەدا شەڕە شێعر بوو، بەڕاستی دوکتور قاسملوو نەدەماوە، هەرکە بەکوردی کەمی دەهێنا، بەفارسیو ئازەریو عەرەبی یان زمانەکانی دیکە شێعری دەگوتەوە. ئەویش یەکێك لە تایبەتمەندیيە هەرە باشەکانی ئەو ڕێبەرە بوو.

## بواری کۆمەڵایەتی و فەلسەفە:

لەم بوارەدا توانایی و لێزانینی دوکتور قاسملوو، لە کتێبی "کوردستانو کورد"دا کە لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینی نووسیویەتی، دەبینین، کە ئێستا وەك بەڵگەیەکی زانستی دەژمێردرێو لە زۆربەی زانکۆکان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بێجگە لەوەش لەباری وەرگێڕانەوە توانایی بێ وێنەی هەبوو، لە وەرگێڕانی کتێبو نووسراوەو... هتد بە زمانی جۆراوجۆرکە هەمیشە "رۆژنامەی کوردستان"، رادیۆ و نووسراوەکانی حیزبی دەوڵەمەندتر کردووە.

ناسینی مێژووو کولتوورو بنچینەکانی کوردستان، یەکێکیتر لەو تایبەتمەندییانەی کۆمەڵناسی دوکتور قاسملوو بوو.

## بواری قسەزانیو وتەبێژی:

هەبوونی ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە، ئەو توانایییەی لە دوکتور قاسملوودا پێك هێنابوو، کە لە کاتی قسەو وتاردا، زۆر بە وردی و لێزانانە، وشەو رەستەکانی هەڵدەبژاردنو بە شێوەیەکی سادەو خۆماڵیانە دەری دەبڕین، ئەگەر وشەیەکی لاتینیشی بەکار هێنابا، بە وردی شی دەکردەوە، کە سەرنجی بەشداربوانی کۆڕوکۆبوونەوەکانی بۆ لای خۆی رادەکێشا.

وتارەکانی لە میتینگی شارەکانی مەهاباد، سنە، لەنێو کەمپەکانی ئاوارەکان لە عێراق، لەنێو بنکەکانی کادرو پێشمەرگەی حیزبو باسەکانی لە کلاسە دەرسییە سیاسییەکاندا، دارِشتنی راپۆرتی کۆنگرەی حیزبیو... هتد ئێستاش لە گوێی ئەو کەسانەی ئەوکات بەشداری کۆبوونەوەکان بوون، دەزرینگێتەوەو زاربەزار گەیشتۆتە گوێی نەسڵینوێو هەموو دڵسۆزێك کە باوەڕی بە ئاشتیو مافی مرۆڤ هەیە. لە تاڤگەی هەقیقەتدا بەشێکی فرە لەو وتارو بیرو بۆچوونانەی دوکتور قاسملوو بە زەحمەتێکی زۆرەوە کۆ کراونەتەوە، تۆمار کراون، ئێستا لەبەر دەستدا هەن، کەنیشاندەری بیرو بۆچوونو لێزانی ئەو رێبەرەیە.

## بورای دێموکرات بوونیەوە:

دوکتور قاسملوو، سەمبولو کاریزمایەکی دێموکرات بوو، بۆیە تەواوی ئەو تایبەتمەندییانە کە لە "سیمای دێموکرات"دا هاتوون، داهێنەرەکەی بۆخۆی بوو، لەچەند خاڵدا ئەوە بە روونیو بەسادەیی وەسفی دەکا، هەرکەسێك دەیخوێنێتەوە، بەژنو باڵاو دەمی بە پێکەنینو ئاکارو کردارەکانی لە پێش چاو وەدیار دەکەوێ، **لێرەدا چەند خاڵی "سیمای دێموکرات" دەخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز، کە بەردەوام دەری دەخا د.قاسملوو چەندە دێموکرات بووەو ئەوانەی رێبازەکەی درێژە دەدەن، دەبێ ئەو خاڵانە لەبەرچاو بگرن.**

**دێموکرات: بەدژی تەك رەویو بەکەم گرتنی هاورێیانی حیزبی بەگشتیو مرۆڤ بە تایبەتییە.**

دوکتور بەردەوام ئامۆژگاری هاورێیانی حیزبی دەکردکە، رێز بۆ نەزەرو بیرو بۆچوونی هاورێیانی حیزبیو خەڵك دابنێنو لەبڕیارداندا تەنیا نەزەری خۆتان لەبەرچاو نەبێ، تەنیا قەناعەتی یەككەس بۆکاروباری حیزبی مەرج نیە، قەناعەتەکە دەبێ جەمعیو بەکۆمەڵ بێ.

هاورێیانی حیزبی، نابێ ئەندامانی حیزبی بەکەم بگیرێنو دەبێ رێزیان لێ بگرن،

خەڵكی كوردستانی ئێران پشتیوانانی بەتوانای حیزبن‌و دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێ‌و نەزەری ئەوانیش لەبەرچاو بگرن‌و حیزب بە هەموو ڕێبەرو دەم‌و دەزگاو تەشكیلاتیەوە خۆی لە خزمەتی خەڵكدا دابنێ‌و بەگشتی هەر كادرو پ،م‌و ئەندامێكی حیزبی دەبێ خۆی بە خزمەتكاری خەڵك بزانێ.

**دێموكرات لە بەستراوەیی بێزارەو هەر بۆیە پێی‌خۆشە كە حیزبەكەی بەبێ هیچ بەستراوەییەك لە بڕیارداندا بە تەواوی ئازاد بێ‌و سەربەخۆ بێ.**

سەربەخۆ بوونی سیاسی لە ئاست پێوەندییەكانی دەرەكی‌و نێوخۆیی لەگەڵ دۆستان، یەكێك لە تایبەتمەندییە هەرە بەرزەكانی دوكتور بوو، لەو بوارەدا فرە نموونە لەو كردارە بەهێزەی دوكتور قاسملوون، كە زۆریان لەسەر نووسیوە، من ئاماژە بە چەند خاڵ دەكەم؛ سەربەخۆیی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، كە تا ساڵەكانی ١٣٤٥ی هەتاوی حیزبی توودەی ئێران، حدكای بە لقێكی خۆی لە كوردستانی ئێران دەزانی.

سەربەخۆیی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ‌و دۆست، بەتایبەتی پێوەندی سیاسی لەگەڵ حكوومەتی عێراق بۆماوەی نزیك بە سی ساڵ‌و دەركەوتنی ڕاستیەكان دوای نەمانی ڕژێمی "سەدام حوسێن"، یەكێك لە خاڵە بەهێزەكانی حدكایە، كە بناغەكەی ئەو ڕێبەرە داینابوو.

سەربەخۆیی لە هێنانە گۆڕی سوسیالیزمی دێموكراتیك وەك ئامانجی دوارۆژ لەوكاتەدا، كە كەم‌كەس دەیوێرا بەڕاشكاوی ڕەخنە لە یەكیەتی سۆڤیەت بگرێ.

سەربەخۆیی لە دانانی ڕێبازی سیاسی بۆ حیزب‌و لە پێوەندییە دیپلۆماسییەكان‌و هەڵوێست لە بەرانبەر ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی‌و ...هتد لە تایبەتمەندییەكانی سەربەخۆبوونی ئەو ڕێبەرە مەزنە بوون، كە ئێستاش میراتگرانی دێموكرات هەر لەسەر ئەو ڕێبازە درێژە بە خەبات دەدەن.

**دێموكرات ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ نیە، بۆ دۆستایەتیی نێوان گەلانی ئێران ڕێز دادەنێ‌و مافی هەموو گەلانی لا بەڕێزە.**

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لەسەر بناغەی كۆمەڵەی (ژێ، كاف) دامەزراو كۆمەڵە لەسەر ڕێبازێكی ناسیۆنالیستی كوردی بەرنامەی بەڕێوە دەبرد. ئەوە ببووە بە هۆی تەریك مانەوەی لە گۆشەیەكی بەستراوەی جیهان. بە دامەزرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران‌و دانانی پرۆگرامێكی مۆدێرن‌و پێشكەوتوو، ئەو تارمایە وەلاچووو ئێستا حیزبی دێموكرات بە حیزبێكی سیاسی‌و بەرپرس‌و بەباوەڕ بە مافی هەموو گەلانی ئێران‌و كوردستان ناسراوە.

کاریگەری سەرەکی ئەو هەوڵو تێکۆشانە کە ڕێبەری گەورە دوکتور قاسملوو بە درێژایی خەباتی چەندین ساڵە، بەردەوام لەباسەکانیدا، ئاماژەی بە ئاشتیو تەبایی ژیان لەگەڵ گـەلانی ئێرانـی کردووەو دروشمی ستراتیژی حیزبی دێموکراتی لەسەر ئەساسی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە ئێرانێکی دێموکراتیکو ئازادو سەربەخۆ داناوە. یەکێك لە پێشبینییەکانی دوکتور قـاسملوو پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووو دێموکراتیك لە نێو هێزە سیاسییەکانی ئێرانو کوردستاندا بوو، لە وتووێژەکانیدا بەردەوام ئاماژەی بـە ئێرانـی بـوونی خـۆیو ئامانجـەکانی حیـزب کـردووەو نەیشاردۆتەوە.

**دێموکرات پارێزەری مافی زەحمەتکێشانەو بەدژی هەرچەشنە چەوسانەوەیەکی ئادەمیزاد بە دەستی ئادەمیزاد خەبات دەکا.**

لە کردارو هەڵسووکەوتو وتارەکانی ئەو ڕێبەرەدا، بە ڕوونیو ئاشکرا دیار بوو، کـە چـەندە لەمەڕ مافی زەحمەتکێشان پێی دادەگرتو چەوسانەوەی مرۆڤی لەهەر ئاستێکدا بوایە، بە خەتاو گۆناهێکی گەورەی دەزانی، ئەگەر ئەو کەسە دیلـی شـەڕیش بوایـە، مـافی ئادەمیزادییەکـەی نەدەبوو پێشێل بکرێ. بۆ ئەوەشی فەرمووە:

**دێموکرات بەشەردۆستەو بە دۆستایەتی نێوان ئینسانەکان، بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزو مەزهەب، بایەخێکی زۆر دەداو هەرچەشنە ڕەگەزپەرەستیو فاشیزمو مەزنیخوازییەك مەحکووم دەکا.**

سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییانەو دەیان تایبەتمەندیی دیکە کە لـە جەوهـەری وجـوودی دوکتـور قاسملوودا هەبوون، باسەکەم بە ئاماژە پێکردنی ئەو چەند دێڕەی خوارەوە کۆتایی پێدێنم.

دکتور قاسملوو باوەڕی زۆری بە فێربوون هەبوو، هەربۆیەش بەردەوام هانی ئەنـدامانی حیزبـی دەدا بۆ فێربوونی زانستییانە، هەوڵێکی فرەی دا کە ئەو لاوانەی لە شۆڕشدا بەشـدارنو توانـاو ئیستیعدادی فێربوونیان هەیە، لە ئورووپا بورسی زانستگایان بۆ وەرگرێو ڕادەی پتر لە ١٠٠لاوی بەو مەبەستە ناردە ئورووپا، کە بە خۆشیەوە بەشێکی باش خۆیـان پـێ گەیانـدووو ئێـستا لـە خزمەت حیزبدان.

دوکتور قاسملوو بۆ خۆشی قەت کاتی خۆی بە فیڕۆ نەدەدا، بە هۆی تامەزرۆیی بۆ فێربـوون و زانین، بەردەوام گوێی لە ڕادیۆکان دەگرتو هەمیشە خەبەری دەستە یەکـەمی پێبـوو، مـن لـە

فێرگەی سیاسی نیزامی بووم‌و چەندین جار، کە بۆ دەرس گوتنەوە بۆ کادرو پ-م کان تەشریفی دەهێنا لە خزمەتی دابووم. زۆر جاران لەسەر ئۆسووڵ‌و نەزم‌و مۆدیرییەتی نیزامی، مەتڵەبی لێ وەردەگرتم‌و دەیخوێندنەوەو نەزەری لەسەر دەدان‌و پێی باش بوون. سەرەڕای هەمووی ئەوانە، دوکتور قاسملوو زۆر بە حەوسەلەو لەسەرخۆیی گوێی بۆنەزەرو داخوازییەکانی بەرانبەری دەگرت. پاش کۆتایی قسەکان، زۆر بە هێمنانە دەیفەرموو ئەو شتانەی باسیان دەکەی، بیان‌نووسەو بینێرن بۆ دەفتەری سیاسی‌و چەندەی جێبەجێ کران، ئاگادارت دەکەینەوە.

# دوکتور قاسملوو، یاوەنی بالآیۆنی گەلمانە



**لوقمان میهفەر**

ئەگەر بمانهەوێ لەسەر تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی بەرزی دوکتور عەبدولڕحمان قاسملوو بنووسین بێگومان بە وتارێك لەژێر باری ئەو باسە نایێنەدەر، بەڵکوو دەبێ لەلایەنی زانستییەوە چەندین تێزی ماستەرو دوکتورای لەسەر بنووسرێ. کە لەلایەك وەك گەنجینەیەکی بەنرخ بۆ نەوەی ئێستا و داهاتوو پێشکەش بە کتێبخانەی مێژووی کوردی بکرێ‌و لە لایەکی دیکەشەوە ڕێزدانان و مافدانێکی واقیعی بێ بۆ مەزنایەتی کەسایەتی ئەو ڕێبەرە نەتەوەییە، بەڵام ئەوەی من دەینووسم خوێندنەوەیەکە بۆ دڵۆپێك لە دەریای دەوڵەمەندی هزرو ئەندێشەو ڕەوشتی بەرزی قاسملوو.

خوێنەرانی ئازیز! دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو خەباتگێڕێکی ناسراو، سەرکردەیەکی بە تواناو لێهاتووی قۆناغی سەختی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد بوو، بۆیە لەدەستدانی ئەو ڕێبەرە مەزنە نەك تەنیا زیانێکی زۆری گەیاندە بزووتنەوەی گەلی کورد، بەڵکوو زیان و کەلێنێکی گەورەی خستە ناو جووڵانەوەی ئازادیخوازانە لە سەرانسەری ئێران. چونکە "قاسملوو" جیا لەوەی کەسایەتییەکی کوردستانی و ئێرانی بوو، کەسایەتییەکی جیهانیش بوو. بۆیە نەمانی داخو کەسەری خستەسەر دڵی هەموو کوردێك‌و دۆستان‌و دڵسۆزانی خەباتی نەتەوەکەمان لە ئێران‌و جیهاندا، ئەو وتەیە بۆ حیزبەکەشمان ڕاستەو ئەمڕۆ دەبینین کە جێی "قاسملوو" لە نێو ریزەکانی حیزبدا بەتاڵە. هەر لە بەر ئەوە ئەرکی سەرشانمانە کە لێبڕاوانە و شێلگیرانە ڕێگای ئەو درێژە پێبدەین و نەهێڵین ئاڵاکەی لە شەکانەوە بکەوێ.

با بزانین قاسملوو چۆن بوو بە ڕێبەرێکی گەورەی بزووتنەوەی کورد و رزگاری دەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؟ ئێمەی قوتابی و درێژەدەری ڕێگاکەی، دەبێ ئەمڕۆ چۆن ئەو دەرسەی لێ فێر بین و ببینە میراتگرێکی ڕاستەقینەی ڕێبازەکەی؟ ئەو چۆن دەستی لە ژیانی ئورووپایی هەڵگرت و گەڕایەوە لە تاراوگە(ئێراق)دا ئەندامە پرش‌و بڵاوەکانی حیزبی لە دەوری یەك کۆکردەوە و ریزەکانی حیزبی یەکخستەوە، هەروەها بە دووبارە داڕشتنەوەو چاکسازی توانی حیزب بکاتە حیزبێکی مۆدێرن و خاوەن بەرنامەیەکی روونی پێشکەوتوانەی گونجاو لەگەڵ سەردەم‌و دامەزراندنەوەی لەسەر ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، بە مانایەکی دیکە حیزبی زیندوو کردەوەو خستیە سەرپێ‌و هێنایەوە نێو جەرگەی خەبات‌و تێکۆشان.

ئەو تێکۆشان‌و زەحمەتە دەرەتانی کاری زیاترو پێشکەوتن‌و سەرکەوتنی زیاتری بۆ خودی دوکتور قاسملوو و لەڕێگای ئەویشەوە بۆ حیزبەکەی بەدەست هێنا. چونکە ئەو بە مانای

ڕاستەقینەی وشە شۆڕشگێڕ بوو، کەسێك بوو کە دەیهەویست ئاڵوگۆڕێکی قووڵو بنەڕەتی لە ڕاستای باشترکردندا لە هەر بوارێكو ڕەهەندێکەوە کە کەموکوڕیو ناتەبایی تێدا بەدیدەکرا، پێك بێنێ. ئەوەش پێویستی بە هەڵوێستێکی بوێرانە بوو کە ئەو وەك ڕێبەرێك لە قۆناغە ئاستەمەکاندا توانی بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی واقێعبینانە هەڵوێستی ژیرانە بگرێ و بڕیاری خۆی بدا. ئەو لەدوو قۆناغی زۆر ئاڵۆزو هەستیارو لێك جیاوازدا بە دانی بڕیاری شۆڕشگێڕانە حیزبی دێموکراتی لە بەستراوەیی ڕزگار کردو خستیەوە سەر ڕێبازی ڕەسەنی خۆی. ئەو هەڵوێستە ئازایەتیو لەخۆبوردوویی دەویست کە ئەوەش هەر لە دوکتور قاسملوو دەوەشایەوە.

دوکتور قاسملوو لە مەیدانی پراکتیكو کردەوەشدا ڕێبەرێکی پێشەنگو لە کاتی پێویستدا لە سەنگەری پێشەوەدا بوو. دەبینین لەگەڵ هاتنە پێشەوەی گۆڕانە سیاسییەکانی ئێران لە پاییزی ١٣٥٧ی هەتاویو ئەگەری ڕوخانی ڕێژیمی شاو سەرهەڵدانی شۆڕشێکی گەورەی گەلانی ئێران هەیە، د.قاسملوو لە ١٥/ ٩/ ١٩٧٨ی زایینی پاریس بەجێدەهێڵێو بەرەو بەغدا دەگەڕێتەوەو هەوڵ بۆ چارەسەر کردنی کێشەو گرفتە سیاسییەکانی کورد دەدا، پاشان لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ دا بە ماوەی کەمتر لە سێ مانگ پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، بە نهێنی دێتە ناوچەی پشدەرو لەڕێگەی "سونێ"وە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئێرانو خۆی دەگەیەنێتە شاری مەهاباد. لە مەهابادیشدا بە نهێنیو ئاشکرا دەست دەکا بە ئەنجامدانی کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسییو وشیار کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بۆ ئەوەی لە ڕووخانی ڕێژیمی محەمەدڕەزا شا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. گەڕانەوەی د. قاسملوو بۆ کوردستان وەك ڕێبەرێك گڕوتینێکی نوێ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دەبەخشێ و حیزبی دێموکرات لە مەهابادو کوردستان بە گشتی دەبوژێنێتەوە.

د.قاسملوو ڕێبەرێکی دوور ئەندیشو خاوەن ستراتیژیو لە هەمان کاتیشدا دەرکی زەمەنی دەکرد، بۆیە کاتی بە فیڕۆ نەدەدا، سەرنجو تێبینیو بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە پرسە هەنووکەییەکان بەتایبەت پرسی کورد بە ڕاشکاوانە دەردەبڕی. ئەو هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە کۆبونەوەیەکدا وتی: "ئەمڕۆ هەموو پێگەکانی زۆرداری و کۆنەپەرستی لە ئێران تێك شکاون، بەڵام دڵنیاین کە لە شوێنێکی دیکەوە سەر لەنوێ هێرش دەست پێنەکاتەوە بەبێ ئەوەی مافی کورد بدرێ. بەدەستهێنانی دێموکراسی واقیعی بەبێ دانی

مافی کورد لە ئێران دا ئیمکانی نیە". بۆیە داوای لە خومەینی کرد کە رێنوێنی پێویست بدا بە دەوڵەتی کاتی کە لە ویستو داخوازییەکانی گەلی کورد پارێزگاری بکا و دەبێت دەوڵەتی بازرگانیش لەو بارەوە هەڵوێستی خۆی روون بکاتەوە، لە مەجلیسی دامەزرێنەرانی داهاتووی ئێراندا دەبێ نوێنەرانی واقیعی گەلی کورد بەشداربن. هەموو هەوڵی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە کورد بتوانێ لە تریبۆنێك کە لە لووتکەی دەسەڵاتدایە قسەی خۆی بکا. لە بڕیاردانو ئیدارەکردنی چارەنووسی نەتەوەکەیدا بەشدار بێ.

دوکتور قاسملوو روناکبیرێکی کورد، کەسایەتییەکی خاوەن تیۆریو قەڵەم، سیاسەتڤانێکی ئازادیخواز بوو کە لە پێناو مافی نەتەوەی خۆیو ئاشتی دا خەباتی دەکرد. هەمیشە بە گوێرەی پێویست لە خەباتی هەموو نوختەکانی دیکەی جیهان لە پێناو مەسەلە جۆراوجۆرەکاندا ئاگادار بوو، بۆ ئەوەی لە دارشتنو لێك گرێدانی پلان بۆ بردنە پێشی ستراتیژیو ئامانجەکانی حیزبو نەتەوەکەی کەڵك لە خاڵە بە هێزەکانیان وەربگرێت. ئەو داهێنەری سوسیالیزمی دێموکراتیکە، بەگوێرەی وتەو بۆچوونی بەشێك لە بیرمەندانی گەورەو شارەزا، دوکتور قاسملوو لە بیرکردنەوەدا زیاتر لە بیست (٢٠) ساڵ پێش نەتەوەکەی کەوتبوو.

ئەمەش دوای هەرەسهێنانی بلۆکی سوسیالیستیو لە بەریەك هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت دەرکەوت کە ئەو سەرکردەیە چەندە وردبینو دووربین بووە لە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسی رۆژهەڵاتی ناڤینو جیهان.

دوکتور قاسملوو قوتابخانەیەك بوو بۆ مرۆڤایەتیو ئاشتی خوازی، ئەو گۆرانکاریانەی کە هێنایە نێو حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستان زۆر کاریگەر بوو، چونکە پێوەندییەکانی لەسەر بنەمای سیاسیو ئەخلاقی بنیات دەنا. لەسەر یەکیەتی نەتەوەیی زۆرجار ئاماژەی بەوە دەدا کە ئارەزوو لەگەڵ واقعییەت دوو شتی لێك جیاوازن. "کورد مافی خۆیەتی داوای سەربەخۆی بکا، بەڵام هەلومەرجی نێونەتەوەییو هەڵکەوتی کوردستان دەرەتانی ئەوەمان پێنادا، ئەگینا ئەوە ئاواتی هەموو کوردێکە، ئەگەر رۆژێك کورد لە هەموو پارچەکان لە شێوەی خودموختاری یا فیدراڵ دا بە مافو ئازادییەکانی بگا، ئەگەر لە دوارۆژیشدا لەسەر ویستی خۆیان یەك بگرنەوە ئەوە جیابونەوە نیە بەڵکو یەکگرتنەوەی کوردستانە". ئەو بە بەرچاو روونییەوە رێگەی تێکۆشانی دەگرتە بەر. سەبارەت بە رێکخراوە

سیاسییەکانی دیکە دەیگووت:"هەر کەس و لایەنێك دوژمنایەتی ئێمە نەکا ئێمە بە دۆستی خۆمانی دادەنێین. ئێمە ڕەخنەکانیان قبوولْ دەکەین و بە نیەتپاکی وەردەگرین ئەگەر لە پێناوی یەکیەتیی نەتەوەیی و بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی گەلدا بێ. لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا پاوانخواز نین. دێموکراتین و ڕێز بۆ ماف و ئازادیەکانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان دادەنێین".

دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی بەهیمەتو گەشبین بە سەرکەوتنی شۆڕشو چارەسەرکردنی پرسی کورد بوو، ئەو بە تێڕوانینێکی زانستییانەوە دەیڕوانییە پرسی کوردو دەیگوت: ڕۆژبەرۆژ مەسەلەی کورد باشتر لە دەرەوە دەناسرێ، بۆیە ئەوەندەش زیاتر سەرنج و پشتیوانی گەلانی ئورووپاو بیروڕای گشتی بۆ لای جوولانەوەی کورد رادەکێشرێ. بەڵام نەهامەتی نەتەوەی کورد ئەوەیە یا تووشی بەڵای گەورە دەبێ وەك ئەنفالو کیمیاباران یا سەرکردەکانی شەهید دەکرێن جا ئەوکات باسی لێوە دەکرێ. بەشەهیدکرانی قاسملووش دیتمان کە مەرگی ئەو ڕێبەرە دەبێتە پێناسە بۆ ناسینی کوردو هاودەردیو هاوخەمی بیروڕای گشتی لەگەڵ نەتەوەکەی.

دوکتور قاسملوو دیپلۆماتێکی زمانزانو بە تواناو ڕێبەرێکی خەڵکیو خاکی بوو، دەیتوانی لەگەڵ هەر کەس قسە بکاو هەمیشە شتی تازەی پێبوو، ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەزموونی لەڕادەبەدەری. ئەوەش ئەو ڕاستییەیە کە نەك هەر ئێمەی کورد بەڵکوو بیانییەکانیش دانی پێدادەنێن. "کریس کۆچێرا" دەڵێ: "قاسملوو زۆر کاری تێکردم بۆ ئەوەی لەسەر کورد بزانمو مێژووەکەی بنووسمەوە کە ئەمڕۆ ئەو کتێبانەی لەسەر مێژوو و خەباتی کوردم نووسیبوون بوون بە گەنجینەیەکی بە نرخو یادگارییەکی پڕبەها، ئەمەش بە ئاکامی هەوڵو هاندانی قاسملوو دەزانم".

"یاسر عەرەفات" سەرۆکی کۆچکردووی ڕێکخراوی ئازادیخوازیی فەلەستینی وتی: "کەم وایە گریانم هاتبێ بەڵام کاتێك هەواڵی شەهید بوونی قاسملووم بیست بە خۆم نەبوو گریام". کەوابوو ئەو سەرکردە دەبێ چەندە شوێندانەر بووبێ لەسەر تاکەکانی نەتەوەکەی؟

دوکتور قاسملوو خاوەنی بیرێکی نوێ بوو، بۆیە لەنێو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورددا ڕۆڵی گرینگو بەرچاوی بینیوەو لە رووی تیۆریو مەیدانییەوە بە کردەوە لە دژی لێك گرێدانی چارەنووسی بزووتنەوە لەگەڵ چارەنووسی ڕێبەرێك، کەسایەتییەك، یان بنەماڵەو عەشیرەتێك ڕاوەستاو کاری بە کۆمەڵو ڕێبەرایەتی بە کۆمەڵی هێنایە نێو کولتووری بزووتنەوەی

رزگاریخوازیی کورد، که به هەموو توانایەوە لە دژی گەورەکردنەوەی ڕۆڵی کەسایەتیو بۆچوونی عەشیرەتیو دواکەوتوانە راوەستاو، بەوپەڕی لێزانییەوە بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی تەشکیلات لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورددا خەباتی کردو، لەنێو تەشکیلاتیشدا دژی هەموو سەرەڕۆییو تەك رەوییەك راوەستاو، هەمووی ئەوانەی لە حیزبی ئێمەدا نیهادینە کرد، بۆیە لادان لەو ئەسلانە ترازانە لە ڕێبازی قاسملوو.

دوکتور قاسملوو، ئۆگرو ئەویندارى کتێب بوو، خوێندنەوە بەشێك بوو لە ژیانی ڕۆژانەی، هەر ئەوەش وای کردبوو کە بەسەر رەوتی بوارەکانی زانستو زانیارییدا شارەزای هەبێ، ئەو لە ئابووریدا پلەی دوکتورای هەبوو، بە ئابووریزانێکی پسپۆڕ ناوبانگی دەرکردبوو، جیا لەوەش حەزی لە مێژوو و ئەدەبیات بوو، بە تایبەتی لە بواری شێعرییەوە شارەزایی لە شێعری شاعیرانی کورد، فارسو عەرەب هەبوو، شاعیر گوتەنی "قاسملوو هەمیشە وەك گوڵە گەنمی پڕ دەچەمییەوە". گوڵە گەنمە پوچەڵەکان لە خۆیان را نەدەدی خۆ لەقەرەی بدەن. بۆیە ئەو لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە بیروباوەڕ، ئاگایی سیاسی، پرەستیژو دیسیپلین بنەمای سەرەکین بۆ هەر شۆرشگێڕێك کە بیهەوێ لە پێناوی مافو ئازادییەکانی نەتەوەکەیدا خەبات بکا.

دوکتور قاسملوو، لە دۆستایەتیدا گەرمو گوڕ بوو، لەگەڵ دۆستانی دا بێگەردو بێ فیز بوو، هەمیشە هەوڵی دەدا بارودۆخی شیاو بۆ هاوکارو هاوڕێیانی حیزبی بڕەخسێنێ تا بە ئارامی بیر لە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە ژیانو چارەنووسی حیزبو نەتەوەو نیشتمانیان بکەنەوە، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب بە پێی پێڕەوی نێوخۆ دەبێ مافی خۆیان پێبدرێ تا هەست بە کەسایەتی یاساییو ئینسانی خۆیان بکەنو بزانن کە لە حیزبێکی دێموکرات دان کە بەڕاستیو بە کردەوە دەتوانن هەست بە گیانی برایەتیو یەکسانی لەگەڵ یەکتر بکەن. ئینجا بە دڵێکی گەورەوە ئەرکی حیزبیو نەتەوەیی خۆی بەوجۆرە کە لەسەر شانی خەباتگێڕانی راستەقینەیە بەجێبگەیەنێ، تاکو بۆ خۆی ببێ بە هێماو نموونە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەی.

دوکتور قاسملوو ئاواتی ئەوەبوو کە هەموو زاناییو ئەزموونی خۆی وەك ڕۆڵەیەکی بەوەفاو هەڵکەوتووی ئەو ئاوو خاکە لە خزمەت سەربەخۆیی سیاسیو بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی حیزبو نەتەوەکەی دا تەرخان بکا. دەبا بزانین وانەو ئامۆژگاریەکانی ئەو ڕێبەرە ئەمڕۆ چۆن بۆ

ئێمە بوونەتە مۆمێکی داگیرساو تاکو لە بەر رووناکی ئەودا شەوی تاریكو رێگای پڕ کەندو کلۆ بەرەو سەرکەوتن ببڕین.

بۆیە ئەگەر بمانهەوێ هەموو وانەکانی دوکتور قاسملووی نەمر لە یەك وانەدا کورت بکەینەوە، وانەی باوەڕ بوونە بە هێزی خۆمان، هەروەها تێمان دەگەیەنێ کە ئەگەر متمانەو بڕوامان بە خۆمان هەبێ، پشتی یەکتر بگرین، خاوەنی چ تواناو وزەیەکین کە کەم وا هەیە دوژمن بتوانێ بەسەر هێزو ئیرادەی ئێمەدا سەرکەوێ، بە مەرجێك لە خۆبایی نەبین، خۆپەرست نەبین، لە یەکتر نەبین بە خۆرکە، لە بەرپێی یەکتر نەدەین، پشتی یەکتر بگرینو دوژمن بە دەستی کەم نەگرین. بێگومان لە وەها کاتێکدا قەت بێ قاسملوویيمان پێوە دیار نابێ. دەبا ژیانو خەباتی مامۆستاو رێبەری لەدەست چوومان دوکتور قاسملوو بە کردەوە بکەینە سەرمەشقی ژیانو تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەمانو ئیلهامی لێوەرگرین. ئەو کاتەیە کە قاسملوو بە بیرو هزر هەمیشە لە نێومانداپەو روحی گەورەشی وەك مەلی ئازادی لە ئاسمانی شینی کوردستان بەسەر سەرمانەوەیە.

## سەرچاوەکان:


١- چل ساڵ خەبات بەرگی ١و ٢ ن: د.قاسملوو

٢- کوردستانو کورد ن: د.قاسملوو

٣- کورتە باسێك لەسەر سوسیالیزم ن: د.قاسملوو

٤- رۆژنامەکانی کوردستان، ئورگانی کومیتەی ناوەندی حدکا.

٥- عەبدولرەحمان قاسملوو، ژیانو رۆڵی سیاسی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد. ن: هوشمەند عەلی مەحمود شێخانی

٦- مێژووی کورد لە سەدەی نوزدەو بیست ن: کریس کوچیرا

٧- ئیسکورت بەرەو تاران ن: پیتر پلێچ و: حەسەن ئەیوبزادە

٨- (چشم انداز)ی ژمارە ٤.

٩- د.قاسملوو رێبەرێکی مودێڕنو شۆڕشگێڕ، کۆکردنەوەو ئامادە کردنی: کاوە بەهرامی

# سیستمی "کۆمار"ی و ڕژێمی ویلایەتی فەقیهی!



عومەر غوڵامعەلی

خەباتی پڕ لە سەروەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی، دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ و ڕزگاریی نەتەوەیی، بەرەنگار بوونەوەی دەسەڵاتە خۆسەپێنەکانی پاشایەتیو ویلایەتی فەقیهی لە ئێران، کەیەکەمیان وەك سێبەری خودالەسەر زەوی و دووهەمیان وەك نوێنەری خوداو بە دروشمەکانی "خدا، شاه، میهن"و "خدا، امام، امت حزب اللـه"، دەسەڵاتەکانیان پێناسە کردووە، لەمێژە هەودا ئاڵۆزەکانی ڕامانو لێکۆڵینەوە لە هەمبەر پرسە بنەماییەکانی بزووتنەوەی کوردستانی ئێرانی یەکالاّ کردوەتەوە.

ئەوەی پێککگرتنو هەڵسەنگاندن هەڵناگرێ، ئەوبناخەفیکریو ئیدئۆلۆژیانەن کە "کۆماری ئیسلامی"ی لەسەر دامەزراوەو یاسای بنەڕەتیی ئەو دەسەڵاتەی بۆ ڕێکخراوە.

لە شرۆڤەیەکی کورتو هەمبەرنانێکی سانای مەرجەناسراوەکانی دامەزرانی" کۆمار"و دەسەڵاتی حکوومەتە پاوانخوازەکانی "پاشایەتی"و "ویلایەتی فەقیه ی" دا ڕوونو دیارە کەهەم لەشێوەو هەم لە ناوەرۆکیان دا، نالێك، جیاوازو دژبەرن.

شۆڕشی گەلانی ئێران لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی،بە مەبەستی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە بەڕێوەبردنی دەسەلاّت لە سیستمێکی پاوانخوازی بنەماڵییەوە بۆ سیستمێك بوو کە پێکهاتەی ڕەنگاڵەی ئێران، لەچین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگرە تا تانوپۆ ئیتنی و ئایینییەکان، هاوبەشیی خۆیان لە بەڕێوەبەریی وڵاتو کۆمەڵگاکەیاندا هەست پێ بکەن.

ئەو ئاراستەیە(ئەو ڕەوتەی شۆڕش) لە دەستبەسەر داگرتن و بەلارێ دابردنی دا لەلایەن توێژاڵکی تەواوەتخوازی باوەڕمەند بە فەلسەفەی "ویلایەتی فەقیه"ەوەو چەواشەو بەلارێدا براو تێنوگوڕی ئاڵوگۆڕەکان لە ژێر شەختەی "ویلایەتی موتلەقەی فەقیه"دا ڕچانو شاردرانەوە.

سازدانی دۆخی دیزە بە درخۆنەکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە پانتایی وڵاتی ئێران گەرچی لە دەرەتانی ئەم باسە کورتەبەرە دانییە، بەلاّم، لە کوردستان، وشیاریی نەتەوەییو ئاستی بەرزی ئاگایی سیاسیی کۆمەڵانی خەڵكو وریایی ڕێبەریی بزووتنەوە، هەڵوێست، دژکردەوە، بەرەنگاری، بەرپەرچدانەوەی ئازایانەو شۆڕشگێرانەی بەدواداهات، کە وەك گەوهەری درەوشاوەی تاجی سەروەریی گەلێك بە ڕابردووی خەباتی خەڵکی کوردستان دا دەدرەوشێتەوە.

**"ئێمە نامانهەوێ بچینە ژێر باری زۆرە ملێی ئاخووندەکانەوە" د.قاسملوو**

شرۆڤە و تیۆریزە کردنی خەبات وتێکۆشان بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی شۆڕش لەکوردستان، لەم راگەیاندنەوە دئافرێ ودێتە گۆ.

شەهید دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەربڕی هێڵە گشتی یەکانی سیاسەتی حیزب و بنەما فکرییەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێبەری کردنی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کوردستانی ئێران لە تیۆریزەکردنی خەباتو بەرەنگاری دا، ئازایانە رەخنە لە "یاسای بنەڕەتی"ی ڕێژیم دەگرێ، یاسایەك کە خەڵکی کوردستان بە هیچ شێوەیەك لە داڕشتنو پەسند کردنی ئەو یاسایەدا کە پێوەندیی بە چارەنووسی هاوبەشی هەموو تاکەکانی وڵات وستراکچێری ئیتنیو ئایینیی وڵاتی فرە نەتەوەی ئێرانەوە هەیە، بەشدار نەبوون و بی بەش کران. لەم باسەدا ئاماژەیەکی کورت بە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتارێکی شەهید دوکتور قاسملوو دا دەکەین کە سرنج دانێکە لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و نەخشی کۆمەڵانی خەڵك لەو ڕێژیمەدا.

شەهید دوکتور قاسملوو لەو ئاماژەیەدا چەند بەندی لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیو هەروەهاچەند بڕگەیەك لە نووسراوەکانی خومەینیی وەك نموونە دەستنیشان دەکاو روانگەی حیزبەکەی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" بەیان دەکا.

لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی دا هاتووە کە "شێوەی دەسەڵاتداری لە ڕوانگەی ئیسلامەوە لە سەرووی چین و تاك و گرووپەکانەوە دادەنێ" و ڕادەگەیەنێ کە حکوومەت ئەنجامی گۆڕانی بیروبڕواو شکڵ و قەوارەی نەتەوەیەکی هاومەزهەب و هاو بیرە کە لە ڕەوتی خۆی دا بۆ گەیشتن بە ئامانجی دوایی (ڕۆیشتن بەرەو خودا) ڕێگای خۆی دەکاتەوە".

ئەو بۆچوونە ئەو بڕوایە دەخاتە مێشکەوە کە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ هەموو دەسکەوتە کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەکان کە بە درێژایی سەدان ساڵ پێك هاتوون، ژیاونو گەشەیان کردووە، ڕامالدرێنو وەلانرێن وتەنیا ئەو بەشەی ڕابگیرێ کە یارمەتی بە وەدیهاتنو جێگیر بوونی بیرو باوەڕی ئەوان بکا. بە واتایەکی دیکە قانوونەکانی گەشەکردنو پێگەیشتنی کۆمەڵو ....وەبەرچاو ناگیرێنو تووڕهەڵدەدرێن.

له ئەسڵی یەکەمی یاسای بنەڕەتی‌دا هاتووه کە، حکوومەتی ئێران کۆماری ئیسلامی‌یـە کـە نەتەوەی ئێران بە پێی ئەو باوەڕە لە مێژینەیەی کە بە حکوومەتی حەق‌و عەدڵی قورئان هەیەتی لە شۆڕشی خۆی‌دا بە رێبەریی "آیت الله العظمی امام خمینی" لە هەمووپرسی دا دەنگی پـێ دراوە. بەپێی ئەسڵی ئیمامەت کە لەمەزهەبی شیعەدا یەکێك لە ڕوکنەکانی دین‌و بناخـەکانی ئیسلامەو هەموو تاقمەکانی "ئیمامیە" لەوەدا یەکدەنگن: ئیمامەت لەو سەڵاحیەتە گشتی‌یانە نیە کە بدرێتە دەست نەزەری ئومەت، ئەم مەقامە یەکێك لە ڕوکـن‌و پایـەکانی ئیـسلامەو بـۆ "پێغەمبەر"ە، کەمتەرخەمی لە بارەی‌دا ڕەوا نییەو ناشکرێ پێشکەشی ئومەتی بکا، هـەروەها ئیمامیە لەو باوەڕەدان کە ئیمامەت لە عەلی‌یەوە بۆ منداڵانی (نەوەکانی )ئەو بەجێ ماوە و وەك میراتگر، یەك لەدوای یەك دەبنەئیمام. بەو پێیەو بە وەبەرچاوگرتنی ئەسڵەکانی باوەڕی ئیمامیە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی  ناکرێ بە جێگیرکردنی دەسەڵاتی ئیمام بناسـرێ، بـەڵکوو ئـەم حکوومەتەش (کۆماری ئیسلامی) هەر درێژەی ئەودەسەڵاتەیە کە بە درێژایی یازدە سـەدە کـە لەغەیبەتی ئیمام تێدەپەڕێ لە لایەن زاناکانی شیعەوە هێرشی کراوەتەسەر، تانەی لێـدراوەو بـە حکوومەتی زوڵم ناسراوە و بەڕێوەبەرانی  بە داگیرکەر و بەکرێگیراوانیان بە کرێگرتەی زاڵمان ناو براون.

لەم رژێمەدا، هێنانی وشەی کۆمار هەر وەك ناتوانێ ویست‌و مەفهوومی ئیمامەت‌و لایەنگرانی ئیمامیەی تێدابێ، لەگـەڵ مـەفهوومی ناسـراوی حقـووقیش دا یـەك ناگرێتـەوە. کۆمـار، لـە مەفهوومی حقووقی ئەساسی‌دا بەو حکوومەتە دەگوترێ کە سەرۆکەکەی لـە لایـەن خەڵکـەوەو بەشێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بۆ ماوەیەکی کاتی و دیاری کراو کـە نـاکرێ ببێتـە مـیرات هەڵدەبژێردرێ. کە دیارە ئەم سیستمە لە گەڵ دیکتاتۆریی ڕوون و ئاشکرای ویلایەتی فەقیهدا کە بۆ خۆی دەسەڵاتی خۆی بە قانوون و حوکمەکانی ئیسلامەوە دەبەستێتەوەو هەر بۆ خۆشیەتی کە حوکم و قانوونەکانی ئیسلام لێك دەداتەوەو مانایان بۆ دادەنێ ناتەبایی‌یەکی ئاشکرای هەیە .

لە رێژیمی ویلایەتی فەقیهی دا دەسەڵاتی وەلیی فەقیه لێکدەرەوەی وتەکانی خودایە کە دیارە بە مەیل و قازانجی خۆی لێکیان دەداتەوە.

به بڕوای خومەینی، جیاوازیی بناخەیی حکوومــەتی ئیــسلامی لــە گــەڵ حکوومەتــەکانی مەشرووتەی سەڵتەنەتی و کۆمار لەوە دایە کە لەو جۆرە ڕێژیمانەدا نوێنەرانی دەست دەکەن بە قانوون دانان، لە حاڵێکدا لە ئیسلام دا هێزی قانوون دانــان و ئیختیــاری لێکدانــەوەی قــانوون تایبەت بە خودای بەرز وبێ هاوتایە .

ئەسلی دووهەمی قانوونی ئەساسی دیاریی دەکا کە: بە ڕێوەبەرانی کۆماری ئیــسلامی تــەنیا وتەنیا لەبەرامبەر خودا دا بەرپرسیارن.کە دیارە ئەو بەرپرسیارەتییە تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ وەلیی فەقیه. خومەینی هەروەك لە کتێبی ویلایــەتی فــەقیهی خــۆیدا دەڵــێ: "لــە بــەر ئــەوەی کــە حکوومەتی ئیسلام بۆخۆی پێناسی قانوونە، بەرێوەبەرانی ئەو حکوومەتە دەبێ دین ناسان واتە فەقیهەکان بن". بەم شێوەیە لەم نیزامەدا دەنگی کۆمەڵانی خەڵك وزۆربــەی خــەڵك(ئۆممــەت) تەنیا ئەو کاتە ڕێزی لێ دەگیرێ وشوێنەوار دادەنێ کە دین ناسان بە ناوی نوێنەر هەڵبــژێرێ و و لەمەجلیسێكدا دایاننێ کە تەنیا کاریان لێکدانەوەو شیکردنەوەی ڕێنوێنی یەکانی وەلیی فەقیه بێ، هیچ ئەرکێکی نەبێ‌و بۆ ئەمری وەلیی کە ئەمری خودایە تەسلیم وگوێ لە مست بێ.

ڕوونو ئاشکرایە کە سیستمێکی لەو جۆرە لەگەڵ ئەوەی لە دونیاداو بە تایبەتی لــە وڵاتــانی پێشکەوتوودا بە ناوی کۆمار ناسراوە جیاوازییەکی زۆری هەیە.

خومەینی لە کتێبی ویلایەتی فەقیهدا دەڵێ: ئامانجی لایەنگرانی حکوومەتی فەقیهەکان جێ بەجێ کردنی عەداڵەتی ئیسلامی و بەڕێوەبردنی قانوونە. کە وابوو ئەمە ڕوونە کە لەم نیزامەدا جێگایەك بۆ سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوی خەڵك و نوێنەری گەل وهەڵبژاردن و دەوڵەتو کابینەو بەرنامەکانی ئابووری ڕێفاهیو هتد بەوجۆرەی کە لە دامەزراوە حکوومەتییە باوەکاندا هەیــە، نامێنێ‌و نیە چونکە قانوونی ویلایەتی فەقیهی زۆر ڕوونو ئاشکرایەو هیچ شتێك نــەماوە کــە شی‌نەکرابێتەوەو لێك نەدرابێتەوە، تەنیا دەمێنێتەوە بەڕێوەبردنی قانوون کە ئــەویش بــە هــۆی رووحانی یەکانو دین‌ناسانی دەستچن کراوی وەلیی فەقیهەوە ئەنجام دەدرێ.

گونجاندنی بیرکردنەوەیەکی ئەوتۆ لە نێو چوارچێوەی نیزامە ناسراوەکان دا خەلك هەڵخەلەتێنەر و پێشیلکردنی جاری گەردوونیی مافی مرۆڤە .

بەم پێیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی نەلەگەڵ میعیارە شەرعییەکان دەگونجێ‌و نە لەگەڵ پێوانە عورفی یەکان یەك دەگرێتەوە. رێژیمێکی بە تەواوی نامۆ بە جیهانی ئەورۆیی‌و پێویستییەکانییەوە، نامۆ بە ژیانی ئەورۆیی‌و ویستییەکانییەوە.

بەرەنگاربووونەوەی بیرو بۆچوونێکی ئەوتۆ تا بە چۆك داهێنانی، ئەرکی ئینسانی و شۆڕشگێڕانەی سەرشانی هەمووتاکە وریاو وشیارەکانی کۆمەڵگای جیهانی بەگشتی‌و کۆمەڵانی دیلی رێژیمی ڕووناکی کوژ وشەوەزەنگ ئاسای حکوومەتی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ لە ئێرانە.

بە باوەڕ بە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و ویستو داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵك و وەدیهاتنی ئامانجە ڕاستەقینەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران کە ئازادی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ و دابین بوونی مافی چارەنووس بۆ نەتەوەکانی ئێرانە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشەنگی خەبات و بەرخۆدانە.

**سەرچاوە:**

دوکتور قاسملوو، وتار،" کۆمەڵگای نموونەی ویلایەتی فەقیهی" رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ۱۰۰،۹۸،۹۷، ساڵی ۱۳٦۳ی هەتاوی.

# ئەخلاق لە سیاسەتدا، لە روانگەی د. قاسملووەوە



**هوشیار ئەحمەدی**

**< نابێ لە بیرمان بچێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەیە، ئەویش هەر ئەو سیاسەتە سەربەخۆیەیە کە گرتوویەتە پێش. یەکێك لە ڕەمزەکانی سەرکەوتنی ئێمە هەتا ئێستا، هەر ئەم سیاسەتە سەربەخۆیە بوە. >**
**"د. قاسملوو"**

ئەخلاق[1]، حاڵەتی ئەخلاقی (woral- morality) پێوەندی لەگەڵ چەشنی کردەوەی مرۆڤـدا هەیەو ئەوەیکە مرۆڤەکان "دەبێ" بەڕێوەی ببەن یـان"دەبـێ" لـە بـەڕێوەبردنی خـۆ بپـارێزن دەستنیشان دەکات. ئەخلاق لێرەدا ڕۆڵ دەگێڕێ، دەستنیـشانی دەکـات کـە بۆچـی مرۆڤـەکان ئەوەیکە راستە دەبێ بەڕێوەی ببەنو لە بەڕێوەبردنی ئەوەیکە هەڵەیە خۆ بپارێزن؟ و بەگـشتی ئەخلاق یاساو ڕێساو پرەنسیبگەلێك دادەڕێژێ کە چۆنیەتی هەڵسووکەوتو کردەوەو دژکردەوەی مرۆڤەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا دەستنیشان دەکاتو چاکەو خراپەی هەڵسووکەوتی مرۆڤەکان هەڵدەسەنگێنێ.

زۆرێك لە نەتەوەو گەلانی جیهان لـە گـەورەتر کردنـەوەی ڕێبـەرانو کەسـایەتیو بیرمەنـدە نەتەوەییەکانیاندا ڕۆڵێکی ئێجگار زۆریان گێڕاوە، بەم چەشنەش لانیکەمی ئەرکی خۆیان بەجێ گەیاندوە. بەڵام زۆرێك لە نەتەوەکانی دیکەش هەن کە جودا لەوەیکە نەیانتوانیوە ئەرکی خۆیان بەرامبەر بە ڕێبەرانیان بەجێ بگەیەنن. بەڵکوو نەیانتوانیوە ڕێبەرانیان وەك خۆ بناسنو وانەو تیۆرییەکانیان ببەنە مەیدانی کردەوەوە. بۆ وێنە ڕێبەری مەزنی نەتەوەی ئێمە د. قاسملوو یـان هەمان پەیغەمبەری ناسراوی ئاشتی، یەك لەو ڕێبەرانەیە کە هەنووکـەش وەك خـۆی لـە نێـو نەتەوەکەیدا نەناسراوە، بۆیە زۆر کەس ڕۆژانێـك دەچـنە سـەنگەری دژایەتییـەوە لێـیو پـاش وەرچەرخانێکی "ماکیاڤلیانە" بە تەواوی هەڵوێستەکانی پێشوویان ڕەت دەکەنەوە.

ئەوەیکە زۆرتر تەوەری باسەکەی ئێمەیە ئەخلاقە لە سیاسـەتدا لـە ڕوانگـەی د.قـاسملووەوە. یەکێك لەو کەسە کەم وێنانەی کە هەم لە ئاستی تیۆریكداو هەم لە مەیدانی کردەوەدا بە باوەڕی قووڵەوە بۆ گەشەپێدانو پەرەپێدانی ئەو ڕێبازە تێکۆشاوە[2]. زۆرجار لە پێوەندی لەگەڵ ئەخلاقو سیاسەتدا هەڵەگەلێك ڕوو دەدات، واتە نابێ ئەخلاقی سیاسیو ئەخلاق لە سیاسەتماندا لێ تێك بچێ. ئەو دوو چەمکە دوو چەمکی بە تەواوی جیاوازن. کاتێك ئێژن ئـەخلاقی سیاسـی، واتـە ئەخلاقمان کردوەتە پێڕەوو ژێر باندۆری سیاسەت. بـەڵام ئـەخلاق لـە سیاسـەتدا، کاریگـەریی

ئەخلاق لە سیاسەتدا پێشان دەدا. واتە لێرەدا ئەوە سیاسەتە کە کاریگەریی لە ئەخلاق وەردەگرێ.

بە تێرامان لەو رەوتە سیاسییەی کە د.قاسملوو گرتییەبەر، بەو ئاکامە دەگەین کە د.قاسملوو لەو کەم وێنە کەسانە بوو کە توانی کاریگەریی لەسەر سیاسەتی هاوچەرخی خۆی دابنێ. ئەو کاریگەرییە، کردنی ئەخلاق بە تەوەری سەرەکی سیاسەت بوو. ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین ئەو راستییەی کە د. قاسملووی کرد بە کەسایەتییەکی سیاسی ناودارو ئاشتیخوازێکی مەزنی جیهانی، هەر ئەو خاڵە بەهێزو بەرچاوە، واتە ئەخلاقگەرا بوونی ئەو رێبەرە بوو.

د. قاسملوو هەر لەو کاتەدا کە ئێژێ[٣]" رۆمای واقیعی بزووتنەوەی ئێمە لەگەڵ داب‌و نەریتی گەلەکەمان یەك دەگرێتەوە، رۆمایەکی دێموکراتی‌و ئینسانیە" هەر لە هەمان کاتیشدا بەڵگەی بۆ ئەو ئیدیعایەی هەیە، واتە رێبەری ئەو بزووتنەوە بوو کە بانگەوازی مەحکوم کردنی بە بارمەتە گرتنی باڵوێزخانەی ئامریکای لە تاران لە لایەن خوێندکارانی خەتی ئیمامەوە هەڵدا واتە بەو چەشنە ئەو راستییەمان بۆ روونتر دەبێتەوە کە د. قاسملوو لە رێبەری کردنەکەیدا، ئەخلاقی لە تیۆری و پراکتیکی سیاسەتەکانی حیزبەکەیدا پەیڕۆ کردوە.

د.قاسملوو سیاسەتی بەبێ ئەخلاق قبوڵ نەبوو، لە راستیدا پێی وابوو کە سیاسەت بە ئەخلاقەوە پاڵپشتی دەبێ‌و سەرکەوتن وەدەست دێنێ. هەر بۆیە ئێژێ" [٤]پ.ك.ك دەبێ تێبگا کە ناکرێ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی پیرۆز رێگای ناڕەوا هەڵبژێرێ". لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەتی ناڕەوای، بەرپرسانە رەت دەکردەوەو وەها سیاسەتێکی بە سیاسەتێکی دژە ئەخلاقی دەزانی. د. قاسملوو پێی وابوو بوونی ئەخلاق لە سیاسەتدا متمانە ساز دەکا، بەڵام ناتوانێ ببێتە هۆی دڵنیایی. بە باوەڕی ئەو ئەخلاق خاڵێکی گرینگ بۆ متمانە کردنەو متمانە کردنیش کۆڵەکەیەکی بنچینەیی بۆ پێکەوە هاوکاریی کردنە. لێرەدا بەو ئاکامە دەگەین کە گەر متمانە نەبێ رۆحی هاوکاری کردن پێك نایەو هەر دوو ئەوانەش پێوەندییان بە بنچینە ئەخلاقییەکانەوە هەیە. بۆیە بەو وردییەوە ئێژێ [٥]"لە سیاسەتدا پێکەوە هاوکاری دەکەن، ئەوە لە دڵداری‌دایە کە دڵنیاییان لەیەکتر هەیە." کەوابوو لەو کاتەدا کە هەوڵ دەدا ئەخلاق بپارێزێ و متمانە ساز بکات، لەهەمان کاتیشدا وریایەو کردەوەو دژکردەوە سیاسیەکانی بەرامبەرەکەی دەخاتە ژێر زەڕەبینەوە.

## چەمکی بەرژەوەندی لای د. قاسملوو

پێموایە زۆرکەس هەیە بەو ڕەستە بەناوبانگەی "وێنستۆن چرچیل" سەرۆك وەزیری پێشووی بریتانیا ئاشنا بێ: " بریتانیا دۆستو دوژمنی بەردەوامی نیە، بەڵکوو تەنیا بەرژەوەندی بەردەوامی هەیە." گەر بەوردی سەرنج بدەین ئەو تەوەرە لە سیاسەتدا ئەگەرچی ریشەی لە "ماکیاویلیانیزم" دایە بەڵام ڕاستەخۆ یان ناڕاستەخۆ لە لایەن زۆربەی سیاسەتوانانەوە پێڕۆ دەکرێ. ئەوەیکە لێرەدا دەتوانێ پێش بە دابین کردنی ناڕەوای بەرژەوەندی بگرێ. تەنیا فاکتۆری ئەخلاقە، واتە ئەخلاق گارانتی پاراستنی پێوەندی دۆستانەو متمانەی نێوان گەلانو هەروەها گەلانو ڕێبەرانیانو بزوتنەوە سیاسیەکانیانە. بۆ ئەوەیکە چەمکی "بەرژەوەندی"مان لای د. قاسملوو بۆ روون ببێتەوە دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین کە چەمکی بەرژەوەندی و پێگەی لە کەسایەتی مرۆڤ دا لە لایەكو پێوەندی بەرژەوەندی تاك لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵدا لە لایەکیترەوە، بابەتی باسگەلی جۆراجۆر بوە. بەو پێوەرە دەتوانین پێگەی بەرژەوەندی لە کەسایەتی د. قاسملوودا و واتای بەرژەوەندی لە هزری ئەودا بخەینە ژێر تیشکی شرۆڤەوە. د. قاسملوو بەردەوام بە دوای خاڵە کوێرەکانی بزوتنەوەی کوردەوە بووە، واتە ئەو خاڵانەی کە کەمتر لە لایەن ڕێبەرانی بزوتنەوەکانەوە سەرنجی دراوەتێ. هەربۆیە لە وانەکانی فێرگەی سیاسی نیزامی حیزبدا وانەیەك بە نێوی ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە بوونی هەیە، ئەو وانەیە کە یەکێ لەو وانانەیە لە لایەن د. قاسملووەوە گرینگی پێ دراوە، جەخت لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەو نیشتیمان دەکات. بە بەرجەستە کردنەوەی بەرژەوندی نەتەوەو نیشتیمان هەوڵی داوە سەرجەم وردە بەرژەوەندییەکانی دیکە لە دەوری ئامانجە نەتەوەییەکان کۆ بکاتەوەو ئەو وانەش لە حیزبدا بەردەوام لە ریزی پێشەوە بووە. هەر بۆیە شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە لە حیزبی دێموکراتدا ئاگاهانەتر گیانی خۆی فیدای بەرژەوەندییەکی باڵاتر دەکرد.

[٦]لای د. قاسملوو "هەلپەرستی" (ئۆپۆرتۆنیستی)و سیاسەتی "ماکیاویلیزم" ئافەتی ئەخلاق بوونو دەبوا سیاسەتوانێکی بە ئەخلاق خۆی لێ بپاراستبان، و پێی وابوو مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ نابێ ئۆپۆرتۆنیست بێ، چونکە تایبەتمەندی ئۆپۆرتۆنیست بوون، ئەو فاکتۆرە گرینگەی کە چەند جاری دیکە ئاماژەمان پێکرد، واتە "متمانە" و "پرستیژی" شۆڕشگێڕی دەکوژێ. سیاسەتوانی هەلپەرست بە ئاسانی لە ئەخلاق دەسردرێتەوەو دەچێتە چوارچێوەی

ڕەستە گرینگەکەی "جان لاك"ەوە کە ئێژێ" مرۆڤ گورگی مرۆڤە" (انسان گرگ انسان است)و لە بەها نامرۆییەکان دادەماڵرێ. مرۆڤی هەلپەرست لای د. قاسملوو مرۆڤێکە کە سەرجەم بەهاکان لە سەرکەوتنی خۆیدا دەبینێتەوەو بەرژەوەندی نەتەوە لە بەرژەوەندی خۆیو سەرکەوتنو شکانی خۆی بە سەرکەوتن و شکانی نەتەوە دەزانێ. بۆیە گەر بە ئامانجی خۆی نەگات، ئامادەیە سەرجەم بەرژەوەندیو بەها ئەخلاقییەکانی دیکە بنێتە ژێر پێ، چونکە پێی وایە هەموو فاکتۆرەکان دەستیان بە دەست یەکەوە داوە بۆ ئەوەی ئەو بە ئامانج نەگات.

## ئەخلاق لە پێوەندی و دیپلوماسیدا

وەك دەزانین لە روانگەی د. قاسملووەوە "سیاسەت هونەری مومکینە". بۆ پراکتیزە کردنی ئەو هۆنەرە پێویست بە ئامراز هەیە، دیپلوماسیو پێوەندی گرتن بۆ ئەو مەبەستە باشترین ئامرازە. دیسان دێینەوە سەر فاکتۆری گرینگی "متمانە" ساز کردن. لە دیپلۆماسیدا فاکتۆری متمانە سازکردنیش هەر وەکوو فاکتۆرەکانی دیکە لە چەشنی هێز، کێش، بەرژەوەندی و ... یەك لە فاکتۆرە گرینگەکانی سەرکەوتنی دیپلۆماتو دیپلۆماسییە. زۆرجار دەبینین ڕێبەر یان ڕێبەرانێك لە ئاستی بزوتنەوەی کورددا بەرژەوەندی نەتەوەییان کردوەتە قوربانی قازانجو بەرژەوەندی بزوتنەوەکەیان یان پارچەیەك لە کوردستانو بوونەتە ئامرازی دەستی لایەنێکی دیکە، بەڵام د. قاسملوو وەك ڕێبەرێکی بەرپرس ئەو سیاسەتەشی وەکوو خاڵێکی کوێر دیتەوە و ڕێگاچارەشی بۆ دانا. هەر بۆیە دەبینین لێرەشدا ڕێزی دوو لایەنەی کردە پێوەری پێوەندی، هاوکاری و دیپلۆماسی و بەرژەوەندی نەتەوەو نیشتیمانی وەکوو ئامانجێکی باڵا (هدف عالی) کردە تەوەری بنچینەیی سیاسەتی حیزبەکەی، کە هەنووکەو لە داهاتووشدا وەکوو ئەسڵێکی ئەخلاقی جێگای شانازی بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێشەنگایەتی حیزبی دێموکراتە.

جەخت کردنەوەی د. قاسملوو لەسەر سەربەخۆیی سیاسی حیزبەکەی، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە حیزبی دێموکرات بە ڕێبەری ڕێبازگەی فیکریی پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاردان، حازر بووە بۆ پاراستنی بەها گرینگەکانی سەربەخۆیی سیاسیو بڕیاردانی سەربەخۆ، باجی قورسیش بدات کە مێژوو شاهیدە. د. قاسملوو لەو پێوەندییەدا ئێژێ:[٧] "ئێمە حیزبێکی سەربەخۆینو سەربەخۆیی خۆمان لە هەمووو شتێکی دیکە خۆشتر دەوێ. ئەوەی بۆ خۆمان بە قازانجی بزانین

جێبەجێ دەکەین. هیچ کەس ناتوانێ نەزەری خۆی بەسەر ئێمەدا بسەپێنێ و تا ئێستاش هیچ کەس نەزەری خۆی بەسەر ئێمەدا نەسەپاندوە.[٢٨]"ئەوە ئەو سەردەمە بوو کە هاوکات هەم لەگەڵ دەوڵەتی عێراق‌و هەم لەگەڵ دژبەرانیشی پێوەندییەکی دۆستانەو باشی هەبوو. د. قاسملوو لەو پێوەندییەدا ئێژێ: "ئێمە ئەم پێوەندییانەمان نەشاردوەتەوە و هەر دووک لاش بە تەواوی لەو پێوەندییانە ئاگادارن‌و هەر لەو کاتەش دا هیچکام لە لایەنەکان لە ئێمەی نەویستووە کە دژی ئەوی دیکە شەڕ بکەین." ئەوە ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە د. قاسملوو تەنانەت بە لایەنەکانی بەرامبەریشی سەلماندبوو کە پێویستە ئەسڵی بەرژەوەندی نەتەوەیی کە حیزبی دێموکرات بڕوای پێیەتی لەبەرچاو بگرن و ڕێزی بۆ دابنێن.

## بەرەئەنجام:

بە گشتی لەم باسە سێ ئەنجامی سەرەکی وەردەگرین کە بۆ ئێمەی شۆڕشگێڕو خەباتکاری سیاسی گرینگی تایبەتیان هەیە:

١ـ بەو ئەنجامە دەگەین کە لە هەر حاڵدا مرۆڤ کەسایەتی هەیە. هەر بۆیە پێویستە ڕێزی کەسایەتی‌و کەرامەتی مرۆڤ بپارێزرێ، حیزبی دێموکرات هەم لە ئەدەبیاتی سیاسی‌دا، هەم لە پراکتیکی‌دا ئەو خاڵەی بە گرینگ داناوە، ئەوەش بێ گومان پشتگیری بەهێزو خۆماندوو کردن و وانە وتنەوەکانی د. قاسملووی لەگەڵدا بووە.

٢ـ گەرچی زۆر کەس و لایەن پێیان وایە کە ئەخلاق و سیاسەت لەگەڵ یەکدا ناتەبان‌و بەرژەوەندی بەجێ ئەخلاق دادەنێن، کەچی لای د. قاسملوو ئێمە شۆڕشگێڕین، باوەڕمان بە ئازادی‌و کەرامەتی مرۆڤ هەیە، کەوابوو لای د.قاسملوو ئەخلاق‌و پێوەرە ئەخلاقییەکان خاڵێکی گرینگ‌و تەوەرین‌و وەکوو خۆین لە شادەماری بەها گشتییەکانی حیزبدا هەمیشە لە جووڵە دان.

٣ـ لای هێندێك لە سیاسەتوانان چەمکی سیاسەت یانی فرتوفێڵ و درۆو دەلەسە، یانی کڵاو لەسەر نان‌و دەست‌و چاو بەستن. بەڵام لای د. قاسملوو پێناسەی ئەو چەمکە بە تەواوی پێچەوانەیە، واتە سیاسەت لای ئەو بە واتای دیالۆگی سادقانەیە، دیالۆگێك کە متمانە ببەخشێ‌و بنچینە بۆ درێژەی‌و وتوویژو موزاکرە ساز بکات. لای د. قاسملوو فرتوفێڵ‌و درۆو

شانتاژ ناتوانێ درێژەی هەبێ، دیواری بێ متمانەیی بڵێندتر دەکاتەوەو تەمـەنی دیـالۆگی سـالم کورت.

## ژێدەر:


١- عالم- عبدالرحمن- (بنیادهای علم سیاست – ل ٧٢- پاراگراف ٣).

٢- مجله اطلاعات سیاسی- اقتصادی-( سال بیستم- شماره نهمو دهم- خردادو تیر ١٣٨٥- ل ٤٩- پاراگراف ٢).

٣- ئا: بەهرامی- کاوە- تاڤگەی هەقیقەت- بەرگی دووهەم- (ل ١٥- پاراگرافی١).

٤- ئا: بەهرامی- کاوە- تاڤگەی هەقیقەت- بەرگی دووهەم- (ل ١٦- پاراگرافی١).

٥- ئا: بەهرامی- کاوە- تاڤگەی هەقیقەت- بەرگی دووهەم- (ل ٣٧- پاراگرافی٢).

٦- ئا: بەهرامی- کاوە- تاڤگەی هەقیقەت- بەرگی دووهەم- (ل ٥٠- پاراگرافی٢).

٧- ئا: بەهرامی- کاوە- تاڤگەی هەقیقەت- بەرگی یەکەم- (ل ٤٩- پاراگرافی ٤).

٨- ئا: بەهرامی- کاوە- تاڤگەی هەقیقەت- بەرگی دووهەم- (ل ٣٨- ٣٧).

٩- ئا: بەهرامی- کاوە- تاڤگەی هەقیقەت- بەرگی سیهەم.

١٠- گوڤاری تیشك- ژمارە ١٩.

شەهید دوکتور قاسملوو هەر بە تەنیا سکرتێری لێوەشاوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران نەبوو، بەڵکوو کەسایەتی‌یەکی ناسراوی نێو بزووتنەوەی دێمۆکراسی‌خوازی نەتەوەکەمان بەتایبەتی‌و ئێران بە گشتی بوو. دەنگی کپو خامۆشی نەتەوەی کوردو مەسەلەی کورد بە تایبەت لە کوردستانی ئێران، بە هۆی لێکدانەوەی واقیع‌بینانەی حیزبی دێمۆکرات کە هەڵقوڵاوی فیکری رێبەری شەهیدمان بوو، هەموو جیهانی تەنی‌و بوو بە پرسێکی ناوچەیی‌و جیهانی. بزووتنەوەی میللی دیمۆکراتیک‌و ژیانی سیاسی کورد لە کوردستانی ئێران لە سەر بنەمایەك بیچمی گرتووەکە تیۆریەکەی قاسملووی بلیمەت‌و داهێنەر دایرشتوەو ئێستاش تێکۆشەرانی دێموکرات بۆ وەدیهێنانی ئاما نجە بەرزو ئینسانی‌یەکانی، درێژە بە رێبازە رەواکەی دەدەن. هەرچەند لێکۆڵینەوەو شرۆڤە کردنی لایەن‌و رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیان‌و کەسایەتی بەرزو مەزنی د.قاسملوو پێویستی بە کات‌و زانست‌و کەرەسەی خۆیەتی، بەداخەوە لەم کاتەدا کەمترینی ئەم پێداویستی‌یانە لەبەردەستی ئێمەدا بوو تاکوو ئەوەی شایانی ئەو رێبەرە بلیمەت و ناودارەیە بەجێ بگەیەنین.

بۆ ناسینی هێندێك تایبە تمەندی بەرزی شەهید دوکتور قاسملوو، لەم ژمارە لە "گۆڤاری تیشك" بیروڕای هێندێك لە ئەندامانی رێبەرایەتی حیزب‌و چەند کەسایەتی ناسراوی کورد کە بۆ ماوەی چەند ساڵ لە کەڵ شەهید دوکتور قاسملوو پێوەندیی نزیکیان هەبووە، دەخرێتە بەرچاوی خوێنەرانی بەرێز.

دیمانە: سماعیل مەعروفی



# وتوویژ لەگەڵ:

# کاک مستەفا هیجری،

## ( سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران )

## لەسەر کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو

**تیشك: بەڕێز كاك مستەفا هیجری سكرتێری گشتی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، پێشەكی زۆر سپاسی جەنابتان دەكەین بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا، تكایە بفەرموون روانگەی شەهید دوكتور قاسملوو لە سەر دیاریكردنی بناغەی شێوەی خەباتی نەتەوەی كورد لە كوردستانی ئێران چ بووە؟**

ولأم: دوكتور قاسملوو بناغەی خەباتی كورد لە كوردستانی ئێرانی لە سەر خەباتی سیاسی بینا كردبوو و لە بنەڕەتڕا باوەڕی بەوە نەبوو كە كورد بە خەباتی چەكداری مافی خۆی دەتوانیٚ بە دەست بێنیٚ. بۆیە دەبینین لە ماوەی دەیەی یەكەمی دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی "حەمەرەزا شا" كە بەشێكی هێزە سیاسی‌یەكان لەو باوەڕەدا بوون رزگاریی كوردستان بە زەبری چەك دابین دەبیٚو، ئەو رستەیەی كە هێندێك لە هێزەكانی چەپ دەیانگوت "رزگاری لە لوولەی تفەنگدایە" زۆر كەس لە بیری ماوە، لە حاڵێكدا كە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموكرات بەشێك لە خاكی كوردستانی لە ژێر كونترۆڵدا بوو، دوكتور قاسملوو دەیگوت: "بە هێزی چەك ناتوانین حكوومەت بڕوخێنین بەلأم تێكۆشانی چەكداری دەبیٚ ئەوندە درێژە بدەین تا رێژیم ماندوو بیٚو لەگەڵمان دانیشیٚو پرسیار بكا چمان دەوی؟" ئەم بەرنامەیەی حیزبی دێموكرات بە دوای شەڕی سیٚ مانگەدا هاتەدی، هەرچەند دوایی دەركەوت كە مەبەستی رێژیم لە پێشنیاری وتووێژ بەدەستهێنانی كات بۆ رێكخستنەوەی هێزە پرشوبلأوەكانی خۆی بوو. بە دوای تێكهەڵچوونەكانی كە لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٩دا لە نێوان هێزە هێرشبەرەكانی رێژیم بۆ سەر خاكی كوردستان دەستی پیٚكرد، هێزەكانی حیزبی دێموكراتو باقی هێزە سیاسی‌یەكانی كوردستانی، لە بەربەرەكانی‌یەكی سەختو خوێناویدا هێزەكانی رێژیمیان بە چۆكدا هێنا، خومەینی بەناچار رۆژی ١٧ی مانگی ١١ ساڵی ١٩٧٩ لە پەیامێكدا وەستانی شەڕی راگەیاندو ئامادەیی نیشاندا بۆ گفتوگۆ لە سەر داواكانی گەلی كورد.

وتووێژ وەك خەباتێكی سیاسی یەكێك لە ئامانجە سەرەكی‌یەكانی دوكتور قاسملوو بوو بۆ گەیشتن بە داخوازەكانی گەلی كورد. هەر بۆیەش حیزبی دێموكرات پێشوازی لە پەیامی خومەینی كردو هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی كورد بۆ دەستپیٚ كردنی وتووێژ پێك هات. دوكتور قاسملوو لەو هەیئەتەدا وەك نوێنەری حیزبی دێموكرات بە وتەبێژی هەیئەت دیاری كرابوو، سەرەڕای زۆر كردەوەی تێكدەرانە كە لە لایەن هێندێك لە ئەندامانی ئەو هەیئەتەوە دەهاتنە

ئاراوه، ئەو زیاتر لە سەر درێژەدانی وتووێژ پێی دادەگرت. بە دوای سەرنەکەوتنی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیم لەم بڕگەیەی مێژووی حیزبداو، دوای کۆتایی شەڕی ئێرانو عێراق جارێکی دیکەش دوکتور قاسملوو هەوڵی پێکهێنانی وتووێژیدا، کە بە داخەوە ئەم جارە گیانی خۆشی لە سەر دانا. دوکتور قاسملوو زۆرجار رایگەیاندووە کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی سیاسییەو باوەڕی بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕێگای سیاسیو وتووێژەوە هەیە، ئەگەر لە بڕگەیەکی مێژوویشدا دەستی بۆ چەك بردووە بۆ بەرگریو پاراستنی خۆیو کەرامەتی گەلەکەیەتی، چوونکە ڕێژیم هیچ ڕێگەیەکی دیکەی بۆ نەهێشتوەتەوە. لەگەڵ ئەوەی حیزبی دێموکرات لە ماوەی شەڕی چەکداری لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم هەموو هەوڵی خۆی دا بۆ کۆکردنەوەو پەروەردەکردنی هێزی پێشمەرگەو، خەڵکی کوردستانی هان دا بۆ پشتگیری لە خەباتی چەکداریی داسەپاو بە سەر گەلی کورددا. بەڵام وتووێژ وەك ڕێگاچارەی سەرەکی پرسی کورد لە کوردستانی ئێران هەمیشە لە بەرچاوی دوکتور قاسملوو بوو، هەر بۆیەش کاتێك ڕێژیمی خومەینی لە ساڵی ١٩٨٨و دوای کوتایی شەڕی ئێرانو عێراق داوای وتووێژ دەکا، دوکتور قاسملوو بە مەبەستی پەسەندکران لە دەفتەری سیاسی ئەو داوایەی ڕێژیمی هێنایە ئاراوەو دەفتەری سیاسیش ئەم داوایەی پەسەند کرد.[1]

## تیشك: مەبەستی دوکتور قاسملوو لە هێنانی سوسیالیزمی دێموکراتیك بۆ نێو حیزب چ بوو؟

وڵام: هێنانە ئارای باسی سوسیالیزمی دێموکراتیكو لە ئەنجامدا پەسەند کردنی لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا وەك ئامانجی دوارۆژی حیزب چەندین مەبەستی لە خۆ گرتبوو:

- بێگومان مافی چارەیخۆنووسین لە هەر شێوەیەکیدا، دەتوانێ کەمو زۆر بەشێك یان تەواوی مافە سیاسییەکانی نەتەوەیەك دەستەبەر بکا، بەڵام ژیانو بەختەوەریی هەر نەتەوەیەك یان کەسایەتییەك تەنیا بەو مافە دابین نابێ. هەر وەکوو لە رابردوو و لە ئێستاش زۆر نەتەوە بەو مافەیان شاد بوون بەو حاڵەش نەتەوەیەکی بەختەوەر نین، چوونکە بێجگە لە مافی نەتەوایەتی زۆر مافی دیکەش هەن کە پێکهاتەی هەموویان پێکەوە دەتوانێ کۆمەڵگا بەرەو پێشکەوتنو بەختەوەری ببا. یەکێك لەو مافانە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە شێوەی سوسیالیزمە. سوسیالیزمێك کە بە بۆچوونی دوکتور قاسملوو بەر بە سەرمایەداری ڕەهاو چەوساندنەوەی بێسنووری چینێك لە

کۆمەڵدا بگرێو بەربەستی لە بەرانبەردا پێکبێنی، بۆ ئەوەی دابەشبوونی کارو داهات لە کۆمەڵگادا وێکچوونێکی ڕێژەیی تێدا بەدی بکرێ، ئەوەی کە پێی دەگوترێ دادپەروەری کۆمەڵایەتی. بەڵام بۆچی ئەم سوسیالیزمە پاشگری دێموکراتیکی بە دوادا هاتوە؟ ـ کە لە کاتی خۆیدا هەم لە نێو حیزبو هەم لە دەرەوەی حیزبدا هەرایەکی گەورەی نایەوە ـ لە بەر ئەوەبوو کە لەو سەردەمەدا شێوە حکوومەتی سۆڤیەت وەك باشترین نموونەی سوسیالیزمو ئولگووی بەڕێوەبەری لە جیهاندا دەناسراو حیزبی توودەو حیزبە براکانی لە هەموو جیهان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا موبەلغێکی بە توانای ئەم تێزە بوونو بەداخەوە زۆربەی ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو یەك لەوان ڕووناکبیرانی ئێرانو تا ڕادەیەك لە نێو حیزبی دێموکراتیشدا بە توندی کەوتبوونە ژێر هێژمونی ئەم بانگەشەیە. ئەم بۆچوونە بەگشتی دنیای بە دوو بەش دابەش دەکرد: ئەو بەشەی کە بە شێوەی سوسیالیستی بەڕێوە دەچوون "بە تایبەت سۆڤیەت" وەك کۆمەڵگایەکی بێ کەموکوڕیو یەکسانی، بەهەشتی کرێکارانو هەژاران بوو و هەر کەسیش ڕەخنەی لەو کۆمەڵگایە بوایە بە نۆکەری ئیمپریالیسم، کۆنەپەرەستو... دەژمێردرا. لایەنی بەرامبەر ڕاست بە پێچەوانەی ئەم دنیا خەیالییە، دنیای سەرمایەداری بوو کە لێوانلێو بوو لە چەوساندنەوە، گەندەڵی، ستەم لە کرێکارانو بەکورتی ماکەی خراپیو ناعەدالەتی.

هەر بەم هۆیانەوەش ئەم نیزامە مەحکووم بە ڕووخانو لە ناوچوونەو لە ئاکامدا سوسیالیزم سەردەکەوێو دەبێتە تەنیا شێوەی حکوومەتداری زاڵ بە سەر جیهاندا!

سوسیالیزمی دێموکراتیك ئەم شێوە دابەشکردنەی جیهان ڕەد دەکاتەوە، بەتایبەت لەو گۆشە نیگایەوە کە سوسیالیزمی سۆڤیەت لە سەر بناغەیەکی دیکتاتۆری تەواو دامەزرا بوو کە بۆخۆیان ناویان نابوو "دیکتاتۆری چینی کریکار"، لە حاڵێکدا ئەو حکوومەتە لە بەر دەستی گرووپێکی دیاریکراودا بوو. سکرتێری گشتی حیزب لە سەرووی ئەم گرووپە کە ناوی کومیتەی ناوەندی بوو و خاوەنی بێ ئەملاولای چارەنووسی خەڵك بوون، بە بێ ئەوەی کەسێك بوێری ڕەخنەیەکیان لێ بگرێ. دوکتور قاسملوو بە پێی ئەوەی کە لەو وڵاتانەدا ژیا بوو و کەموکوڕیەکانی ئەم شێوە دەسەڵاتدارییەی لە نزیکەوە چاوی پی کەوتبوو، نەك هەر نەکەوتبووە ژێر کاریگەری بانگەشە بێ ناوەرۆکەکانی حیزبی توودە، بەڵکوو کەموکوڕییەکانی ئەم شێوە دەسەڵاتدارییەو بێبناغەیی پێهەڵگوتنەکانی حیزبی توودەی بەو شێوە دەسەڵاتدارییەی لە قاو داو، یەکێك لە

گرینگترین کەموکوڕیەکانیشی بە نەبوونی دێموکراسی لەو شێوە نیزامەدا دەزانی. بۆیە دەکرێ بڵێین سوسیالیزمێك کە دوکتور قاسملوو باوەڕی پێی بوو بە تەواوی جیا لەو سوسیالیزمە بوو کە ئەوکات لە بەشێکی جیهاندا دەسەڵاتداریی دەکرد. دوکتور قاسملوو لەو باوەڕەدا بوو کە سوسیالیزم کاتێك دەتوانێ ئامانجەکانی خەڵك دابین بکاو لە خزمەتی کۆمەڵگادا بێ کە لە سەر بنچینەی دێموکراسی دامەزرابێ. لەو بۆچوونەدا دەسەڵاتداری بە هەر ناوێكو شکڵێك، بە بێ دێموکراسی رەد دەکرێتەوە. بێگومان ئەوەش لە باوەڕی قووڵی دوکتور قاسملوو بە دێموکراسی سەرچاوە دەگرێ.

ئێمە لە وتەیەکی دیکەی دوکتور قاسملووش ئەو خوێندنەوەمان لەو شێوە دەسەڵاتدارییە کە مەبەستی دوکتور قاسملوویە دێتە دەست کاتێ لە وڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسێکدا دەڵێ: "خراپترین دێموکراسیم پێ لە باشترین دیکتاتۆری باشترە."

ـ بێجگە لەوانەی باسمان کرد، یەکێکی دیکە لە مەبەستەکانی دوکتور قاسملوو لە هێنانە ئارای سوسیالیزمی دێموکراتیك بە بۆچوونی من رەدکردنەوەی حیزبی توودە وەك ئاڵاهەڵگری سوسیالیزم لە ئێراندا بوو. ئەو حیزبە چەندین دەیە بە پیاهەڵگوتن بە سۆڤیەتو سوسیالیزمی ئەو وڵاتە مێشکی رووناکبیران، بە تایبەت لاوەکانی ئاخنیبوو، بەچەشنێك کە هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی غەیری ئەوەی توودە تەبلیغی بۆ دەکرد، دەکەوتە خانەی خەیانەت، ئەوەش ببوو بە هۆیەکی گرنگ کە زۆربەی خەڵکی رووناکبیرو خوێندەوار بێجگە لەو فەلسەفەیە بیر لە شتێکی دیکە نەکەنەوە. بەمچەشنە پێویست بوو کە دەلاقەیەکی دیکە بە رووی ئەو کەسانەدا بکرێتەوە کە باوەڕیان بە سوسیالیزم بوو و حیزبی توودە هەموو دەرکەکانی بە روودا داخستبوون بێجگە لە دەرکەی سوسیالیزمی نموونەی سۆڤیەت.

سوسیالیزمی دێموکراتیك لە راستیدا کۆتاییهێنان بە چەندین دەیە تاقەسواریی حیزبی توودە لە مەیدانی سوسیالیزم لە ئێران دایە. هەر بۆیەش ئەوانو لایەنگرانی بۆچوونەکانیان زیاترین ئیهانەتو بێحورمەتییان بە دوکتور قاسملوو کردو زیاتر لە هەموو گرووپەکانی فیکری دیکە بەم تێزە تووڕە بوون.

**تیشك: دوکتور قاسملوو وەك سیاسەتڤانێکی رێئالیست زۆر جار باسی ئەوەی دەکرد "کە بە تاقی تەنیا لە ئێراندا ئێمە ناتوانین ببین بە ئاڵترناتیڤ"، مەبەستی ناوبراو لەم بۆچوونە چ بووە؟**

وڵام: مەبەستەکە زۆر روونە، چوونکە حەشیمەتی کوردەکان لە ئێراندا کەمتر لە ١٥٪ی حەشیمەتی ٧٠ میلیۆنی ئێرانە[2] و پانتاییەکەی لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پانتایی هەموو ئێران دەرسەدێکی کەم پێکدێنێ. بۆیە لە ماوەی دەسەڵاتداریی حکوومەتە سەرەڕۆکاندا، بە هیچ شێوەیەك ئیزن نادرێ کە کورد ببێتە ئاڵترناتیڤی دەسەڵات، خۆ ئەگەر رۆژێك حکوومەتی ئێران ببێتە حکوومەتێکی دێموکراتیك‌و دەسەڵات‌و بەڕێوەبەریی حکوومەت بە هەڵبژاردن بەدەستی نوێنەرانی خەڵك بسپێردرێ، لەو حاڵەتەشدا دیسان ئەوە کوردەکان نین کە لە ئێراندا زۆربەی دەنگەکان بێننەوەو دەسەڵاتی وڵاتی ئێران بە چنگەوە بگرن. بژاردەی سێهەم شێوەی بەڕێوەبەریی وڵات لە شکڵی فیدراڵیزمی نەتەوەیی ـ جوغرافیاییە (ئەو شێوە حکوومەتەی ئێستا حیزبی دێموکرات‌و بەشێکی دیکە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی نەتەوەکانی ئێران داوای دەکەن)، لەو شکڵە دەسەڵاتدارییەدا هەر نەتەوەیەك حکوومەتی هەرێمی خۆی بەڕێوە دەباو، حکوومەتی سەرانسەریش (فیدراڵ) بە شێوەی قانوونی یان تەوافوقی لە نوێنەرانی هەموو نەتەوەکان پێکدێ‌و هیچ نەتەوەیەك بەتەنیا ئاڵترناتیڤی حکوومەت نیە. بەم شێوە دەبینین بە حیسابێکی زۆر ساکارو لێکدانەوەیەکی ئاماری‌و سیاسی، کورد ناتوانێ ئاڵترناتیڤی حکوومەت بێ. بەڵام گرنگی ئەم قسەیەی دوکتور قاسملوو لەوە دایە کە ناوەرۆکی ئەم بۆچوونە بیر لە پێکهێنانی ئاڵترناتیڤ بۆ دوارۆژی بەڕێوەبەریی ئێران دەکاتەوە، کە ئەوە بۆخۆی ئەو پرسیارە دینیتە پێش کە: ئەگەر وایە کێ ئاڵترناتیڤە؟ لە وڵامی ئەو پرسیارە بە شێوەی کردەیی دایە کە دوکتور قاسملوو هەر لە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری رێژیم، بۆ رووخاندنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران‌و بنیاتنانی حکوومەتێکی دێموکراتیکی نوێ لە سەر ویست‌و داخوازی نەتەوەکانی ئێران، پێشنیاری پێکهێنانی بەرەیەکی بەرین لە هەموو حیزب‌و نەتەوەکانی ئێرانی دەکاو بانگێشتنی هێزە دێموکراتەکانی ئەو کاتی ئێران دەکا کە لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ لە شاری مەهاباد کۆببنەوە بۆ قسەکردن لە سەر ئەو مەبەستە. لە حاڵێکدا کە زۆربەی هێزەکان وڵامی ئەرێنییان بە بانگێشتنی حیزبی دێموکرات دابۆوە، رێژیمی کۆماری ئیسلامی پێش ئەو رێکەوتە هێرشەکانی

خۆی لە هەموو لایەکەوە بۆ دەست بەسەر داگرتنەوەی مەهاباد چڕ کردەوەو حیزبی دێموکراتیش بە مەبەستی بەرگری لە وێرانی شارو کوژرانی خەڵکی بێدیفاع بڕیاری دا کە هێزی پێشمەرگە نێو شارچۆڵ بکەنو لە ئاکامدا بە داخەوە ئەم بەرنامەیە سەری نەگرت. بە دوای ئەم رووداوەو تا ئێستاش حیزبی دێموکرات لە سەر ئەو بڕواو سیاسەتە بووەو هەیە. بەشداری حیزب لە "شورای ملی مقاومت"و لەم ساڵانەشدا تێکۆشان بۆ پێکهێنانی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"و هەروەها نزیکبوونەوەی زیاتر لەگەڵ باقی حیزبو کەسایەتی‌یە دێموکراتو چەپە دێموکراتەکانی ئێرانی لەم راستایەدا بووە. هەرچەند بەداخەوە تا ئێستاش هەوڵو تێکۆشانەکانی حیزب لەم پێوەندی‌یەدا بە ئاکامی دڵخوازانە نەگەیشتووە بەڵام ئەو هەنگاوانەی هەڵگیراون لە جێی خۆیاندا یارمەتیدەر بوون. لە هەمان کاتدا بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتن شتێك لە بایەخی ئەو قسانەی دوکتور قاسملوو و ئاکامی سیاسەتی کردەیی ئەم قسانە کەم ناکاتەوەو حیزبی دێموکرات لە درێژەدانی ئەم سیاسەتە بێهیوا ناکا.

**تیشك : دەکرێ ئاماژەیەکی گشتی بە ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە گۆڕانی قووڵو بنەڕەتی بە سەر سیماو روخساری بزووتنەوە لە کوردستانی ئێران بەگشتیو حیزبی دێموکرات بە تایبەتی، بکەن؟**

وڵام: راستی‌یەکی حاشاهەڵنەگرە کە دەوری دوکتور قاسملوو لە داڕشتنەوەی پێکهاتەی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات، باوەڕە سیاسی‌یەکانی، داهاتووی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگای کوردستانو بەرنامە سیاسیو ئابووری‌یەکانی، بەتایبەت پاراستنی سەربەخۆیی حیزب دەورێکی بەرچاوی هەبوو. بە دوای رووخانی کۆمارو ئەو شکانە گەورەو بەسەرهاتە تاڵەی کە بە سەر حیزبدا هات شیرازەی حیزب لەبەریەك هەڵوەشا. هەرچەند لەم برگە مێژووییەدا ژمارەیەکی کەم لە تێکۆشەرانی حیزب بە زەحمەتو فیداکاری‌یەکی لە بڕان نەهاتوو، توانیان نەهێڵن حیزب لە هەناسە بکەوێو جاروبار رۆژنامەی کوردستانیش چاپو بڵاو بکەنەوە. بەڵام ئەم هەوڵانە، تێکۆشانی پرشوبڵاوو یەکنەگرتوو بوونو لە ژێر ڕێنوێنی‌یەکانی حیزبی توودەدا بەڕێوە دەچوون. لەم ساڵانەدا (١٩٤٨ تا ١٩٥٣) لە راستی‌دا ئەگەر شتێك لە حیزبی دێموکرات مابوو زۆرتر ناوێك بوو بێناوەرۆك، چوونکە حیزبی توودە بە تەواوی دەستی بە سەر حیزبدا گرتبوو و وەکوو لقێکی خۆی لە کوردستان چاوی لێ دەکردو لەگەڵی دەجووڵایەوە.

ئەم وەزعە بەم چەشنە درێژەی هەبوو تا بەهاری ساڵی ١٩٥٣. دوکتور قاسملوو بۆخۆی دەنووسی: "لە بەهاری ساڵی ١٩٥٣ی زایینیدا راستەوخۆ لە تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداریم کردوەو لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزبیشدا لێپرسراوەتیم هەبووە"[٣]، ئەوە ئەو کاتەیە کە دوکتور قاسملوو لە لایەن حیزبی توودەوە بۆ سەرپەرشتی کردنی حیزبی دێموکرات دەنێردرێتە مهاباد. هەر لەو ساڵەدا کومیتەیەکی سەرانسەری بۆ کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێك دێ[٤] و دوکتور قاسملوو بەرپرسیارەتی ئەم کۆمیتەیە دەگرێتە ئەستۆ. ئەم کومیتەیە یەکەمین کۆنفرانسی حیزبی لە بەهاری ساڵی ١٩٥٥دا لە ناوچەی مەهاباد پێکدێنێ. گرنگی مێژوویی ئەم کۆنفرانسە لەوەدا بوو کە بڕیاری دا پێوەندی حیزب لەگەڵ حیزبی توودە هەڵوەشێنێتەوەو لەوە بە دواوە حیزب سەربەخۆیی خۆی بە شێوەی رەسمی وەچنگ هێنایەوە[٥]. بە دوای ئەم ئاڵوگۆڕە گرینگانەدا بوو کە حیزبی دێموکرات بە شێوەی حیزبێکی یەکگرتوو، پێشکەوتنخوازو سەربەخۆ کارو تێکۆشانی خۆی دەست پێ‌کردەوە.

بەڵام گرینگترین دەوری دوکتور قاسملوو دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ساڵی ١٣٥٧و گەڕانەوەی رێبەرایەتیی حیزبو دوکتور قاسملوو بۆ نێوخۆی وڵات بوو. لەو ساڵانەدا کە فەزایەکی رادیکاڵ بە سەر هەموو ئێرانو کوردستاندا زاڵ بوو، ژمارەیەکی زۆر لە حیزبەکانی ناوچەییو سەرانسەری لە کوردستاندا دەستیان کردبوو بە تێکۆشانی سیاسیو هەرکامەی بە رەبەی خۆی دەی‌پێوا، بوونی دوکتور قاسملوو وەك شارەزایەکی سیاسی لە ئاستی سکرتێری گشتیو کەسایەتی یەکەمی ئەو حیزبەدا یارمەتیی دا کە حیزب لەو گێژاوەدا نەك هەر دوچاری سەرلێ‌شێواویو هەڵەی سیاسی نەبێ، بەڵکوو هەڵویستو سیاسەتو کردەوەکانی جێگای سەربەرزی بنو بۆ هەمیشە لە مێژووی جووڵانەوەی کورددا وەك خاڵی درەوشاوە بمێننەوە.

**تیشك: ئازایەتی سیاسیی دوکتور قاسملوو چۆن وەسف دەکەن؟**

وڵام: ئەوانەی رۆژەکانی شۆڕشی گەلانی ئێرانو مانگەکانی دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی‌یان لە ئێراندا لە بیرە، باش دەزانن لەو سەردەمە چارەنووسسازانەدا کە پێویستی بە لێکدانەوەو بیرکردنەوەی قووڵ لە رەوتی رووداوەکان هەبوو کە بە خێرایی تێدەپەڕین، گەلانی ئێران کە سەرخۆشی بەرەو پێشچوونی رۆژبەرۆژی یەکگرتوویی خەڵكو پاشەکشەی رێژیمی شاو لە ئاکامدا رووخانی ئەو رێژیمە بوون بە شێوەیەك لە خەیاڵات، دروشمی رادیکاڵو کردەوەی پڕ لە هەستو

سوزدا غەرق ببوون کە مەیدانی بیرو ئەندیشەو لە بەرچاو گرتنی یاسا نێودەوڵەتی‌یەکان یەکجار بەرتەسك ببوەوە. لەو فەزایەدا کە هەر کەس دروشمی توندوتیژتری دابا بە شۆڕشگێرتر دەناسرا، حیزبی دێموکرات کە لە ژێر ڕێنوینیو ئەزموونو شارەزایی‌یەکانی دوکتور قاسملوودا لە کەنار ئەو فەزایەدا مابوو و تێکلاوی ئەو جەنجاڵە نەبوو هەر بۆیەش کەوتبوە پەراوێزەوە.

بڕیارەکانی ئەو سەردەمانەی حیزب وەك بەشداری نەکردن لە ڕێفراندۆمی دیاریکردنی نیزامی کۆماری ئیسلامی وەك سیستمی دەسەلاتداریی ئێران، مەحکووم کردنی داگیرکرانی بالوێزخانەی ئەمریکا لە تاران، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کوردو لەو راستایەدا پێوەندی‌یەکانی حیزبی دێموکرات بۆخۆی بەتەنیو هاوڕا لەگەل هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد لەگەل دەسەلاتدارانی تازەی ڕێژیم، پێشوازی لە هەر دەنگێك کە بەو مەبەستە لە تارانەوە دەبیسراو... حیزبی دێموکراتی لە بەرچاوی بەشێك لە خەلك وەك دیاردەیەکی نامۆو جیاواز لە ڕەوتی ئەو رۆژگارە دەردەخست. هەر بۆیەش حیزبی دێموکرات وەك حیزبێکی سوننەتی کە سەردەمی تێپەڕیوە، "محافیزەکارو سازشکار" دەناسراو دەیان ڕێپێوان بە ڕێنوینی ئەو حیزبانەی کە خۆیان بە رادیکال دەزانیو پێیان وابوو بەتەنێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەڕووخێنن، لە شارەکانی کوردستان وەڕێخراو دروشمی سەرەکی‌یان"مرگ بر سازشکار"بوو کە مەبەست لە حیزبی دێموکرات بوو.

تەنانەت کار گەیشتبوە جێگایەك کە لە شەڕی سنەدا ئەو گرووپانە ئیزنیان نەدابوو بە نوێنەری حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەیەکدا کە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حکوومەت بۆ باسو چارەسەرکردنی ئەو شەڕە پێکهاتبوو قسە بکاو، دوکتور قاسملووش کە بۆ تەبلیغاتی هەڵبژاردنی یەکەمین دەوری مەجلیس لە کۆبوونەوەی گشتی خەلکی ئەو شارەدا قسەی کردبوو، هەولی شێواندنی کۆبوونەوەکەیان دابوو. لە تەواوی ئەو بێحوورمەتیو تاوان هەڵبەستنانەی کە لەو پێوەندی‌یەدا بە دژی حیزبی دێموکرات دەکرا دوکتور قاسملوو ئامانجی یەکەم بوو.

ئەو بەناو حیزبو ڕێکخراوانەی رۆژانە دەیان بلاوکراوە، یان باشترە بلێم "جنێونامە"یان لە شارەکانی کوردستانو ئێران بلاو دەبوەوە بە دژی دوکتور قاسملوو. حیزبی توودە کە لەو کاتەدا ئیمکانی راگەیاندنی بەهێزیان هەبوو و کەسایەتی بەتوانای دوکتور قاسملووشیان دەناسی پێشڕەوی ئەو ڕەوتە چەواشەکارانە بوون. بەلام گرفتی دوکتور قاسملوو لەو سەردەمانەدا تەنیا

نەیارانو کۆمەڵێك خەڵكی ناسیاسی دەرەکی نەبوون، بەڵکوو بەستراوەکانی بە حیزبی توودە لە ڕێبەرایەتی حیزبدا، بە ڕێنوێنی ماموستاکانیان لەو حیزبەدا بە زانیارییەوەو، ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی ناسیاسیو خوێن گەرم لە ریزەکانی حیزبدا لە ژێر باندۆری ئەو بەشە لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیو فەزای زاڵ بە سەر وەزعەکەدا، گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگا بوونو لە هیچ بوختانو سووکایەتی‌یەك بە دوکتور قاسملوو خۆیان نەدەپاراست. لە وەزعێکی ئەوتۆدا دوکتور قاسملوو بە بێ گوێدان بەو پڕوپاگاندانەی دژی دەکرانو ئەو بۆختانانەی بۆی هەڵدەبەستران بیری لە بەرژەوەندیی گەلی کوردو دوارۆژی ئەو گەلە لە ئێراندا دەکردەوە. لەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزب هەموو ڕێگاکانیان تاقی دەکردەوەو لە هەموو دەرگایەکی دەدا بەڵکوو دەسکەوتێك بۆ گەلەکەی دەستەبەر بکاو، ئەوەی بیری لێ نەدەکردەوە هاوڕابوون لەگەڵ ئەو بازاڕە شێواوە بوو. من ئەوە بە ئازایەتی‌یەکی سیاسی زۆر بەرزو پیرۆز دەزانم. ئازایەتی‌یەك کە بنچینەکەی لە سەر عەقڵو تێگەیشتنو لێکدانەوە داڕێژرابوو، چوارچێوەکەی بەرژەوەندی خەڵکی ستەم لێکراوی کورد بوو نەك پێداهەڵگوتنو چەپڵەڕێزانی ئەمو ئەو لایەن.

تایبەتمەندی‌یەکی دیکەی دوکتور قاسملوو کە بە ئازایەتی سیاسی بەرێزیانی دەزانم ئەوە بوو لەگەڵ هەر کەسایەتییەکی سیاسی ئورووپایی یان کوردو ئێرانیو... دادەنیشت لە هەمانکاتدا کە تەوازوعێکی مەعقوولی هەبوو، قەت خۆی بە چووك نەدەزانی، من لەو ماوەدا کە شانازی پێشمەرگایەتیم بووە، لە زۆرێك لە دانیشتنو چاوپێکەوتنەکانی‌دا ئامادە بووم، بە ڕاستی باسو لێکدانەوەکانی زۆر ڕاشکاوانەو لە هەمانکاتدا ئازایانە بوون. ئەو ئازایەتی‌یەو باوەڕ بە خۆبوونەی، لە هەموو کاتێکدا دوکتور قاسملووی لە ئاستێکی بەرزتردا دەخستە بەرچاو.

**تیشك: لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوو، بۆ ڕێکخراو چەکی هەرە گرنگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە؟**

ولام: کارو هەڵسووڕانی تاك لە کۆمەڵدا لە بواری سیاسیو کۆمەڵایەتی‌دا گرنگە، بەڵام تاك بە هۆی جۆراوجۆر لە تێکۆشان دەوەستێ، پەکی دەکەوێو لە نیهایەتدا دەمرێ. بە وەستان، پەك کەوتنو مردنی تاك تێکۆشانەکەشی دەوەستێ یان نیوەچڵ دەبێو تاك لە ژێر باندۆری کۆمەڵگا، بۆچوونی هەڵە کە مێشکیان بۆمباران کردبێو یان زانیاری هەڵەی دەست کەوتبێ، ئەگەری تووش بوونی بە هەڵە زیاترە. بەڵام کاتێك چەندین تاك پێکەوە لە سەر بابەتێك بیر دەکەنەوە کەمتر

هەڵە دەکەن، لە کاری بە کۆمەڵو ڕێکخراودا سەرکەوتوتر دەبن، ئەگەر تاکێک لەو کۆمەڵە (ڕێکخراو) پەکی کەوت، ئەوانی دیکە کارەکەی درێژە دەدەن تا بە ئاکامی دەگەیەنن. دەڵێن ئەگەر لە ژماردندا یەك + یەك دەبێتە دوو، لە کاری ڕێکخراوەیی‌دا بەرهەمی کاری یەك تاك + یەك تاك زۆرتر دەبێ لە دوو.

لە نیزامە داخراوو سەرەڕۆکاندا کە هەمیشە ترس‌و نیگەرانی‌یان لە گۆڕان هەیە، تاکی وشیار کە لە دژی ئەو نیزامە رادەپەڕێ، زۆر زوو لە لایەن دەسەڵاتەوە بە سەرکوت وزەبرو زەنگ یان بە تەماحوەبەرنان بێدەنگ دەکرێ، بەڵام هاواری چەندین کەسی هاودەنگ هەم بەرزترەو خەڵکی زۆرتر دەیبیستن هەم بێ‌دەنگ کردنیان بەزەحمەتترەو تێچووی بۆ دەسەڵاتە سەرەڕۆکان زیاترە. لە خۆڕا نیە کە ئەم شێوە دەسەڵاتانە لە پێکهاتنی ڕێکخراوو یەکگرتن بەتوندی بەرگری دەکەن‌و ئەگەر ڕێکخراوێك هەبێ تێك‌و پێکی دەدەن، بۆیە لەم شوێنانەدا ڕێکخراوەکان لە رووی ناچاری بە شێوەی نهێنی پێك دێن‌و کارو تێکۆشانی خۆیان درێژە دەدەن‌و لە کاتی ئاشکرابوونیان لەگەڵ سزای توند رووبەڕوو دەبنەوە. ئێمە لە ئێرانی زەمانی شاو بە دوای وی‌دا کۆماری ئیسلامی‌و هەروەها لە وڵاتانی دراوسێی ئێران کە بە شێوەی دیکتاتۆری بەڕێوە دەچوون رۆژانە شاهێدی زۆرێك لەم ئەزموونانە بووین. ئەگەر حیزبی دێموکرات شێست‌و چەند ساڵ لەوەپێش توانی کۆمارێك بە سەرۆکایەتی پێشەوا پێك بێنی‌و دوای ئەو نسکۆیەی تووشی کۆمار هات‌و بە هەموو ئەو کەندو کۆسپانەی کە تا ئێستا هاتوەتە سەر ڕێگای، تا ئێستاش هەروا بەسەر پێوەیەو بە دەیان هەزارو بگرە زیاتریش هەروا ڕێڕەوی ئەو ڕێبازەن، هەمووی دەگرێتەوە سەر ڕێکخراوبوونی ئەم ڕێبازو تێکۆشانە. ئەوە لە حالێکدایە کە لەو ماوەیەدا زۆر کەسانی تێکۆشەرو ئازادیخواز بە فیداکاری زۆرەوە لە ڕێگای ئامانجە بەرزەکانیان لە ژێر ئەشکەنجە یان لە مەیدانەکانی ئیعدامدا گیانیان لێ ستێندراوە، بەڵام زوو لە بیر چوونەتەوەو بێجگە لەوەی شوێندانەری‌یەکی ئەوتۆشیان لە سەر کۆمەڵگاکەیاندا نەبووە. خۆ ئەگەر سەیری وڵاتانی دێموکراتی رۆژئاواش بکەین بە ئاشکرا دەبینین کە ڕێکخراوەکان‌و حیزبەکان دایناموی ئاڵوگۆڕ، پێشکەوتن‌و بەختەوەریی کۆمەڵگای خۆیانن.

دوای ئەم سەرەتایە کورتە باشتر بۆمان روون دەبێتەوە کە دوکتور قاسملوو بۆچی دەڵێ "ڕێکخراو چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە".

ژێدەر:

[١]- پەسند کردنی وتووێژ لەگەڵ رێژیم لە دەفتەری سیاسی بەو مەرجە بوو کە هەیئەتێك لە حیزبی دێموکرات بەبێ دوکتور قاسملوو درێژە بە وتووێژ بدا.

[٢]- بەپێی دوایین سەرژمێریی "سازمان برنامەریزی و مدیریت کشور" کە لە ساڵی ١٣٨٥دا کراوە، حەشیمەتی کوردەکان لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، کوردستان، ئازەربایجانی رۆژئاوا، خوراسانو تاران **٨٨٢٤٣١١** کەس مەزەندە دەکرێ.

٣- عبدالرحمن قاسملوو، ژیانو رۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا١٩٣٠ ـ ١٩٨٥ ن. هوشمند علی محمود شێخانی

٤ـ چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادیدا ن. دوکتور قاسملوو

٥ـ سەرچاوەی (٢) لاپەڕەی ٧٦



# وتوویژ لەگەڵ:

# پرۆفسۆر د. عزەالدین مستەفا رەسووڵ،

## ( دوکتورای ئەدەبیاتی کوردی )

## لەسەر کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو

**تیشك: بەڕێز پرۆفسۆر عزەالدین مستەفا رەسووڵ سەرەتا زۆر سپاسی جەنابتان دەکەین بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا، دەکرێ ئاماژە بە هێندێك لە تایبەتمەندییەکانی د.قاسملوو بکەن؟ لەسەر چەندو چۆنی زانستی د.قاسملوو لە ئاستی جۆراوجـۆردا نەزەرتان چییە؟**

و: من یەکەم جار نییە لەسەر د.قاسملوو ئەنووسمو یان باسی دەکەمو زۆر لە لایەنی شەخسی ئەوم باس کردووە بە تایبەتی لەو پێشەکییەی کە بۆ وەرگێڕانی چل ساڵ خەباتم نووسیوە، بەڵام هێشتا گەلێك شت ماوە لەسەر ئەو شەخسیەتە مەزنە بیڵێم یان بینووسم، سیفەتی یەکەمی د.قاسملوو رۆشنبیرییەکەی بوو، بێجگە لەوە کە ٨ بۆ ٩ زمانی بەباشی دەزانیو بە کاری دەهێنان لە خوێندنەوەو نووسینو قسە کردندا لە هەموو بابەتێك کتێبی دەخوێندەوەو یان گوێی لە رادیۆ دەگرت ئەو دەمە تەلەفزیون یان ماهوارە بەو چەشنە نەبوو، پاشان ئەوەش کە دەبێ بۆترێ ئەوە بوو کە لە ژیانی شەخسیو حیزبیدا زۆر رێكوپێك بوو بەرنامەی هەبوو بۆ نموونە کە بە میوانداری دەچوویە خزمەتی لە زۆر شوێن یان لە دواییەکاندا کە دەهاتە سلیمانیو ئێرەی بە ماڵی خۆی دەزانی، هەموو بەیانییێك سەعات ٦ هەڵدەساو گوێ لە دەنگو باس دەگرت لە رادیۆی پاریسەوە، ئینجا خۆی دەشوتو پاش نان خواردنی بەیانی یان لە کاتی نان خواردنەکەدا بە پێی جۆری خواردنەکە قسەی دەکرد زانیاری زۆری لەسەر نەوعو جۆرو .... هەر خوراردنێك هەبووو دواتر سەرقاڵی کاری دیکەی دەبوو. هەروەها د.قاسملوو شارەزایی لەسەر زۆر بابەتدا هەبوو دوور لە پسپۆڕی خۆی، زانیاری گشتی هەبوو لەسەر زۆر شتو قسەی لەسەر دەکرد شارەزایانە قسەی لەسەر دەکرد، ئەو خەریکی سیاسەت بوو دیارە تێکۆشەرێکی گەورە بوو.

**تیشك: هۆگری ناوبراو بۆ زمانوکولتوورو هۆنەرو ئەدەبیات چۆن بوو، لەم پێوەندییەدا چەندەی گرینگی بە زمانو هۆنەرو ئەدەبیاتی کوردی دەدا؟**

و: د.قاسملوو بە پێی پسپۆڕی خۆی ئابووریناس بوو واتە کۆلیجی ئابووری تەواو کردبوو، لە پراگ دوکتوراکەی لە بارەی ئابوورییەوە بوو بەڵام هەر لەو کاتەدا بایەخێکی زۆری بە ئەدەبیات دەداو ئەدەبیاتی کوردی، شیعری کوردی زۆر لەبەر بوو، پێش ئەوەی من بچمە وڵاتی سۆڤیەت لێم بیستووە کە دەیگوت وڵاتانی پێشکەوتوو لە رووناکبیرەکەی دەپرسن شاعیرەکەت کێیە؟ واتە هەر کەسەو شاعیرێکی هەیەو خۆشی ئەوێو پێیەوە خەریکەو شیعرەکانی لەبەرە، ئەو

دەیفەرموو من شاعیرەکەم بابا تاهیرە، لەبەر ئەوە چ لە پراگو چ لە شوێنی دیکە کەلە خزمەتی‌دا بووم دیوانی بابا تاهیرم بە دەستییەوە دیوە، شیعرەکانی بابا تاهیری هەموو لەبەر بوو بەلاّم لە پالّ ئەوەشدا زۆر شیعری خانی لەبەر بوو، نالّێم هەموو مەم‌و زین بەلاّم زۆرجار شێعری مەم‌وزینی بە نموونە دەهێنایەوە(فەرقا من‌و تە ژ شەرق ب غەربە مەشرق توو ئاگری تە زاهر مەغرب ئەزو ئاگری من باتن)

لەگەلّ ئەوەشدا شێوەی قسەکردنی مالّەوەی کرمانجی ژووروو بوو بەلاّم شیعری گۆرانیشی زۆربەی لەبەر بوو، ئابووری ناس بوو بەلاّم پاش تەمووزی ١٩٥٨ز لە کولیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا ببوو بە مامۆستای لێهاتووو دەرسی مێژووی کوردی دەوتەوە، لە شیعری فارسی‌دا زۆرتر چوارینەکانی خەیامم لیّ بیستووە، دووریش نەبوو لە شێعری تورکی نازم‌حکمەتەوە، هەروەها لە نووسینەکانی‌دا هەست بەوە ناکەی شێوەزاری کرمانجی ژووروە چونکە چلّ سالّ خەبات کە خۆی نوسیویەتی بە کوردی خوارەوە.

**تیشك : پێناسەی د. قاسملوو بۆ سیاسەت‌و دیپلوماسی چی بوو؟ دەوری ناوبراو لە ناساندنی کێشەی کورد بە دونیای دەرەوە چۆن هەلّدەسەنگێنن؟ بۆچی بە سەفیری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە ئاستی جیهاندا ناسراوە؟**

د.قاسملو لە سەردەمی جمهورییەتی کوردستاندا لیپرسراویی لاوان بووە لە ورمیّ، دوای لە دەرەوە ئەندامی حیزبی توودە بووە واتە کۆمۆنیست بووە جۆرێك یەکگرتووی لە نێوان توودەو حیزبی دێموکراتدا دروست کرد، بەلاّم دوایە حیزبی دێموکراتی وەك حیزبێکی سەربەخۆ نیشان‌داو سەرکردایەتی کرد بەلاّم لەو سەردەمەش‌دا کە لە پراگ بوو بە کۆمۆنیست دەناسراو بیری بەرەو سوسیال دێموکرات دەچووو رەخنەی لە زۆر لایەنی ئەزموونی کۆمۆنیستەکانی (چکی) هەبوو لەگەلّ زۆر لە رووناکبیران‌و نووسەرانی چکی‌دا پێوەندی هەبوو بە تایبەتی ئەو دەستەیەی کە (دۆبچیك) سەرکردەیی دەکرد، دوایە کە چووە فەرانسە تەواو لەگەلّ سوسیال دێموکراتەکاندا پێوەندی هەبوو هەر ئەوجۆرە بیرەی لە حیزبی دێموکراتدا چەسپاندو کاری کردە سەر چەند حیزبی دیکەی بەشەکانی دیکەی کوردستان. لە پراگ وەك گوتم پێوەندی بە زۆر کەسانەوە و یان لایەنەوە هەبوو بەلاّم مەوداکە تەسکتر بوو، چووە پاریس مەودایەکی فراوانتری هەبوو کە هاتەوە کوردستان وەك سەرکردە دەرکەوت هەولّی پێوەندی لەگەلّ زۆر لە لایەن‌و رۆژنامەوانی دەدا بەوجۆرەی وەك

"بێرنارد کۆشنێر" وەزیری دەرەوەی ئێستای فەرانسە لە شەهید بوونی‌دا باسی کرد وەك شەخسییەت، یەکەم کەس کە هەوڵی ناساندنو باس کردنی مەسەلەی کوردی بۆ زۆر لایەنی جیهانی داوە. پێش هەموو کەس هەوڵی ئەوەی داوە کە مەسەلەی کورد بە لایەنی جیاجیادا بناسێنێ لە کاتێکدا کە باری ئایدولۆجی وای کردبوو خەڵکی دیکە کارەکە لەسنووری هاوبیرەکانی خۆیاندا بهێڵێنەوە لە جۆرێکی تەسکدا بێ تەنانەت هەوڵی ئەوەشی‌دا کە لەگەڵ هێندێك حیزبی تورکی‌دا پێوەندی پێك بێنێ‌و باسی مەسەلەی کوردیان بۆ بکا.

**تیشك: دەکرێ ئاماژەیەك بە روانگەی د.قاسملوو سەبارەت بە خەبات دژی کۆنەپەرەستی، دیکتاتۆری و فاشیزم بکەن؟**

و: وەك گوتم ئەو لە سەرەتاوە کۆمۆنیست بوو پاشان دێموکرات بوو پاشان لە مەودای جیهاندا وەك سۆسیال دێموکرات دەرکەوتبوو ئیتر ئەمانە هیچی لەگەڵ بیری کۆنەپەرستی نەدەگونجا، لەگەڵ ئەوەش‌دا هەوڵێکی زۆری‌دا کە مەسەلەی کورد لە سنووری جمهوری ئیسلامی‌دا بە وتووێژو دانووسان چارەسەر بکات تا بوو بە قوربانی ئەو جۆرە وتووێژەش ناچار بوو کە هاتە کوردستانی عێراق لە گەورەدێ‌و بۆڵێ، جۆرێك پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی‌دا هەبێ، بەڵام بە هەموو جۆرێ دەیویست لەو پێوەندیە رزگاری ببێ چوونکە حیزبی بەعسی بە فاشیستی دەزانی‌و ناچاری لەم دیو ببووە ئەو جۆرە پێوەندییەو رەنگە دوا وتووێژیشی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا هەر بۆ رزگار بوون بێ لەم جۆرە پێوەندییە چونکە بە مینی‌مۆمێك رازی دەبوو کە سەرەتا بێ بۆ گەیشتنە ئەنجام، بەڵام دیار بوو ئامانجی لایەنی ئەولا هەر تیرۆر کردنەکەی بوو.

**تیشك: ئەم چەمکانە لای شەهید د.قاسملوو چۆن پێناسە دەکران؟ ئازادی، ئاشتی، دێموکراسی؟**

و: ئەو مەفهوومانە لای ئەو تەواو ئەوەیە کە لای تێکۆشەرێکی کوردی پێشکەوتن خواز هەبێت لای کەسێك هەبێ بە کراوەیی‌و شارەزای سوسیال دێموکرات بێ، بەڵام دوژمنی کۆمۆنیستیش نەبێ. ئەمانەش هەمووی لە نووسینەکانی‌دا لە پێرەوی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هەیە کە رەنگە بە قەڵەمی ئەو نەخشەی کێشرابێ.

**تیشك: جارێکی تر زۆر سپاسی جەنابتان دەکەین بۆ بەشداریتان لەم لێدوانەدا.**



# وتووێژ لەگەڵ:
# پرۆفسۆر د. مارف خەزنەدار،
## ( پسپۆری مێژووی ئەدەبی کوردی )
## لەسەر کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو

**تیشك: بەڕێز د.مارف خەزنەدار پێشەكی زۆر سپاسی جەنابتان دەكەین بۆ بەشداریتان لەم لێدوانەدا، تكایە بفەرموون سەرەتای ئاشنابوونتان لەگەڵ د.قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ كەی و چۆن بووە؟**

و: لە دوای شۆڕشە سوپاییەكەی عەبدولكەریم قاسم و رووخانی رێژیمی مەلیكی لە عێراق رۆژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ پێوەندی نێوان عێراق و ئێران بە جۆرێكی دیكە كەوتەوە، ئەگەر لە پێش ئەو رووداوە هەندێ لە كوردانی هەردوولا بە نهێنی یا بە قاچاغی چاویان بە یەكتری بكەوتایە لە پاش ئەو گۆڕانە بنچینەییە گەلێ لە كوردانی پارچەكانی دیكەی كوردستان روویان دەكردە عێراق، بە تایبەتی كەسانی سیاسی و رۆشنبیر. ئەوانەی من چاوم پێیان كەوت زۆر بوون، بەڵام لەگەڵ كەمیان لە نزیكەوە بووین بە هاورێ. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە بۆ نزیكی لە من قاسملوو بوو. لەو رۆژەوە كە یەكتریمان ناسی (١٩٥٨) تا شەهید بوونی پێوەندیمان بە یەكترەوە هەبوو، بە بینین و نامە نووسین لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

**تیشك: دەكرێ ئاماژەیەك بە چەندوچۆنی بەهرەو توانا و لێهاتوویی و هەندێك لە تایبەتمەندییەكانی د.قاسملوو بكەن؟ بە كورتی گەورەیی كەسایەتی ناوبراو چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

و: ئەو كاتەی لەگەڵ قاسملوو یەكتریمان ناسی ئەو لە ئورووپا دەژیا، بەڵام هاتوچۆی زۆر بوو بۆ بەغدا. بێگومان لەو سەردەمەدا لەگەڵ ئەوەی سەرقاڵی كاری سیاسی و حیزبایەتی بوو قوتابی خوێندنی باڵاش بوو لە زانستییەكانی مێژوو و ئابووری. زیرەكی و زانینی چەند زمانێكی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی یارمەتی زۆری قاسملووی دەدا لە كارە زانستییەكانی‌دا سەركەوتوو بێ، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بتوانێ تا رادەییێك تیۆری و هەندێ هەڵوێستی سیاسی لە بابەت مەسەلەی نیشتمانی كوردەوە دیپلۆماسییانە بخاتە روو و تا پلەییێك بە سەركەوتوویی بیگەیێنێتە ئەنجام.

**تیشك: ئاستی زانست و تێگەشتنی د.قاسملوو لەسەر زانستە سیاسی، ئابووری و كۆمەڵایەتییەكان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

و: بۆ ئاشكرا كردنی رووی راستی سیاسەت پێویستە بڵێم ئەم مەعریفەتە وەكوو هەموو ئەوانی دیكە دوو رووی هەیە، تیۆری و پراكتیكی، ئەم دوو دیاردەیە بەلای منەوە دژی یەكترین، یەكەمیان تیۆرییەكە عیلمێكی حەقیقی‌یە لەگەڵ مەنتیق و راستی مامەڵە دەكا، واتە ئەكادیمی و

زانستییانەیە. دووەمیان پراکتیکی‌یە لەگەڵ موناوەرەو فیێڵو فەنەرو زمان لووسی مامەڵە دەکا. بەم جۆرە یەکەمیان پیشەی مامۆستای زانستگایە، دووەمیان پیشەی ئەو کەسانەیە کە سیاسییان پێ دەگوترێ، ئەگەر سیاسەت پیشەبێ وەکوو مامۆستای قوتابخانەو ئەفسەرو نانەواو دارتاش. لە ژیانی ئێستای زاناو رۆشنبیران کەم رێك دەکەوێ ئەم دوو سیفەتە لە شەخسێکدا کۆ ببێتەوە. هەندێ کەس لە کاتی خۆیدا پەنجەیان بۆ "هێنری کیسینجەر" درێژ دەکرد لەم بابەتەوە. من لە کۆمەڵی کوردەواری خۆماندا ئەم سیفەتەم لە قاسملوودا دەدی. ئەم شەخسە مامۆستاییێکی لەبار بوو لە موحازەرەی تیۆری لە زانستگا. لە کاری خۆیدا واتە سیاسەتو ئابووریو میژووو کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو بوو. وەکوو کوردێك هەندێ جار دەسگای رۆژهەڵاتناسی سوودیان لە توانای وەردەگرت لە هەموو زانستییەکانی پێوندییان بە کوردەوە هەبوو تا دەگاتە زمانی کوردیەوە، جگە لەوە سەری لە ئەدەبی کوردیش دەردەکرد. ئامۆژگای زمانانی زیندووی رۆژهەڵات لە پاریس وەك مامۆستاییێکی پسپۆڕ لە فۆنێمو فۆنێتیکی زمانی کوردی ماوەییێك قاسملوویان خستبووە رێزی ئەم جۆرە مامۆستایانەوە. بەم پێیە قاسملوو لە کۆمەڵی کوردەواریدا توانای مامۆستاییێکی سەرکەوتووی هەبوو دەیتوانی تیۆرییەکانی زانستی سیاسەتو ئابووری بڵێتەوە، هەروەها رێکخەرێکی سەرکەوتووش بوو لە مەیدانی حیزبایەتی کە دیوی راستی پراکتیکی عیلمی سیاسەتە.

**تیشك: د.قاسملوو لە سیاسەتو هەڵوێستو نووسینو لە جەریانی پراکتیزە کردنی بیروباوەڕیدا چەندە گرینگی دەدا بە واقعبینیو ئەخلاقو راستگۆییو ئەمانەتداریو پرنسیپەکانی دیکە؟**

و: ئەم پرسیارە لەم گفتگۆیەدا گرنگە. جا پێش ئەوەی باس لە ئەخلاقییەتی قاسملوو بکەم- ئەگەری بە زۆری تیۆری سیاسەت کە دەکەوێتە ناو پراکتیکەوە ئەخلاقی تێدا نییە- هەندێ باس لە پێوەندی ئەو لەگەڵ خۆمدا دەکەم. من رۆشنبیرێك بووم دوا ئامانجم ئەوە بوو ببم بە مامۆستای زانستگا وەك کەسێکی بێ لایەن. لە هیچ حیزبو رێکخراوێکی سیاسی ئەندام نەبووم لە پێش ناسینی قاسملووو لە پاش ئەوو تا ئێستاش. پێوەندی منو ئەو رۆحی بوو، سۆزی نەتەوایەتی کوردو خۆشەویستی مرۆڤایەتی بوو، ئەمە بووە هۆی نزیکیمان لە یەکترەوە. ئەو دەیزانی بە هیچ جۆرێ من نخوونی کارە نهێنیەکانی حیزبایەتی ئەو ناکەوم. خۆی سەری لەمە سووڕ مابوو، دەیگوت ئەم خەڵکە بێ لایەنانەی من دەیانناسم، تۆ لە ناویان دا یەکانەی، ئەوانی دیکە کەمو

زۆر خۆ کفر نییە هەندێ شت لە بابەت کارە پراکتیکییە نهێنییەکانی من بزانن. ئەمەم بۆ ئەوەیە لە هەڵوێستێکدا لە ساڵی ١٩٨٣ کارێکی کردبوو بە لای منەوە قاسملوو نەدەبوو ئەم کارە بکا. خەریك بوو هەمووو ئەو زانیاریانەی لە مێشکی مندا کۆ بووبونەەو لە بابەت ئەوەوە وون دەبوون. مەسەلەکە بەجۆرە بوو:

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٣ لە هەولێر بووم، خۆم ئامادە دەکرد روو بکەمە وڵاتی جەزائیرو لە بەشی زمانی عەرەبی ئامۆژگای ئەدەبیاتی زانستگای شاری عەننابە ببم بە مامۆستای ئەدەبی ئەجنەبی (ئورووپایی)و ئەدەبی بەراوردکاری.

هاورێیێکی بەڕێزم لە سلێمانییەوە هاتبوو رووی کردە ماڵم لە هەولێر. تەنیا بیست دەقیقە لام مایەوە. سڵاوی حیزبی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی پێ گەیاندمو ئینجا گوتی: برادەرانی یەکیەتی خەریکن موفاوەزاتێك لەگەڵ حیزبی بەعس دەکەن وەکوو ئەوەی ساڵی ١٩٧٠پارتی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ حیزبی بەعسی کرد. ئێمە نامانەوێ بچینە ناو تەفسیلاتەوە، مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە ئەم کارە بەلای تۆوە راستە یا نا؟ گوتم: دیارە راپرسینێکە لە رۆشنبیرانی بێ لایەن، کارتێکتان نووسیوە پرسیارێکی تێدایە «ئێمە موفاوەزات لەگەڵ حیزبی بەعس بکەین یا نا؟». گوتی: بە تەواوی مەبەستمان ئەمەیە. گوتم: من پێتان دەڵێم موفاوەزات مەکەن! ئیتر هەڵساوخواحافیزی کرد. بەدەم بەڕێکردنیەوە گوتی: زۆربەی بێ لایەنەکان گوتوویانە مەیکەن. بەڵێ، ئەوە راست بوو برادەرە رۆشنبیرە هەولێرییەکانم ئەوانیش کە پرسیاریان لێ کردبوون، زۆربەیان وەڵامیان وەکوو ئەوەی من بوو. ئیتر من ئەم مەسەلەیەم لەبیر کرد، پاش ماوەیێك لە هاوینی ١٩٨٤ لە سەفەری پاریسو لەندەنم بیستم رێکخستنی ئەم موفاوەزەیە لەسەر شانی قاسملوو بوو، لە پێشانا باوەڕم نەکرد، بەڵام دوایی لە پاریس لە هەندێ ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشم بیست.

ئەمە دوودڵی کردم، ئەوەندەی من قاسملووم دەناسی بەلای منەوە بە هیچ جۆرێ نەدەبوو ئەم کارە بخاتە سەرشانی خۆی، چونکە لەوە دڵنیا بووم لەم مەسەلەیەدا باوەڕ بە بەعس ناکا. ئەو کاتە نامە لە نێوانماندا هەبوو، هەروەها هەندێجار بە تەلەفۆنیش قسەمان لەگەڵ یەکتری دەکرد، بەڵام بە هێچ جۆرێ زاتی ئەوەم نەدەکرد بە نامە یا قسەی تەلەفۆن لە بابەت ئەم مەسەلەیەوە بیروڕای بزانم. ئەمە مایەوە تا دواجار یەکترمان لە پاریس بینی. بەتەنیا بووین، من زۆر نارەحەت

بووم، وام دەزانی لەم دانیشتنەدا لەگەڵ قاسملوو تێك دەچم لەبەر ئەوە بە دەنگی بەرز قسەم کرد، گوتم: بۆ کاری وا دەکەی؟! قاسملوو دەم بە پێکەنین بوو، بەڵکوو هەمیشە بزە لەسەر لێوی نیشتبوو، هەمیشە خەندە لە لێویدا دەباری، هەندێ خێلیش بوو ئینجا کە بە بزەو پێکەنین ملی خوار دەکردەوە جوانتر دەبوو. گوتی: راوەستە کاکی خۆم، منیش وەکوو تۆ پێیانم گوت باوەڕ بە بەعس ناکرێ. گوتیان: ئەم کارە بە تۆ نەبێ بە کەسی دیکە بۆمان ناچێتە سەر، منیش ئەوەم دەزانی ئەو کاتە وەزعی یەکیەتی زۆر خراپ بوو، لەوە کەوتبوو بتوانێ بەرگری لەخۆی بکا، ئیتر ئەگەر ئەم موفاوەزاتە ماوەییەکی درێژ بخایەنێ، یەکیەتی دەتوانێ هەندێ خۆی کۆ بکاتەوەو کاروباری رێك بخا، لەبەر ئەوە من ئەم کارەی خۆمم بە کردەوەییەکی چاكو رێکوپێك زانی. ئیتر من پرسیم: هۆی سەرنەکەوتنی موفاوەزانەکە خەتای کامەیان بوو؟ گوتی: خەتای بەعس بوو، ئەوانیش لەو سەردەمەدا هەندێ تەنگو چەڵەمەیان هەبوو، ویستیان بەم موفاوەزاتە بەسەریدا زاڵ بن. بەم جۆرە کەگیرو گرفتەکانیان لە ناوچوون، مینەتیان بەکەس نەماو دواییان بە موفاوەزات هێنا.

**تیشك: لەبەر چی د.قاسملوو لە دنیای دەرەوەی وەك مەسەلەیەکی گشتی باسی پرسی کوردی دەکرد؟ یا بە واتایەکی دیکە روانگەی د.قاسملوو لەسەر پرسی کورد وەك مەسەلەیەکی لێك گرێدراو چ بوو؟**

و: بیروڕای سیاسی قاسملوو لە بابەت مەسەلەی نیشتمانی کوردەوە واقیعیو شوموولی بوو، لە لایێك تەماشای مەسەلەی کوردی دەکرد لە رووی بەرژەوەندی هەموو کوردستانەکان، لە لاییکی دیکەوە بەرژەوەندی کوردستانی ئێران. دیارە هەر یەکێکیش لە کوردستانەکان سیفەتو کێشەی تایبەتی خۆی هەبوو لەرووی ژیانی ئادەمیزادەوە. قاسملوو لەبەر ئەوەی کوردی لە زۆربەی میللەتانی ئەم ناوچەویە بە مەغروورتر دەزانی، لەبەر ئەوە پێش ئەوەی ئەنتەرناسیۆنالیست بێ ناسیۆنالیستیش بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیفەتی ئەنتەرناسیۆنالیستی لە رەوشی قاسملوو زەق بوو. ئەو هەمیشە دەیگوت: ئەگەر مەسەلەی نیشتمانیمان وەکوو پێویستە بگاتە ئەنجام، ئەو کاتە هەر ئەوەندی کوردایەتی دەکەین بۆ ئەوەی دەسەڵات لە دەستمان بێنێتەوە، ئەگەرنا ئێمە ئەوکاتە هەموومان دەبین بە ئەنتەرناسیۆنالیست. لە بابەت شومولیەتی مەسەلەی نیشتمانی کوردەوە گەلێ هەڵویستی واقیعبینانەو پیاوانەم لە قاسملوو دیوە. لەم لایەنەوە تەنیا یەك بەڵگە

دەخەمە روو. لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری "سانتپیتر سبورگی" رووسیا بووم، تازە خوێندنی باڵام لە ئەدەبی کوردی تەواو کردبوو. قاسملوو ئەو کاتە لە پراگ بوو. لەو سەردەمەدا دووبەرەکی کەوتە ناو پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراقەوە. وابوو هەندێ ئەندامی مەکتەبی سیاسیو لێژنەی مەرکەزی کەوتنە دژایەتی لەگەڵ سەرۆکایەتی پارتی. ئەو کەسانە ناویان بە «جەماعەتی لێژنەی مەرکەزی» یا«جەماعەتی ئیبراهیم ئەحمەد» کەوتە ناوەوە، وەکوو دیارە خیلافە ئیدیۆلۆجییەکە بوو بە دوژمنایەتیو لە ساڵی ١٩٦٦ بەچەك کەوتنە گیانی یەکتری. لەو کاتەدا قوتابییانی هەموو کوردستانەکان لە ئورووپا «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد» یان هەبوو. لە پاش ماوەیێك دووبەرەکییەکەی کوردستانی عێراق کەوتە ناو ئەو کوردانەی لەو کاتەدا لە ئورووپا دەژیان، بە تایبەتی کەوتە ناو قوتابیانەوە. منو قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بووین، ئێمەی خوێندکاران نابێ ببین بە لایەنێکی ئەم دووبەرەکییە، چونکە ئێمە بە راستی کوردی عێراق یا کوردی کوردستانەکانی دیکە هەقی ئەوەمان نییەو بە راستیشی نازانین لەگەڵ هەر لایەنێکی ئەو دوو بەرەکیە بین، چونکە کۆمەڵەی خوێندکاران رێکخراوی هەموو قوتابیانی دنیای کوردە. ئێمە وەك رێکخراو نابێ لەگەڵ یەکێکیان بین دژی ئەوی دیکە. قاسملوو بە کوڵ هەوڵی دەدا کۆمەڵەی خوێندکاران نەبێ بە لایەن. بۆ مێژوو دەیگێڕمەوە ژمارەی لایەنگرانی سەرۆکایەتی پارتی زۆر کەم بوو، کەچی لایەنگرانی جەماعەتی "ئیبراهیم ئەحمەد" زۆر بوون. لە ئەنجامدا ئەمانە دەستیان بەسەر رێکخراوەکەدا گرت. لەم وەزعەدا قاسملوو هەندێ خۆی دوور گرت. منیش وەکوو ئەو. لە پاشانا چەند وتارێکیان بەم مانایە بڵاو کردەوە کە بە هیچ جۆرێ نەدەبوو کۆمەڵە ببێتە لایەن، بە پێچەوانەوە پێویست بوو دەوری ناوبژی هەبێ چونکە رێکخراوەکە هەموو قوتابییانی کوردی گرتبووە خۆیو هی حیزبێك یا خود لایەنێکی دیاریکراو نەبوو. لەو کاتەدا کەسانی بەرچاو لە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد"عیسمەت شەریف وانلی"و "کەماڵ فوئاد" بوون. دەوری "کەماڵ فوئاد" سەرەکی بوو بۆ پشت گرتنی کەسانی لێژنەی ناوەندی پارتی دێموکراتی کوردستان لە دژی سەرۆکایەتی پارتی، کەچی دەوری "عیسمەت شەریف" بە پێچەوانەی ئەو، زیاتر واقیعییانە بوو لە مەسەلەی خەباتی نەتەوەی کورد. بەلای منەوە هەر لە ساڵانی ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا کۆمەڵەی خوێندکاران ئەو دەورەی نەما، من لێی دوور کەوتمەوەو لە پاشانا گەڕامەوە نیشتمان.

**تیشك: بە گشتی روانگەی د.قاسملوو بۆ رەوتی ئاشتیو دێموکراتیزاسیونو پراکتیزە کردنی ئازادیو مافی مرۆڤـــ و مافی نەتەوایەتیی لە جیهانو بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوین چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

و: قاسملوو وەکوو لە هەندێ گوتەکانی ئەم گفتوگۆیە ئاماژەم پێکردووە زاناو دیپلۆماسـییێکی عالەمی بوو، ناسیۆنالیزمو ئەنتەرناسیۆنالیزمی تێکەڵ بە یەکتری کردبوو، بە واتـاییێکی دیکـە کەسانێك بوو وەك لە وەسفی کلاسیکی سیاسەتو دیپلۆماسییەت هاتووە بیرو باوەڕی نەتـەوەی کوردی هەبوو (کوردایەتی)، هەر لەو کاتەدا بیروباوەڕی مارکسیزمی تیـۆری مێـشکی روونـاك کردبووەوە، بەڵام رەخنەی لە هەندێ بۆچوونو هەڵوێستی پراکتیکی زۆربەی حیزبە کۆمۆنیستەکان دەگرت، بە تایبەتی پارتی کۆمۆنیستی رووسیا. لە دوای «گلاسنوستو پیریسترۆیکا»ی میخائیل گۆرباچۆڤ بیروڕاو بۆچوونەکانی قاسملوو لەم لایەنەوە راست دەرچوون. قاسملوو تەنیا سیاسـییێکی کورد نەبوو، بەڵکوو هەڵوێستی بەرامبەر هەموو رووداوێکی سەر رووی زەوی هەبوو. لە یەکتری بینینماندا لە شارە جیاوازەکانی ئوروپا وەکوو مۆسکۆو سانت پیترسـبورگو بـەرلینو پـاریسو جێگــەی دیکــە لــە رووداوی سیاســی رۆژانــە دەدوایــن، وەکــوو بزووتنــەوەو راپەڕینــەکانی چیکۆسلۆڤاکیاو هەنگاریا، دیواری بەرلینو دابەشکردنی ئـەڵمانیا، سیاسـەتی چـینو کاسـترۆی کووبا، دروست کردنی سۆسیالیزم لـە ئەسـیووپیا (حەبەشـە)و وڵاتـە دواکـەوتووەکانی دیکـەی ئەفریقاو گەلی رووداوی دیکە. لە دواییدا بۆچوونی قاسملوو لە بابەت ئەم مەسـەلانەوە زۆریـان بەراست درچوون. هەروەها ئەو رێگەی لەکەس نەدەگرت بە سەربەستی قسەی خـۆی بکـا هـەتا ئەگەر لە دژی بیروباوەڕی خۆی بوایە. بە گشتی رۆژگار گەلێ بۆچوونی قـاسملوو کـە لـە کـاتی خۆیدا دەتوانم بڵێم مەقبوول نەبوون بەڵام رۆژگار دەری خست ئـەو راسـت بـوو. بـەلای منـەوە قاسملوو لە دەرگاییێکی گەورەوە وەکوو زاناو رۆشنبیرو نیشتمانپەروەر چووە ناو گێتی مێژووەوە.



کاک حەسەن شیوەسەڵی    شەهید د. قاسملوو

## وتووێژ لەگەڵ:

# کاک حەسەن شیوەسەڵی

### (ئەندانی ئیفتیخاریی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)

## لەسەر کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو

# کورتەیەك لە ژیانی سیاسی کاك حەسەن شێوەسەڵی

ــ کاك حەسەن ئیبراهیمی ناسراو بە حەسەن شێوەسەڵی، ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی لە گوندی شێوەسەڵی ناوچەی سەردەشت لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشدا لەدایك بووە.

ــ بە هۆی نەبوونی قوتابخانە لە ناوچەدا، لە حوجرەی فەقێیاندا فێری خوێندنو نووسین بە زمانی کوردی، فارسیو عەرەبی دەبێ.

ــ ساڵەکانی ١٣٤١ــ١٣٤٠ بە هاوکارو لایەنگری تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەردەگیرێو ساڵی ١٣٤٣ بە فەرمی دەبێتە ئەندامی حیزب.

ــ لە پاییزی ١٣٤٣ لەگەڵ کۆمەڵێك لە مامۆستایانو فەقێکان یەکیەتی قوتابیانی ئایینی پێك دێنن.

ــ پێش بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ٤٧ ـ ٤٦ دەبێتە کادری پێوەندی تەشکیلاتی لە ناوچەی سەردەشت.

ــ لە سەرەتای پاییزی ١٣٤٦لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتی حەمەرەزاشا، دەگیرێو بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ لە زیندانەکانی ئێراندا زیندانی دەکرێ.

ــ لەساڵی ١٣٥٧دا دەبێتە ئەندامی "کومیتەی زاگرۆس"ی حیزب حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو دەبێتە بەرپرسی ناوچەی شنۆو هەروەها وەك بەرپرسی سیاسی، نیزامی شیمالی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی بەرپرسایەتییەکەی لە ناوچەی ورمێ جێگر دەبێو پاش ماوەیەك بە هاوکاری دوکتور قاسملوو "کومیتەی ورمێ" پێك دێنن.

ــ بەرپرسایەتییەکانی بریتی بوون لە: بەرپرسی نیزامی سەردەشتو فەرماندەی دەست بەسەرداگرتنی شوێنە نیزامییەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە هەموو ناوچەی سەردەشت ــ فەرماندەری هێزی شەهید موعینی ــ بەرپرسایەتی نیزامی لە شیمالی کوردستانی ئێران ــ بەرپرسایەتی نیزامی لە جنوبی کوردستانی ئێران ــ لە شەڕی ٣مانگەدا بەرپرسی جیبهەی سەردەشت ـ پیرانشار ــ فەرماندەری هێزی شەهید ئاوارە.

ــ لە کونگرەی ٥دا ئەندامی راوێژکاری کومیتەی ناوەندی بووە، لە کونگرەکانی ٩-٨-٧-٦-٤دا ئەندامی کومیتەی ناوەندی بووە، لە کونگرەی٤دا بۆ ماوەیەك ئەندامی دەفتەری سیاسی بووە، لە کونگرەکانی ١٤و١٣ی حیزبدا دەبێتە ئەندامی ئیفتیخاری کومیتەی ناوەندی.

ــ لە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦دا، کۆماری ئیسلامی ئێران لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا، کتێبێکی بۆمبڕێژکراو بە ناوی "سپید دندان" (ددان چەرموو) بۆ کاك حەسەن شیوەسەڵی دەنێرێ کە لە دستیدا دەتەقێتەوەو، لە ئاکامدا بەداخەوە هەردوو دەستو چاوەکانی لەدەست دەداو گوێیەکانیشی تا رادەی ٧٥٪و ٢٥٪ لەدەست دەدا.

ــ ساڵی ١٩٩٥ی زایینی، ئاوارەی دەرەوەی وڵات (سوئید) دەبێو لەوێ دەست دەکا بە خوێندنو دیپلۆم وەردەگرێو لە زانکۆ وەردەگیرێو لەوێش تا چوار تێرمی خوێندنی باڵادرێژە بە خوێندن دەدا.

ــ ئێستاش لە هەندەران بە گوێرەی تواناو بە شێوەی جۆراجۆر، وەك ئەندامی ئیفتیخاری کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ وەدیهاتنی ئاواتو ئامانجەکانی نەتەوەی کورد خەبات دەکا.

**تیشك : سەرەتا زۆر سپاسی بەرێزتان دەکەین بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا، جەنابتان کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی و جەماوەری و نیزامیدا هاوڕێ و هاوکاری نێزیك و جێی متمانەی د. قاسملوو بوون، دەکرێ سەبارەت بە تایبەتمەندییەکان و کاراکتێریی ناوبراو بۆمان بدوێن؟**

وڵام: جگە لە خودی د.قاسملو هیچکەس ناتوانێ وڵامی ئەو پرسیارە یا ئەو شێوە پرسیارانە بداتەوە چونکە هیچکەس ناتوانێ وەك خۆی ئاشنا بە مێژووو رابردووی خۆی و تایبەتمەندیی و کاراکتێرو ئەخلاقییاتی خۆی بێ. لێرەدا هەرچی لەسەر د.قاسملو بڵێین، دووپات کردنەوەی "مكررات"ە، شی کردنەوەی روونکراوەکانە، چوونکە لە ماوەی ئەو ۲۰ساڵەدا کە دوکتور قاسملوو شەهید بووە لە هەموو رێورەسمەکانی ساڵانەداو لە هەر دەرفەتێکی دیکەدا قسە لەسەر تایبەتمەندییەکانی روحی دوکتور قاسملووو ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەی ناوبراو کراوە، جا بۆیە ئێمە هەرچی لێرەدا باسی بکەین دووپات کردنەوەی ئەو شتانەیە کە لە پێشدا گوتراون و رەنگە شتێکی تازەی تێدا نەبێ.

ئەگەر بتهەوێ شتێکی تازە یا شتێکی نەگوتراو سەبارەت بە دوکتور قاسملوو بڵێی، بەڕاستی دەبێ خودی دوکتور قاسملوو بی، جگە لەوەش قسەکردن لەسەر شەخسی دوکتور قاسملوو کارێکی ئاسان نیە. چوونکە لە شانۆی پێچەڵپێچ و پڕلە کەندو کۆسپی ژیان و خەباتی دوکتور قاسملوودا چەندین ئاڵقەی وا هەیە کە دەبێ نامیلکەو کتێبی گەورەی لەسەر بنووسرێ. بەتایبەتی بۆ من قسەکردن لەسەر دوکتور قاسملوو کارێکی زۆر زەحمەتە، چونکە دەبێ هەر ئەو شتانە بڵێم کە لە پێشدا بۆ خۆم گوتوومن یا ئەو شتانە دووپاتە کەمەوە کە خەڵك لەبارەی ناوبراودا گوتوویانە.

دوکتور قاسملو لە هەموو کوردستان و لە بەشێکی دنیادا ناسراو بوو، نێوی قاسملو بۆ هەموو خەڵکی کوردستان ئاشنایە هەم دۆستان و هەم دوژمنان بە نێوی قاسملووی نەمر ئاشنان. دوکتور قاسملوو ئینسانێکی زۆر لێوەشاوە بوو، دەریای ئەزموونی زانست بوو، دەریایەکی بەرینی زانست کە هەر هاژەی دەهات، نابیغە بوو، بلیمەت بوو ئینسانێکی زۆر شۆڕشگێڕ بوو، بە هەموو توانایەوە ئاشقی مۆدێرنیزاسیۆن و نوێخوازی بوو، نوێ خوڵقێن بوو، داهێنەر بوو، داهێنەری دوو فیکری تازەی شۆڕشگێڕانە بوو، دوکتور قاسملوو رەوانشناسێکی گەورە بوو، ئەو لە نێو قووڵایی دەردو ئێش و ئازارو ژانەکانی گەلەکەی خۆیدا بۆ ساڵەهای ساڵ ژیابوو و دەژیا. هەمیشە شەو و

ڕۆژ لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بتوانێ باشترین نوسخە بۆ ئەو دەردو ئازارانە بنووسێ هەر بۆیەش دوکتور قاسملوو دەیتوانی ئەمینترین ڕاسپاردە بێ بۆ ئەوەی پەیامی هەژارو ڕووت و ڕەجاڵەکانی میللەتی خۆی بەگوێی شۆڕشگێڕانی دنیا بگەیەنێ‌و لەو بارەشدا بە ڕاستی ڕیسالەتی خۆی بە باشترین شێوە بە ئەنجام گەیاندو تا دوا هەناسە بۆ بەئاکام گەیاندنی تێکۆشان‌و خەبات‌و خوێن‌و فرمێسکی گەلی کورد خۆی نەبواردو ڕانەوەستا. بەڵێ، دوکتور قاسملوو ئەستێرەیەکی گەش بوو کە لە ئاسمانی تاریکی کوردەواری‌دا هەڵات‌و تێکڕای دۆڵ‌و ئەشکەوت‌و قوژبن‌و پەناگای ئەو کوردستانەی ڕووناك کردەوە.

دوکتور قاسملوو لەخۆوە نەبوو بە دوکتور قاسملوو، ئەو کەسایەتییەی بە شەوێك‌و دوو شەو، شتێك‌و دوو شت وەدست نەهێنابوو. ئەو بە فەرهەنگی بەرینی میللەتانی ئێران‌و هەروەها بەشێکی بەرچاو لە میللەتانی دنیایە ئاشنا بوو، ئەو ئاشنایی‌یە، ئەزموون‌و ئامرازی زۆری دابووە دەستی دوکتور قاسملوو کە بتوانێ لە دوارۆژی خەباتی خۆیدا کەڵکیان لێ وەربگرێ. ئەو زمانی هەموو کەسی دەزانی، زمانی ئافرەتان، پیاوان، لاوان، جەوانان، نەوجەوانان‌و بەتایبەتی زمانی منداڵانی لە هەموو کەس باشتر دەزانی. بە لۆژیکی وتووێژو هەستان‌و دانیشتن‌و قسە کردن لەگەڵ منداڵان‌و دوان لەگەڵ عەقلییەتی منداڵان، لە هەموو کەس زیاتر شارەزایی هەبوو، ئاوات‌و ئارەزووو خەونەکانی منداڵان، بەتایبەت منداڵانی کوردستانی باش دەناسی. ئەو دەیزانی چۆن کەسایەتی بە منداڵان دەدرێ، هەر منداڵێك کە لەگەڵ دوکتور قاسملوو مولاقاتی دەکرد دوای مولاقاتەکەی کەسایەتییەکی دیکەی پەیدا دەکرد، ئەمن بۆ خۆم زۆرجار شاهیدی ئەوە بووم‌و نموونەی زۆریشم لەو بارەیەدا هەیە. ڕوحیەی کادرو پێشمەرگەکانی لە هەمووکەس باشتر دەناسی، ڕاستە دوکتور قاسملوو هێندێك جار گرژ دەبوو بەڵام ئەو گرژ بوونە، گرژ بوونێکی ئاسایی نەبوو، گرژبوونێکی مامۆستایانە بوو کە دەیهەویست ژێستی مامۆستایانە بگرێ‌و لەو ڕێگایەوە کادروپێشمەرگەکان‌و منداڵان‌و ئەو کەسانەی کە دەیهەویست فێریان بکا، پەروەردەیان بکاو ڕایان بێنێ. ئەگەر تووڕە دەبوو لەبەر خاتری گەلی خۆی تووڕە دەبوو، ئەگەر دەسووتا و هەڵدەقرچا بۆ میللەتی خۆی هەڵدەقرچا، ئەگەر ژانە دڵی دەگرت لەبەرخاتری گەلەکەی خۆی بوو. ئەو مامۆستا بوو، ڕێبەر بوو، ئاڵا هەڵگر بوو، ڕچەشکێن بوو، وەك شەمعێك دەسووتا بۆ ئەوەی ڕووناکایی بۆ دەرروبەری خۆی‌و بۆ تێکڕای نوختەکانی کوردستان بڵاو بکاتەوە، لەڕاستی‌دا ئەو شەمعێکی

بەگڕ بوو کە تا دواقەترە سووتاو ڕووناکایی بە گەلی کورد گەیاندو ئەگەر پێ دەکەنی لەبەر خاتری ئێمەو وەڕووی ئێمەوە پێدەکەنی. ئەو هەر مۆم نەبوو هەرچرا نەبوو، مەشخەڵێکی گەورە بوو کە هەتا دوا هەناسە گڕی دا، بۆیەش دوژمنانی کورد بۆ کوژاندنەوەی ئەو مەشخەڵە گەورەیە، ئەو گڕە گەورەیە، ئەوی لە توانایاندا بوو کردیان.

دوکتور قاسملوو تەنیا ئینساندۆست نەبوو بەڵکوو خۆشەویستی ناوبراو بەرامبەر بە سروشتو ئاژەڵەکانیش بێ ئەندازە بوو. ئەمن نموونەیەکی دیاریکراوم لەو بارەوە هەیە، ئەو کاتەی کە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بۆڵێ گوێزرابوونەوە، ئاژەڵەکانی ئەو دەورووبەرەی لەمێژ بوو ئینسانیان نەدیبوونو بەتایبەتی سمۆرەکان زۆر لە ئینسانان دەترسان، بە دیتنی هەر ئینسانێك لە ترۆپکی گوێزەکان خۆیان دەشاردەوە، بەڵام دوکتور قاسملوو بە پێشمەرگەکانو بە خەڵکەکەی ڕاگەیاند کە هێچکەس حەقی نیە ئەو ئاژەڵانە ئازار بدا. پاش ماوەیەکی وای لێ هاتبوو کە سمۆرەکان لە دەورووبەری مێزی غەزا خواردنی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی دیکە هاتووچۆیان دەکرد، بەبێ چووکترین مەترسی خواردنیان هەڵدەگرتەوەو دەیانخواردو لە ماوەیەکی کورتدا لەگەڵ پێشمەرگەکانو دەورووبەر ئاشنا بوونو ڕاهاتن کە ئەوە نەتیجەی خۆشەویستی و هاوسۆزی دوکتور قاسملوو بەرامبەر بە سروشتو ئاژەڵەکان بوو. ڕەنگە بڕێکیش سەیر بێ کە من ئەو نموونە سادانە دێنمەوە، بەڵام من بۆخۆم پێموایە ئەو حەرەکەتە سادانە نیشانەی بەرزیو ڕوحی ئینساندۆستی ئەو ڕێبەرە گەورەیە بوون. لەبیرمە سەگی پێشمەرگەکان، "هیوای" کچی دوکتور قاسملووی گرتبوو و برینداری کردبوو، پێشمەرگەکانیش سەگەکەیان کوشتبوو. دوکتور قاسملوو یەکجار زۆر تووڕەو ناڕاحەت بووو بەتوندی لە بەرامبەر هەڵوێستی پێشمەرگەکاندا نارەزایەتی نیشاندا. بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو تووڕەییو نیگەرانییەی لێ دیار بووو بۆ خۆی دەیگوت ئەو ئاژەڵە حەقی ژیانی هەیەو حەقی سروشتی خۆیەتی بەخەڵکیش بوەڕێو هێرش بۆ ئەو کەسانەش بەرێ کە نایان ناسێ. هیچ کاتێك سەگێك لەسەر پێوەڕینو هەڵبەزدابەزی حەیوانی خۆی ناکوژرێ. پێموایە ئەوە یەکێك لە تایبەتمەندییە بەرزە ئینسانییە دوکتور قاسملوو بوو. ئەوەو ژمارەیەکی زۆر لە تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانە، دوکتور قاسملوویان لە ئینسانە ئاسایییەکان جیا کردەوە. دوکتور قاسملوو بە حەرەکەتی شۆڕشگێڕانەی خۆی زۆر شەپۆلی گەورەی لەنێو گەلی ئێمەو لەنێو کوردستاندا وەڕێ خست. لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ساڵەکانی

٤٦و ٤٧ هاوسۆزی کردو هەڵقرچا. ئەو لە نامەیەکدا کە لەکاتی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦، ٤٧ بۆ هاورێیانی ئێمەی نووسیوەو ئەمن دوای شەهید بوونی داومەتە بە رۆژنامەی "کوردستان"و چاپ کراوە، هاورێیانی ئێمە بۆ خەباتێکی لۆژیکی و بیرسایی‌و ئوسوولّی رێنوێنی دەکاو ئەوان بۆ هەڵوێستو بەربەرەکانی سەردەمیانە لەبەرامبەر دوژمنانی گەلەکەماندا هان دەدا. موراجەعەت بە رۆژنامەی کوردستانی ئەوکاتەو خوێندنەوەو پێداچوونەوەی ئەو نامەیە بۆ لاوانی تازەپێگەیشتوو زۆر بە زەرووری دەزانم. پاش تێکچوونی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦و ٤٧ بوو کە دوکتور قاسملوو لە نزیکەوە رێبەری ئەو حیزبەی ئێمەی بەئەستۆوە گرتو روحێکی تازەو سیمایەکی تازەتری بە حیزبی ئێمە بەخشی‌و حیزبی ئێمەی گەیاندە ئاستی حیزبێکی سیاسی تەواو عەیار. دوکتور قاسملو بوو کە پۆستی مامۆستایەتیی خۆی لە دانیشگای پاریس بەجێهێشتو لەگەڵ هێندێك لە هاورێیانی ئێمە کە ژمارەیان لە پەنجەی دەستان تێنەدەپەڕی، بۆ تێکۆشانی بەکردەوەو سەختو دژوار، قۆڵی هیممەتی هەڵماڵی‌و بۆ سەنگەری خەبات لە کوردستانی ئێران گەرایەوە. ئەو لەکاتی هێرشی دوژمناندا پشتی دیفاعو بەرگری دەگرتو لەکاتی ئاشتیش‌دا قەڵەمەکەی بۆ ئاشتی وەگەر دەخست، لەگەڵ ئەوەشدا تەوانجو پلاری زۆری لەلایەن ئەملاو ئەو لاوە تێگیرا. دوکتور قاسملوو لە دەرەوەی وڵات بە هاوکاری هێندێك تیکۆشەری رووناکبیری کورد، یەکیەتی خوێندکارانی کورد یا بڵێین فیدراسیۆنی خوێندکارانی کوردی ئورروپای پێك هێنا [ئەگەر هەڵەم نەکردبێ لە نێوەکەیدا]، کە لەکاتی خۆیدا جووڵانێکی یەکجار زۆر گەورە بوو. ئەو لە راست هێرشی رووسەکان یا بڵێین هێرشی ئیتیحادی یەکیەتی سۆڤیەت ئەوکات بۆ سەر چێك‌وسلۆاکی هەڵوێستی لێبڕاوانەی گرتو نەتیجەی زۆر نالەباریشی بە گژوە بوو، بەڵام زۆر بوێرانە ئاکامەکەی قەبووڵ کرد. دوکتور قاسملوو لەکاتی هەرەبەهێزیی دەسەڵاتی سەدام حوسێن‌دا لە بەرامبەر شیمیابارانی هەڵەبجەدا هەڵوێستی گرتو ئەو بومبارانەی بە توندی مەحکوم کرد. دوکتور قاسملوو لەگەڵ دوژمنانی گەلی کورد واتە خومەینی‌و دارودەستەکەی وتوویژی کردو پێی وابوو وتوویژ بەشێکە لە خەباتو تێکۆشانی ئێمە. دوکتور قاسملوو کورتە باسی هێنایە گۆڕێ کە ئەو هەڵڵا گەورەیەی لێ دروست بوو، بەڵام هیچکەس بە قەد دوکتور قاسملوو لە بەرامبەر "مخالفان"ی سیاسی خۆیدا پشوودرێژ نەبوو. ئێمە ئەگەر

بمانهەوێ تەواوی هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەکانی دوکتور قاسملوو لێرەدا باس کەین، بەڕاستی جێگای بەشێکی زۆر کەمیشیان نابێ بۆیە خولاسەی دەکەینەوە،

دوکتور قاسملوو هەرگیز خۆی بەدەستی قەزاو قەدەرەوە نەدا، ئەو ڕێبازی شیکردەوە، خەتی دیاری کرد، ڕێنوێنیدا، ئالآی هەڵگرت، ڕچەی شکاند، ئەو هەرگیز نەبوو بە لایەزی جەریانی سیاسی، لێبڕاوانە هەڵوێستی دەگرتو ڕێگای خۆی بڕیو تا ئەو جێگایەی کە گوڵی تەمەنی هەڵوەریو شانۆی ژیانی بەداخی گرانەوە کۆتایی پێ هات. بەداخم کە ئەو کۆچە زۆر زووبوو، ماڵئاوایی‌یەکی نابەوەخت بوو.

## تیشك : ڕوانگەی ئەو ڕێبەرە مەزنە لەسەر مرۆڤی ئازادو سەربەخۆ و سیمای دێموکرات چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

وڵام: دوکتور قاسملوو پێی وابوو ئینسان ئازاد لەدایك بووەو دەبێ ئازادیش گەشە بکاو بڕواتە پێشو ئازادانەش ڕێگای ژیان بپێوێتو بچێتە پێشێ. پێی وابوو ئازادی مافی ئاسایی هەر ئینسانێکەو هەر کاتێك ئینسان لە مافی ئازادی بێبەش بێ، قەوارەی ئینسانی ئەو ئینسانەی تێکدەچی، ئەوکاتەی ئینسان قەوارەی ئینسان بوونی تێکچوو دەبێتە ئالەت، دەبێتە ئامراز، دەبێتە وەسیلە بۆ زۆر هەدەفی چووکتر. بەڵام دوکتور قاسملوو پێی وابوو کە ئازادی بەمانای ئازادی ڕەها نیە. ئازادی چوارچێوەی هەیە، حدوودو سنووری خۆی هەیە، هەرکات ئازادی ئەو سنوورانەی بەزاندو لە چوارچێوەی دیاری کراوی خۆیدا نەما، ئەو کاتە ئازادی ناوەڕۆکی خۆی لەدەست دەداو دەبێتە بێ‌بەندوباری. دەبێتە لیبرالیزمی ڕەها(موتڵەق) کە ئەوە لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئازادی بە هیچ جۆرێك تێك ناکەنەوەو یەکتر ناگرنەوە. دوکتور قاسملوو زۆرجار قسەی گەورە پیاوانی دیکەی بە نموونە دەهێنایەوە، دەیگوت ئازادی ڕاستەقینە ئەو ئازادییەیە کە زەربە لە ئازادی خەڵکی دیکە نەدات، دوکتور قاسملوو پێی وابوو، ئەوکاتە پیرۆزیو قودسییەتی ئینسانەکان دەپارێزرێ کە سەربەخۆ بنو دەسەڵاتی سەربەخۆ بڕیاردانیان هەبێ، هەر ئینسانێك کە لە کۆمەڵدا ئەوەندە لە مەنگەنە بدرێ کە نەتوانێ بڕیاری سەربەخۆ و ئازادانە دەربڕێ ئەو وەختە ئینسان نیە، ئەو وەختە ئامرازە، وەسیلەیە بۆ زۆر ئەهدافو مەبەستی چووك چووك کە شیاوی مەقامو پێگەی ئینسان لە مەفهومی ئەسڵی خۆیدا نیە. هەرکاتێك مەیدانی هەڵسووڕانی ئینسانەکان بەو شێوەیە تەنگەبەر بکرێتەوەو بەو شێوەیە کەڵکی نالەباری لێوەربگیرێ، زیانێکی

زۆر گەورە بە خانەوادەی ئینسانو هەروەها زیانێکی زۆر گەورە بـە حورمـەتی بەشـەری دەگـا. دوکتور قاسملوو ئینسانی دێموکرات بە هۆی ئەو چەند خاڵانەی کە لە "سـیمای دێمـوکرات"دا هاتوون پێناسە دەکا. ئەو پێی وابوو ئەگەر ئینسانێك باوەڕی قـووڵی بـە پلـۆرالیزمی سیاسـی هەبێو ڕەعایەتی بکا، لایەنگری بڕیاردانی سەربەخۆ بێ لە بەستراوەیی دووری بکاو لێی بێـزار بێ، باوەڕی قووڵی بە ئازادیو دێموکراسی هەبێو هەروەها ئەو ئینسانە باوەڕی بەوە هەبێ کـە دەسەڵاتی هەڵسووڕێنەری وڵات، دەبێ دەسەڵاتێکی دێموکراتیك بـێو پێـڕەوی لـە عەدداڵـەتو دادپەروەری بکا، جیاوازی ڕەگەزی، جینسیو ئایینی مەحکووم بکاو هەروەها ئەو ئینسانە لـە هەڵسووڕانو کردارو ڕەفتاری خۆیدا ڕێز لە هەموو هێزە سیاسییەکانو کۆمەڵانی خەڵك بگـرێ، ڕێز بۆ مـافی سیاسـی هـەموو ئینـسانەکان دابنـێو هـەروەها ئـەو ئینـسانە هـەوڵ بـدا کـە ناسیۆنالیزمی تەنگ نەزەرانە لە سەفحەی زەینی ئینسانەکان بسڕێتەوەو بەتونـدی خـەباتی لـە بەرامبەردا بکا، هەروەها ئەو ئینسانە ڕێز بۆ مافی کۆمەڵانی خەڵك دابنـێو دژی چەوسـانەوی ئینسان بەدەستی ئینسان بێ، باوەڕی بە مافی بەرابەری ژنو پیاو لە کۆمەڵو لە خێزاندا هەبێو هەروەها ئەگەر ئەو ئینسانە ئینسان دۆست بێو بەشەر دۆست بێو بایەخ بۆ دۆستایەتیو لێك تێگەیشتنی ئینسانەکان دابنێ، جیاوازی دانانی ڕەگەزی، جینسی و ئایینی مەحکووم بکا، خۆی بەکەم بگرێو هەرچەشنە مەزنخوازییەکی بێدەلیل و بێ جێگا مەحکووم بکاو چەند شتیتـریش ئەو ئینسانە، ئینسانێکی دێمۆکراتیی ئازادیخوازیی تەواو عەیارە کە دوکتور قاسملوو بۆخۆشی بە کردەوە، لەو خەتەیدا حەرەکەتی دەکردو بایەخی بۆ دادەناو بـۆ پیـادە کردنـی ئـەو بایەخانـە ئەوەندەی لە توانایدا بووهەوڵی دا.

**تێشك: بە باوەڕی جەنابتان زانستی جۆراجۆرو ڕەوشتو تایبەتمەندییە بەرزەکانی د. قاسملوو چ کاریگەریو شوێنەوارێکیان لەسەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی و بزوتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد بەگشتی داناوە؟**

وڵام: ئەوەندەی لە بیرم مابێ لە سـاڵەکانی ١٣٣٩ی هـەتاوی تـا کۆتـایی ١٣٤٥ی هـەتاوی هاوڕێیانی ئێمە بەشێکیان بۆ کوردستانی ئێران گەڕانەوە، حیزب تووشی هێندێك پچڕپچڕ بوونو وابەستەیی هاتبوو. لە ڕاستیدا حیزبی ئێمە سەربەخۆیی بڕیاردانی لەدەسـت دابـوو، هەرچـەند ئەگەر پیاو بە ئینسافەوە قسان بکا دەبێ بڵێین کە حیزب لەو ماوەیەدا زەحمەتی زۆری کێشابوو،

کونگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گیرابووو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوکارییەکی زۆری لەگەڵ جوولانەوەی ئازادیخوازانـەی کوردسـتانی عێـراق کردبـووو لـەو پێوەندییەدا شەهیدیشی دابووو، بەڵام وەك حیزبێکـی سیاسـی نەیـدەتوانی سـەربەخۆیی خـۆی بپارێزێ کە لە ئاکامدا بەشێك لە هاوڕێیانی ئێمە گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێرانو دەستیان کرد بە تێکۆشانو خەباتی سیاسیو چەکدارانەو خەریك بوو رێبەرایەتی‌یەکی تازە لەداخلی کوردستانی ئێرانو لەو هاوڕێیانەی کە گەڕابوونەوە ناوخۆی وڵات پێك دەهات. هەرچەند لەو کاتەدا تەماس گرتن لە بەینی هاوڕێیانی ئێمەو دوکتور قاسملوو زۆر بە زەحمـەت بـوو بـەڵام د.قـاسملوو تـوانی چەندجارێك لە رێگای جۆراجۆرەوە پێوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی ئێمە بکـاو ئـەوەی کـە رێنـوێنی پێویستە بە هاوڕێیانی ئێمەی بدا. لە وڵامی پرسیاری پێشووتاندا باسی نامەیـەکی د.قـاسملووم کرد کە بۆ برادەرانی ئێمەی نووسیبوو و بەشێك لە رێنوێنی‌یەکانی د.قاسملوو لەو نامەیەدا هەن. ئێوە دەزانن کە د.قاسملوو زانستێکی یەکجار زۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو مێژوویی لە مێشکی خۆیدا کۆ کردبۆوەو ئاشنایی‌یەکی زۆری بە فەرهەنگو کولتووری رۆژهەڵاتو رۆژئـاوا هەبووو هەروەها وەکوو کەسێکی رووناکبیری چاوکراوە، ئەزموونێکی یـەکجار زۆری لـە ژیـانی شەخسیو کۆمەڵایەتیدا وەدەست هێنابوو. هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە بە قیمەتی یەك تەمەن رەنجو مەینەتو ئازارکێشانو دووریو غەریبایەتی وەدەستی هێنابوون، تەواوی لـە ئیختیـاری گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دانابوو. لە راستی‌دا د.قـاسملوو مەکتـەبێکی گەورە بوو کە شاگردی یەکجار زۆر لەو مەکتەبەدا پێ‌گەیشتن. ئەگەر جارێ ئێمە باسی باندۆری فیکرەی د.قاسملوو لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەین دەبێ بڵێین د.قـاسملوو لـەو حیزبەدا زۆر شاگردی وای پەروەردە کرد کە توانی‌یان رێبازەکەی ئەو بناسنو بیگرنو بەری نەدەن. د.قاسملوو رۆڵەکانی گەلی کوردی فێری ئەوە کرد کە پێڕەوی لە ئاوەزگەرایی بکەنو بـۆ هـەموو کاروبارەکانیان کەڵك لە عەقلی جەمعی وەربگرن. د.قاسملوو پێـی وابـوو ئەوانـەی کـە رێگـای ئاوەزی جەمعی بەردەدەن، ئەوە هیچ بۆ خۆیان دەبنە دیکتاتۆر، دەبنە کانگای پەروەردە کردنـی دیکتاتۆرانی دیکەش، ئەو پێی وابوو هەموومان دەبێ لە عەقڵی یەکتردا هاوبەش بینو بە پێـی عەقڵی تێکڕایی بڕۆینە پێشێ. د.قاسملوو رۆڵەکانی گەلی کوردی فێری ئەوەی کرد کە فەردگەرایی وەلا نین، دۆستی دێمۆکراسیو ئاشتیو ئازادی بن، یارو یاوەری زەحمەتکێشانو چەوسـانەوەکانی

کوردستان بن، لایەنگری بڕیاردانی سەربەخۆ بن، لە پلۆرالیزمی سیاسی پێـڕەوی بکـەن‌و مـافی کەمینە و زۆرینە لەبەرچاو بگرن، حورمەتی هێزە سیاسییەکانی نێوخۆو سەرتاسەری بپارێزن، بە چاوی حورمەتەوە تەماشای مافی ئینسانەکان‌و هەموو گەلانی دیکەی سەرتاسەری ئێران بکەن. هەروەها د.قاسملوو رۆڵەکانی گەلی کوردی فێری ئەوەی کرد کە باوەڕیان بە خۆیان بێ‌و ئیعتیماد بە نەفس لە خۆیاندا پەروەردە بکەن‌و خۆیان لە خەڵکی دیکە بە کەمتر نەزانن، پێیان وانەبێ بۆ ئەوە دروست کراون کە هەر ژێردەستی‌و نۆکەری خەڵکی دیکە بکەن یا خەڵکی دیکە چەند سەرو گەردن لە خۆیان بە بالاتر بزانن. ئەو پێی‌وابوو ئینسان شەریف‌و گەورەیە‌و هەموو ئینسانێك لـە بنەماڵەی گەورەی ئینسانەو خاوەنی بەهرەو پۆتانسییەلی تایبەت بە خۆیەتی، ئەگەر ئەو بەهرەو لێوەشاوەی‌یانە پەروەردە بکرێن، دەتوانن نوێنگەی زۆر حەرەکەتی گەورە بن. ئەو پێی وابوو کـە دوژمنانی گەلی کـورد هـەموو کاتێـك گـەلی کوردیـان بـە چـاوێکی سـووك سـەیر کـردووە، سووکایەتی‌یان پێ کردووەو بۆ ئەوەی بیرو باوەڕی لێ بستێنن‌و باوەڕبەخۆ بوونی تێدا بتوێننەوە. خائینان‌و دوژمنانی ناوخۆییش هەمیشە لەگەڵ دوژمنانی گەلەکەمان هاودەنگ بوون‌و وتوویانە، کورد کورتە. کورد ئینسانی کێوەکانەو هەرگیز نابێتە بە هیچ. د.قاسملوو بە هەموو توانایەوە ئەو باوەڕەی ڕەد دەکردەوەو لە دژی رادەوەستا. د.قاسملوو لەگەڵ ئەوەی کە بۆخۆی لە بنەماڵەیـەکی خاوەن مڵکی زۆر گەورە بوو بـەڵام چەوسـاندنەوەی زەحمەتکێـشانی بەدەسـت خـاوەن مڵکـەکان مەحکووم دەکردو لەدژی هەڵوێستی دەگرت. لەبیرمە ئەوکاتەی کە ئێمە لە سۆماو برادۆسـت‌و شاپوورو تەرگەوەڕو مەرگەوەڕ بووین، سیستمی فئۆداڵ عەشیرەتی تەنانەت لە سەردەمی رێژیمی شاهەنشاهیش بەهێزتر ببوو، فئۆداڵەکان ژیابوونەوە، خاوەن مڵکە گەورەکان چـەکدارای زۆریـان هەبوو لە راستی‌دا ئەوان دەسەڵاتی رەها بوون ئەو کاتە (هاوینی١٣٥٨ی هەتاوی) دوای ئینقیلاب بوو. چاکم لە بیرە د.قاسملوو نامەیەکی زۆر تونـدی بـۆ تێکـڕای فئۆداڵـەکانی ناوچـەی شـیمال نووسیبوو کە مۆری دەفتەری سیاسی‌و ئیمزای دوکتور قاسملووی پێوە بوو. لە نامەکەدا هـاتبوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نـاتوانێ زوڵـم‌و زۆری خـاوەن مڵکـەکان قـەبووڵ بکـاو شاهیدی ئەوەی بێ کە ئاغاکان دەودوو، زەکات‌وماڵیات لە جووتیارەکان بستێنن، هەروەها لـە نامەکەدا نووسرابوو ئەگەر خاوەن مڵکەکان واز لەو کارەی نەهێنن لەگـەڵ ڕقو تـووڕەی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرەوڕوو دەبن. نووسینی ئەو نامەیە بە مانـای رووبـەڕوو بـوونی

حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر هەزاران چەکداری خاوەن مڵکەکانی شیمال بوو، بەڵام د.قاسملوو ئامادەی وەرێ خستنی شەڕێکی گەورەی چینایەتی بوو بۆ ئەوەی دیفاعی لە مافی چەوساوەکانی شیمالی کوردستان کردبێ. د.قاسملوو رۆڵەکانی گەلی کوردی فێری ئەوە کرد کە لە پێناوی دیفاع لە هەژارانو داماوانی کوردستان، دارو نەداریان فیدا بکەن. ئەمن شەخسەن ئەو نامەیەم بۆ هەموو خاوەن مڵکەکانی شیمالی کوردستان برد کە لە دوای ئەوە، شەڕی سێ مانگە دەستی پێ کردو خاوەن مڵکەکان سەفی خۆیان لە سەفی تێکۆشەران جیا کردەوەو بەشێکیان چەکی دوژمنیان هەڵگرت. د.قاسملوو هەمیشە کێشەی لەسەر ئەوە بووو لەسەر ئەوە پێی دادەگرت کە نابێ مەسڵەحەتی گشتی بە قوربانی مەسڵەحەتی شەخسی بکرێو نابێ مەحبووبییەتو خۆشەویستی شەخسی بە قیمەتی لەژێر پێ نانی ئوسووڵی حیزبی وەدەست بێ، وەدەست هێنانی ئەو خۆشەویستی‌یە لە قامووسی د.قاسملوودا خۆشەویستی‌یەکی پووچو بێ مەعناو رەزیلانە بوو. ئەو پێی‌وابوو کە حیزبایەتی دڵداری نیەو بە دەیان جار بۆخۆم ئەو رەستەیەم لێ بیستووە. پێی‌وابوو سادقانەترین، پاکترین هەڵوێست لە پێوەندی دوو ئینسانی حیزبی‌دا ئەوەیە کە راستی‌یەکان وەکوو خۆیان بگوترێنو بدرکێندرێن. ئەو دژی پوورچاکەڵەیی‌و عەوام فەریبی بووو پوورچاکەڵەیی‌و عەوام فەریبی بە دیاردەیەکی زۆر نالەبار دەزانی‌و پێی‌وابوو ئەوانە ئاکامو ئەنجامێکی زۆر نالەبارو تاڵ وەدی دێننو "بە پروپاگەندەی ناڕاست نەماست رەش دەبێو نەخەڵووز سپی دەبێ"، ئەمن ئەوەم چەندین جار بە گوێی خۆم لە ناوبراو گوێ لێ بووە لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە بۆ برایەتی‌و ئاشتی‌و دۆستی، هەروەها لەیەك تێگەیشتن تەبلیغی دەکرد.

د.قاسملوو دژی لاساری تەشکیلاتی بووو هەمیشە شەلاتی‌گەری‌و ملهوڕی نێو تەشکیلاتەکانی بە دیاردەیەکی نالەبار دەزانی‌و پێی‌وابوو کە ئەو دیاردەیە هەڕەشە لە دوا رۆژی تەشکیلاتی حیزبی ئێمە دەکا، ئەو عاشقی شایستە پەروەری بووو پێی‌وابوو دەبێ ئەو ئینسانانە کە لێوەشاوەن، پەروەردە بکرێنو وەکوو سەرمایەیەك بۆ حیزبی دێموکراتو گەلی کورد بپارێزرێن. ئەو پێی‌وابوو کە ئێمە نابێ هەر پاڵەوانی قسەکردن بین دەبێ تیۆری‌و پراکتیك لە مەیدانی عەمەلدا شانبەشانی یەکتر بچنە پێشێ. لێرەدا بە داخەوە ناکرێ باسی هەموو تایبەتمەندی‌یەکانی د.قاسملوو بکەین، ئەوانەی کە باسمان کردو چەندین تایبەتمەندی دیکەش کە لە د.قاسملوو وەکوو "غریزە ذاتی" هەبوون، شوێنەواریان لەسەر یەك‌یەکی ئەندامانی حیزبو تێکڕای حیزبی

دێموکراتی کوردستانی ئێران دانا کە لە ئاکامدا ئەو حیزبە بوو بە حیزبێکی خاوەن پێناسەی خۆی‌و خاوەن تایبەتمەندی‌یەکانی خۆی کە لە پێشدا خاوەنی ئەو پێناسەو ئەو تایبەتمەندی‌یانە نەبوو. د.قاسملوو تەحقیقاتێکی یەکجار زۆر قووڵ‌و بەرینی زانستی کرد کە بەرهەمی ئەو تەحقیقاتە زانستی‌یەی لە ئیختیار حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و رۆڵەکانی گەلی کورد دانا‌و تا مێژوو، مێژوویەو دنیا دنیایە باندۆرو شوێنەواری دەمێنێتەوە.

سەبارەت بە بەشی دوایی پرسیارەکەتان، رۆڵ و باندۆری د.قاسملوو لەسەر جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلەکەمان چۆن بووە، عەرزتان دەکەم کە ئەو جووڵانەوەیە لۆژیکێکی قایم‌و قووڵ‌و بەهێزی دارشتووە لەژێر تیشك و ناوەرۆکی ئەو لۆژیکە بەهێزەیدا زۆر رێگای پڕ تەنگ‌و چەڵەمەو هەورازو لێژی بڕیوە بە زۆر دەریای "طوفانی"دا تێپەڕ بووە، ئەو جووڵانەوەیە ئەزموونی زۆری وەدەست هێناوە، جگە لەوەی کە رابردوویەکی دوورو درێژی مێژوویی پێش ئینقیلابی ئێرانیی هەیەو تەواوی ئەزموونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و تاڵی‌و سوێری‌و مەینەت‌و بێبەشی میللەتی کوردو سەرکەوتن‌و شکست‌و تاڵی‌و تفتی‌و هەموو دەرسەکانی رابردووی تا سەرکەوتنی ئینقیلابی ئێرانیی لە سینەدا راگرتووە، ئاشکرابوونەوەی حیزبی دێموکرات‌و میتینگی ۱۰۰هەزار کەسی شاری مەهاباد‌و فەرمانی جیهادی خومەینی و هێرش بۆسەر کوردستان‌و شەری سێ مانگەو دەورانی وتووێژو "مذاکرە"و دەست پێکرانەوەی شەڕی جینایەتکارانەی جمهوری ئیسلامی بەرامبەر بە گەلی کوردو هێرشی هەمەلایەنەی ئەرتەش‌و پاسدارو بەسیجی‌یەکان بۆسەر کوردستان‌و ژینۆسایدو قەتڵ‌و عامەکانی کوردستان وەکوو قارنێ‌و قەڵاتان‌و سۆفیان‌و سەرووکانی‌و سەرچنارو وسووکەندو ئیندرقاش‌و زەردەو زۆر جێگای دیکەی کوردستان، ئیدامەی شەڕی ۱۰،۱۵ ساڵەی جمهووری ئیسلامی بەرامبەر بە گەلی کوردو کۆتایی پێ هاتنی شەڕی ئێران‌و عێراق‌و باقی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران‌و کوردستان‌و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و دنیای وەك تاقی کردنەوە لە ئیختیار نا، کە دوکتور قاسملوو تا کاتی شەهید بوون‌و تیرۆرکرانی، تەواوی ئەو رووداوانەی یەك‌یەك‌و نوختەبە نوختە شی کردوونەوەو تەجزیەو تەحلیلی کردوون‌و لە خزمەت رۆڵەکانی گەلی کوردی داناون بۆ ئەوەی ببنە ئەزموون‌و دەرسی دوارۆژی گەلەکەمان. لە هەمووی ئەو قۆناغانەداو لە پێوانی دەریا "طوفانی"یەکاندا، د.قاسلوو تا کاتی شەهید بوونی کەشتی‌یەوانی بەتواناو بەهێزی نێو ئە هەموو تۆفانانە بوو کە بە عەقڵ‌و تێگەیشتنی کەم وێنەی

خۆی و بە ئەوپەڕی لێوەشاوەییەوە، سوکانداری بەهێزو بە توانای ئەو کەشتییە بوو. ئەگەر جوولانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد ئەزموونێکی هەبێ کە پێم وایە یەکجار زۆری هەیە، ئەگەر ئەو جوولانەوەیە هێزو توانایەکی وەدەست هێنابێ کە پێموایە زۆری وەدەست هێناوەو هەروەها، ئەو جوولانەوەیە ئەگەر خەتێکی دیاریکراوو روونی هەبێ کە پێموایە خەتێکی زۆر روونو ئاشکراو شەفافی هەیەو ئەگەر رێگایەکی بەرەو سەرکەوتن کێشابێ کە پێموایە جادەیەکی زۆر قایمو قۆڵی بەرەو گەیشتن بە لووتکەی ئاواتی گەلەکەمان کێشاوە ئەگەر نەڵێم هەمووی، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر لێوەشاوەییو حیکمەتی قایمو قۆڵی د.قاسملووی نەمر.

**تیشك : دوكتور قاسملووو چ شێوە مودیرییەتێكیان بۆ حیزبی دێموكرات بە باشو پەسند دەزانیو لەم بوارەدا بە كردەوە چۆن هەنگاوی هەڵدەگرت؟**

ولام: ئەوەندەی من ئاگادارم کە د.قاسملوو باسی مودیرییەتی کردبێ، بە تەنیا باسی مودیرییەتی نەکردووە بەڵکوو هەمیشە باسی مودیرییەتی ئاگاهانەو دیسیپلینی ئاگاهانەی پێکەوە دەکرد، پێیوابوو ئەو دوو شتانە دوو وتەزان کە پێوەندی تایبەتییو ئۆرگانیزەیان پێکەوە هەیە، ئەو دووانە لە زۆر شتدا دەتوانن تەواوکەری یەکتر بنو دەتوانن یارمەتی بە زۆرتر شەفافییەتی مەسەلەکان بدەنو ببنە هۆی ئاگاییو وشیاری زیاتر. لە پێشدا بگەڕێینەوە بۆ دیسیپلینی ئاگاهانە، د.قاسملوو پێی وابوو کە دیسیپلین "تجلی" سانترالیزمی دێموکراتیکە کە بەبێ لەبەرچاو گرتنی سانترالیزمی دێموکراتیك وەکوو ئەسڵێك کارەکان ناتوانن بچنە پێشێ. دیسیپلینی ئاگایانە "فی‌البداهە"و لە خۆوە لە ئینسانەکاندا دروست نابێ، ئەو غەریزەیە لە ئینسانەکاندا جۆراجۆرە، ئینسانی وا هەیە زەمینەی پیادە بوونی دیسپلینی تێدا زۆرترە، ئینسانی واش هەیە ئەو زەمینەیەی تێدا کەمە، کەوابوو بۆ پیادەکردنی دیسیپلین، پێویستی بە رەوانشناسیو دەروونناسییەکی تایبەتی هەیە، لە پێشدا دەبێ ئینسانەکان بە وردی تاوتوێ بکرێن جا دوایی بەرنامەی دابەزاندنی دیسیپلینیان لەسەر پیادە بکرێ. بۆ پیادەکردنی دیسیپلینیش دیسان شێوەی ئۆسووڵی و لۆژیکی هەیە. مێشکی ئینسانەکان قومقومە یا لیوانی ئاو نیە کە بتوانی راستەوخۆ ئاو یا ماددەگەلی تراوی دیکەی تێبڕێژی، بۆ دانی خۆراك بە مێشکی ئینسانەکان میکانیزمو میتۆدی تایبەتی لازمە، هەر شتە میتۆدی خۆی هەیە کە پێویستە ئەو میکانیزمە یا ئەو میتۆدە باش دەرك بکری. پاش دەرکی دروستی مەسەلەکان، تۆ دەتوانی بۆ

پیادەکردنی دیسیپلین هەوڵ بدەی، بەڵام ئەزموونو تاقی کردنەوەی حەکیمانەو جۆراجۆر پێویستە. هەروەها دیسیپلین قۆناغی جۆراوجۆری هەیە، قۆناغی یەکەمو دووهەمو سێهەمو ئیتر لە یەکێك لەو قۆناغانەدا بەهرەی ئینسانەکان بە پێی لێوەشاوەیی گەشە دەکا. لەو کاتەدایە کە دەتوانی دیسیپلینی زۆر قورستر لە نێو بیرو بۆچوونو هۆشی ئینسانەکاندا پیادە بکەی. ئەمجارە هۆشو پێگەیشتنی زیاتریش بۆ نێو مێشکی ئینسانەکان رەوانە بکەی، هەروەها پێیوابوو مودیرییەتیش لە ئینسانەکاندا پلەی جۆراوجۆری هەیە. هێندێك کەس زەمینەی زۆرو هێندێکی دیکەش زەمینەی کەمتری مودیرییەتی‌یان تێدا هەیە. بۆ ئەو مەسەلەیەش دەبێ رادەی توانایی‌یەکان زۆر بە وردی هەڵسەنگێندرێ، پاش ئەوە بەرنامە بۆ "القاء"ی مودیرییەتی ئاگاهانەو هەروەها "القاء"ی بیرۆکە دێموکراتیکەکان دەست پێ بکرێو دابڕێژرێ. بەڵام بە پێی بۆچوونی نەمر د.قاسملوو لە هەمووی ئەو قۆناغانەدا حەرەکەتی زانستیو وردی هاوکێشەکانو لێپرسینەوەی ئاگاهانە پێویستە. د.قاسملوو پێیوابوو کە دەبێ کار بە کارزان بسپێردرێ وەك بۆخۆی دەیگوت: دەبێ کاری قەیسەر بە قەیسەر بسپێری. دەبێ مودیرییەت بە کەسێك بسپێردرێ کە توانای بەڕێوەبردنی مودیرییەتی هەیە، زۆرجاران شیعرەکەی سەعدی دەخوێندەوەو دەیگوت: "جز بە خردمند مفرما عمل گرچە عمل کار خردمند نیست" لە نێو ئێمەشدا کەسانێك هەبوون کە پێیان وابوو مودیرییەت دەبێ لە رێگای توندوتیژیو گرژیو ژێست گرتنەوە ئەنجام بدرێ بەڵام دوکتور قاسملوو ئەوەی بە توندی رەد دەکردەوە، پێیوابوو ئەو کەسەی بەجێهێنانی مودیرییەتی پێ دەسپێردرێ یا ئەو کەسەی مودیرییەت وەئەستۆی خۆی دەگرێ دەبێ نفووزو باندۆری مەعنەوی لەسەر دەوروبەرو ئەملاوئەولای خۆی هەبێو دەبێ بۆخۆی نموونە بێ، وتەو کردەوەکانی یەك بن، نابێ درۆ لەگەڵ دەوروبەری خۆی بکا، هەم لەگەڵ خۆی راست بێتو هەم لەگەڵ دەوروبەری خۆی، ئەوانەی چ لە کاری سیاسیو چ لە کاری نیزامی‌دا دەگەنە پۆستی مودیرییەت یا ئەوانەی ئامرازی مودیرییەت بە دستەوە دەگرن دەبێ هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دابن کە هارمۆنیو هەماهەنگی لە نێوان واحیدەکانی دەوروبەری خۆیاندا پێك بێنن. خوڵقاندنی هاودەنگیو هەماهەنگیو هاوفیکری بۆ کاری مودیرییەت مەسەلەیەکی یەکجار زەرووریيە، نەك جیددیو زەرووریيە بەڵکوو هەوێنی کارەکانە، مودیرییەتی ئاگاهانە ئەوەیە کە دەبێ رووی راستی بە دەوروبەری خۆت نیشان بدەیو کارێکی وابکەی دەوروبەرت بە تەواوی تۆ بناسنو لە

بەرنامەکانت حاڵی بن‌و لە تۆ حاڵی بن بە چووکترین حەرەکەتێك، بە چووکترن ئیشارەتێك کە ئەتۆ دەیکەی لە تۆ تێ‌بگەن کە تۆ چت دەوێ‌و چ هەدەفێکت هەیە، ئەو کاتە ئۆتوماتیکی مەسەلەکان جێ‌بەجێ دەبن‌و بەبێ بەکارهێنانی زۆر، ئەوەی کە پێی دەڵێن "اعمال"ی زۆرو بەبێ دیکتە کردنی مەسەلەکان بە زۆری، زۆر مەسەلەو موشکیلات خودبەخود دیکتە دەبێ‌و پیادە دەکرێ، ئەوە نەزەری د.قاسملوو بوو کە هەم دیسیپلینی ئاگاهانەو هەم مودیرییەتی ئاگاهانە ئەگەر بە شێوەی عەقلانی لەیەك گرێ بدرێن‌و تێکەڵ بکرێن زۆر موعەمما، زۆر رەمزو زۆر مەتەڵی یەکجار زۆر گرینگ چارەسەر دەکەن‌و لانی کەم هاسانکاری پێك دێنن. عەداڵەت‌و داوەری مونسیفانە، لەبەرچاو گرتنی مافی وەك‌یەکی دەورووبەر، حەرەکەتی زانستی‌یانەو وردو بەردەوام، چوونە پێشی پلەبەپلەو بە پێی هەلوومەج‌و شەرایەتی زەمانی‌و مەکانی بۆ پەروەردە کردن‌و خۆ راهێنان، بەرەوژوور بردنی وشیاری سیاسی‌و نیزامی‌و کۆمەڵایەتی، چاوخشاندن بە رووداوەکانی مێژووو گونجاندنی ئەوان لەگەڵ عەسرو زەمان‌و ئەو هەلوومەرجەی کە لە ئارا دایە، مودیرییەتی ئاگاهانەو دیسیپلینی ئاگاهانە لە ئینسانەکاندا بەهێز دەکەن‌و دەبنە رەمزی سەرکەوتن‌و بەئاکام گەیشتن. من بەش بەحاڵی خۆم بەداخم کە لە ئامۆژگارییەکان‌و ئاگاهی‌دانی دوکتور قاسملوو کەڵکی پێویستم وەرنەگرت‌و شاگردێکی زۆر خراپ بووم، ئێستا بۆم دەردەکەوێ کە ئەگەر ئەوەی دوکتور قاسملوو بەدەرس بە ئێمەی دەگوت یا لە قسەکانی‌دا بە ئێمەی رادەگەیاند بە کردەوە رەعایەتمان کردبایە کارمان لەجێگایەکی دیکە بوو. کە هیوادارم نەسڵی ئێستاو دوارۆژ کەڵك لە ئامۆژگارییەکانی د.قاسملووی نەمرو باقی تێکۆشەرانی دیکە وەربگرن.

پێم‌خۆش بوو لێرەدا هەرچەند باسەکە برێك درێژتر دەبێتەوە شتێك زیاد بکەم. ئەوەی من لە بابەت‌و مودیرییەتەوە لە د.قاسملووم بیستووە زۆرتر پێوەندی بەو مودیرییەتەوە هەبوو کە لە نێوان پێشمەرگەکان‌و بەرپرسانی پێشمەرگە یا بڵێین فەرماندەرانی پێشمەرگەدا لە ئارادا بوو. لە بابەت "سوء"ی مودیرییەتیش ئەمن هێندێك شتم لێ بیستووە ئەو پێی‌وابوو کە بەرپرسانی پێشمەرگە لەکاتی جووڵەو عەمەلیات‌دا یا لەکاتی هێرش بردندا یا هێرشی دوژمندا دەبێ زۆر جیددی‌و داهێنەر بن‌و لەکاتی حەسانەوەش‌دا یا لە کاتی مانەوە لە بنکەی سابیت‌دا دەبێ هاوکارو هاورێ‌و رەفیقی سادەو دەم بەپێکەنین بن، عەکسی ئەوەی "سوء"ی مودیرییەتە.

دوکتور پێی‌وابوو که هەر بەرپرسێکی پێشمەرگە لەنێو مودیرییەتی خۆی‌دا دەبێ لەسەر شتی مومکین پێ دابگرێ.

چاوەڕوانیی بێجێ، داوا کردن یا دەستووردان بۆ مەسەلەیەك که به هیچ جۆر ئیمکانی نیە، پرتەو مینگەی بێ وەخت، لەخۆ نیشاندانی مەیلی منداڵانە، زێدەڕۆیی‌و بەفیڕۆدان، خۆ هەڵسوڕاندن‌و گرژی، توندوتیژی کوێخایانە، خۆ گێل کردن لە راست هێندێك مەسایلی زۆر گرینگ، هاندانی پێشمەرگەکان بۆ سەرقاڵ بوون به شتی زۆر بێ کەڵك‌و لە دەستدانی کات... خۆ پاراستن له هاندانی پێشمەرگەکان بۆ فێر بوون‌و بەرەوژوور بردنی پلەی زانستیی سیاسی‌و نیزامی ئەوان، شتی زۆر چووك، گەورە کردنەوەو قەڵسە گێڕان، نەدانی دەرەتانی پێویست بۆ فێر بوون، بێ‌دەنگی‌و شی نەکردنەوەی مەسەلەکان، پێك نەهێنانی کۆبوونەوەی پێویست‌و تێنەگەیاندن یا شیتەڵ نەکردنەوەی مەسەلەکان، دانی ئیمتیازی بێ‌جێ، لەبەرچاو گرتنی خۆشەویستی‌و ناخۆشەویستی له دانی ئیمتیازدا، تەشویق نەکردنی پێویست یا تەشویقی بێ‌جێ‌و به لارێدا بردنی زەین‌و بیری پێشمەرگەکان، هەڵسەنگاندنی زۆر مەسەلەی گرینگ بەپێوانەی ماددی، بەرخوردی نالەبارو نادروست لەگەڵ تۆمەتباران‌و ئەسیران، لەبەچاو نەگرتنی حورمەتی کۆمەڵانی خەڵك وەکوو پێویست، فەقیر کوژی‌و داوەری نادادپەروەرانە، پێڕانەگەیشتن‌و نەگرتنی حورمەتی نەخۆش‌و بریندارەکان، کەڵك وەرگرتن له دەورووبەر وەکوو ئامرازو وەسیله بۆ هەدەفی بچووك بچووك، دڵ شکاندنی بێ دەلیل، لەدەست دانی هەل‌و فورسەت، قوربانی کردنی شتی گەورە بۆ شتی چووك، ئوسووڵ فیدای تاکتیك کردن، ئوسووڵ‌و پرەنسیپی حیزبی لەژێر پێ نان به خاتری وەدەست هێنانی خۆشەویستی شەخسی، ئەوانە و زۆر مەسایلی دیکەش بە سووئی مودیرییەت حیساب دەکرێن‌و زەربە له جوانی و کەرامەت‌و گەورەیەی پێشمەرگەکان له لایەك‌و له لایەکی دیکەش زەربە لەکارو تێکۆشانی ئێمە دەدەن. ئەگەر ئەمن بمهەوێ له یەك رەستەی کورتدا وڵامی بەرێزتان بدەمەوە ئەوەیە که ئەو شێوە مودیرییەتەی د.قاسملوو دەیهەویست حوسنی مودیرییەت بوو که هەموو لایەنە باشەکانی وتەزای مودیرییەتی بەتەواوی دەگرتەوەو له خۆیدا جێ دەکردەوە.

**تیشك: روانگەی د. قاسملوو لەسەر "وابەستە بوون"و "سەربەخۆیی بڕیاردانی سیاسی" چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

وڵام: ئەوەی کە د.قاسملوو پێی لەسەر دادەگرت‌و باوەڕی پێی هەبوو، بە شتێکی ئوسووڵی‌و زۆر دروستی دەزانی‌و بەدڵ پێڕەوی لێ دەکرد، مەسەلەی میانەڕۆیی فیکری بوو، دوکتور قاسملوو دژی زێدەڕۆیی‌و بەفیڕۆدان بوو، بیر‌و باوەڕی ناوبراو لەگەڵ توندڕەوی جوور دەرنەدەهاتـەوەو هـەروەها دژی کشانەوەو پاشەکشەی نائاسایی، ترس‌و لەرزی بێدەلیل‌و دەغدەغەو دڵەڕاوکێی نابـەوەخت بوو. بڕوای بەراگرتنی لەنگەر بە شێوەی عەقڵانی‌و لۆژیکی هەبوو، پێی‌وابوو راگرتنی بـالانس‌و هارمۆنی وەك هەوێن‌و مایە لە تەواوی کاروباری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌دا ئیمکان‌و دەرفەتی ئەوە پێك دێنێ کە بە لێکدانەوەی هاوکێشەکان‌و لێپرسینەوەی وردەوە ئەملاو ئەو لای خۆت ببینی، ئاگاهانەو حەکیمانە بۆ ئەو مەبەستەی کە دەتهەوێ بە لێکدانەوەی وردەوە حەرەکـەت بکـەی‌و وشیارانە رێگای خۆت بپێوی. پێی‌وابوو جووڵانەوەی بێ لێکدانـەوە سـەرکەوتوو نـابێ‌و ئەگـەر سەرکەوتووش بێ سەرکەوتنێکی زانستی و عەقڵانی نیـە بـەڵکوو تـەنیا بەهەڵکـەوت هاتۆتـە پێشێ‌و جاری دیکەش رەنگە سەرکەوتن بەو شێوەیە وەدەست نەیەتەوە. ئەم تەجروبە تاڵەیە هەم لەنێو حیزبی ئێمەو هەم لە نێو لایەنە سیاسییەکانی دیکەدا نموونەی بووەو رووی داوە، ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە وابەستە بوون ئاکامی لێکدانەوەی نادروست و بەپەلەیە، بەرهەمی پەڕانـدنی سنووری میانەرەوی‌یە، ئێستا ئێمە دەبینین کە یەکێك لە خاڵەکانی سیمای دێموکرات سـەبارەت بە بەستراوەیی بوونە کە لەوێ‌دا بە بێزراوەیی باسی وابەستە بوون دەکاو دەڵـێ: دێمـوکرات لـە بەستراوەیی بێزارەو هەربۆیە پێی خۆشە حیزبەکەی بەبێ هیچ بەستراوەیی‌یەك لە بڕیـارداندا بـە تەواوی ئازادو سەربەخۆ بێ. ئەوەیە کە نەك هەر لە خاڵەکانی سیمای دێموکراتدا، لـە حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و لە پێشەنگی ئەو حیزبەدا، دوکتـور قـاسملووی نـەمر، نـامۆیی‌و بێزاری بەرامبەر بە وابەستەیی دەردەبڕێت‌و ئەو حیزبە بـۆ وابەسـتە نـەبون و بـۆ سـەربەخۆیی بڕیاردان رێنوێنی دەکا. ئەو کاتەی ئینـسان بـە ئـازادی دەنگـی خـۆی هەڵـدەبڕێ کـە زنجـیری وابەستەیی مل‌و قورقورۆچکەی نەگوشێ. ئەمن بۆ خۆم زۆر شتم لەسەر زیانی وابەستە بوون لـە د.قاسملووی نەمر بیستووە کە لێرەدا ناچمەوە سەر هەموویان. ئـەمن‌و بەشـی زۆری هاوڕێیـانی ئێمە شاهیدی زیندووین کـە د.قـاسملوو چـۆن حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی لـە وابەسـتەیی

پاراستووه، له خەتی حەرەکەت بەرەو وابەستە بوون هەتڵەی کردوە لێرەدا هەرچەند باسەکە برێك درێژ دەبێتەوە بەڵام یەك دوو نموونە دێنمەوە:

رۆژگارێك هەڵڵایەکی زۆر لەسەر حیزبی دێموکرات هەبوو کە وابەستەی حکوومەتی عێراقە، بەڵام بە خۆشیەوە دوای رووخانی سەدام حوسێن بە تەواوی دەرکەوتووەو روون بۆتەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ چەشنە وابەستەیی‌یەکی سیاسی بە بەعسی‌یەکانی عێراقەوە نەبوو، لەسەر حیسابی هیچ شەخسێك، هیچ لایەنێك، هیچ هێزێك پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی عێراقیێ نەبووەو بە قەد سەری موویەکیش زیانی بە هیچ کەس نەگەیاندووە. ئەمن بۆ خۆم شاهیدی زیندووم، ئەو کاتەی کە من لە شیمالی کوردستانی ئێران کارم دەکرد واتە لەو ناوچەیەدا کاروباری حیزبیم بەڕێوە دەبرد لە هاوینی ساڵی ١٣٥٨دا ئاگاداریان کردمەوە کە کەسێك لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە هاتووەو دەیهەوێ بەرپرسی حیزبی لە ناوچەکەدا ببینێ. ئەو رۆژە ئێمە لە کۆمیتەی مەرگەوەڕ کۆبوونەوەمان هەبووو بەرنامەی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٥٨مان دادەڕشت. ئەو کەسەی کە لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە هاتبوو، "مەحێی هەرکی" بوو کە پێم وابێ ئێستاش ماوەو سەرۆك عەشیرەی هەرکی‌یەکانی عێراق بوو و لە ماڵی "رەشیدخانی ماوانا"ی، (ماوانا گوندێکە لە تەرگەوەڕ) میوان بوو، ئەمنیش چوومە لایو بە منی راگەیاند کە حکوومەتی عێراق ئامادەیە هەرچەشنە یارمەتی‌یەك بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکا. ئەمنیش لە وڵامدا گوتم ناتوانم وڵامت بدەمەوەو شتەکە بە دەفتەری سیاسی رادەگەیەنم ئەوە بوو ئەمن هاتم بۆ مەهابادو شتەکەم بە د.قاسملو راگەیاند، د.قاسملوو لە وڵامدا گوتی: ئێمە بە هیچ جۆرێکی یارمەتی حکوومەتی عیراقێمان قبوڵ نیەو نامانهەوێ. هەرچەند بێ ئەدەبیشە بەڵام قسەکەی دوکتور قاسملووی وەك خۆی دەگێڕمەوە لەگەڵ داوای لێبوردن. گوتی: "ئێمە گوشتی پشت ملی خۆمان دەخۆین منەتی قەساب هەڵناگرین". دوایی روونیکردەوەو گوتی: "ئێمە نانی رەقی خۆمان دەخۆینو یارمەتی حکوومەتی عێراقێمان ناوێ چوونکە حکوومەتی عێراقێ دیهەوێ ئێمە وابەستەی ئەو بین، بەکرێ گیراوی ئەو بین، بمانکاتە داردەستی خۆی، هەموو دنیامان بداتێ نامانهەوێ بچۆ ئەوەی بە مەحێی هەرکی بڵێوە". چەند مانگێك دوای ئەو مەسەلەیە دیسان یەك دووجاری دیکە بە شەخسی تایبەتی‌دا وڵامیان ناردبوو کە یارمەتی لە حکوومەتی عێراق وەرگرین. دیسان هەر لەو کاتەدا بەهەڵکەوت من لە خزمەت د.قاسملوودا بووم،

هاوڕێیەك پرسیاری کرد کە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یارمەتی لە حکوومەتی عێراق وەرناگرێ؟ د.قاسملوو لە وڵامدا گوتی:" ئەگەر حکوومەتی ئامریکاش بێ قەیدو شەرت یارمەتیمان بکا وەری دەگرین بەڵام نابینە بەکرێ گیراوی هیچ کەس،( ئەو کاتەی حکوومەتی ئامریکایە لە لایەن زۆربەی هێزە سیاسییەکانی ئازادیخوازەوە بێزراو بووو هەموو ڕۆژێکیش رادیۆی ئێمە درووشمی بە دژی ئامریکا دەگوت)، ئەو کاتە لە حکومەتی عێراقی یارمەتی وەردەگرین کە سەدلەسەد دڵنیا بین، ئەو یارمەتی‌یە بێ قەیدو شەرتە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە حکوومەتی عێراقی چەكو پارەی وەك خیزو خۆڵ بۆ سەرۆك عەشیرەتەکانو هێندێك کەسانی ناسراو ناردبووو بەردەوام دەینارد.

تەنانەت لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵو تەقەللایەی کە حکوومەتی عێراق بۆ ئەنجامدانی عەمەلیاتی هاوبەش دەیدا، حیزبی دێموکرات ئامادە نەبووە تاقە یەك عەمەلیاتی هاوبەشی سادەش لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەنجام بداو ڕێگای ئەنجامدرانی عەمەلیاتی نیزامیشی لەو جێگایانەدا کە دەسەڵاتی بەسەردا هەبووە بە هیچ جۆرێك بە حکوومەتی عێراق نەداوە. زۆر لایەنی دیکەش لە داخڵی ئێرانداو لە دەرەوەی ئێراندا هەوڵیان داوە بە هەر شێوەیەك بێت حیزبی دێموکرات لە ڕێبازی ئەسڵی خۆی هەتلە بکەن یا کوسپی بۆ دروست بکەن یا تووشی لادانی بکەن. سیاسەتو بیرو بۆچوونی د.قاسملوو وەك ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە وابەستەیی لە دوو کەلیمەدا خولاسە دەبۆوەو هەمیشەش دووپاتی دەکردەوە "نە وابەستەیی نە دوژمنایەتی". ئەو پێی‌وابوو لەبەینی وابەستەیی‌و دوژمنایەتی‌دا خەتێك هەیە، ئەویش خەتی میانەرەوی‌یە، ئەو پێی‌وابوو ئەگەر وابەستەیی، توانایی سەربەخۆ بڕیاردان لەحیزبێك دەستێنێ ئەگەر قەوارەی حیزبێك وەك حیزبێکی سیاسی لەبەریەك هەڵدەوەشێنێ ئەگەر باڵانسی نێوان فۆرمو ناوەڕۆکی حیزبێکی سیاسی بە تەواوی هەڵدەتەکێنێ، ئەگەر حیزبێکی سیاسی تووشی بێ‌سەرەو بەرەیی‌و هەرکەس هەرکەسی دەکات دوژمنایەتی بێ‌جێ‌و بێ دەلیلیش بەو شێوەیە زیان بە تانو پۆی حیزبێکی سیاسی دەگەیەنێ. لەو پێوەندی‌یەدا زۆرجار لە د.قاسملووم بیستووە دەیگوت: "نە زنگی زنگی، نە رومی رومی". هەر کاتێك ئەوەم لێیان دەبیست، منیش هەرچەندە لە جێ‌دا نەبوو، بە دوای ئەودا دەمگوت: "نەملکی چۆمی‌و نە خزمایەتیی دۆمی".

**تیشك: تیڕوانینی د. قاسملوو بۆ دیكتاتۆری و دێموكراسی چۆن بوو؟ بۆ دەیگوت خراپترین دێموكراسی باشترە لە باشترین دیكتاتۆری؟**

ولأم: هیوادارم من لە خزمەت فەرموودەكەی د.قاسملوو دا بێ ئەدەبیم نەكردبێ بەلأم بە داوای لێبوردنەوە عەرزتان دەكەم، رەنگە لە دێموكراسیدا دەرەجەبەندی هەبێ، جێگایەك یا ولأتێك یا كەسێك دێموكراسی باش پیادە بكا، لە جێگایەكی دیكەدا باشتر پیادە ببێ یا لە جێگایەكی دیكەدا بەباشترین شێوە بەرێوە بچێت بەلأم لە دیكتاتۆریدا ناكرێ بلێین باشترین دیكتاتۆری، پێموایە ناتوانین سفەتی باش بۆ دیكتاتۆری بەكار بێنین، دیكتاتۆری لە هەموو دەرەجەو پلەكانی خۆیدا خراپە. كەمكەس هەیە نەزانێ وشەی دیكتاتۆر مانای دیكتە كردنو سەپاندنەو دیكتاتۆر لە زۆر شكڵدا خۆی دەنوێنێو شێوەی جۆراوجۆری هەیە، دیكتاتۆر هەر ئەو كەسە نیە كە خوێنی خەلكی بڕژێ یا بەدارو شەللاق لە خەلكی بدا یا بومبو ئاور و ئاسن بەسەر خەلكیدا هەلبڕێژێ، یا دەسەلأت بسەپێنێ. ئەو كەسانەی كە رێگا نادەن خەلك بە شێوەیەكی ئازادانە بیروڕای خۆیان دەربڕن دیكتاتۆرن، ئەوانەی نەزەرو بیروباوەڕی خۆیان بە زۆری دەسەپێنن دیكتاتۆرنو هەروەها ئەوانەی كە سانسۆری بێجێ دەكەن ئەوانیش دیكتاتۆرن سانسۆرچیش دیكتاتۆرە، با باسی دیكتاتۆرەكانی گەورەی دنیا نەكەین، با باسی هیتلێرو موسولینیو سەدام حوسێنو رەزا شاو خۆمەینی و ئەتاتۆركو ئێستالین نەكەین. لە كوردستانیشدا دیكتاتۆرمان زۆر دیونو زەربەی زۆرمان بەهۆی دیكتاتۆرییەوە وەپەیكەر كەوتووە، دیكتاتۆری وام دیوە كە فەخری بە زەویو نازی بە ئەستێران فرۆشتووە. لە دێموكراسیشدا هێندیك دێموكراسی درۆییو روكەشی هەیە كە زۆر زۆر لە دیكتاتۆری خراپترە و لە راستیدا دیكتاتۆرییە. ئێستا ئەگەر لە هەریەك لە بەرپرسانی رێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێران بپرسی، چ حكوومەتێك نموونەی باشترین دێموكراسی سەر گۆی زەوییە؟! دەلێ كۆماری ئیسلامی ئێران. رەزاشاو كوڕەكەی، ستالینو جەمیل بایارو نووری سەعیدو مووسا چومبەو عەیدی ئەمینو حافز ئەسەدو دەیانو سەدانو هەزاران دیكتاتۆری دیكە خۆیان بە پارێزەری دێموكراسی دەزانی. ئەگەر ئێمە لێرەدا كاتمان زۆرتر بەباس كردن لەسەر دیكتاتۆری نەگوزەرێنینو بێینە سەر باس كردن لەسەر دێموكراسی، وشەی دێموكراسی وەكوو وشەیەكی زۆر كۆنی یونانی بە مانای دەسەلأتی خەلكە كە لە رۆژگاری كۆنی یونانەوە هەتا ئێستا وەكوو زاراوەو چەمكێكی یەكجار زۆر بەهێزو بەتوانا لەباری شكلو ناوەڕۆكو چەمكی

جۆراجۆرەوە ئیدامەی بە ژیانی خۆی داوەو رۆژبەرۆژیش بەهێزو پیێزتر دەبیێو لە قاموسو فەرهەنگی ئازادیخوازانی دنیایەدا ریشەی قوولٚترو بەهێزتری داکوتاوە، وەك وشەیەکی پیرۆز لە لایەن نەمر دوکتور قاسملوویەوە زۆر رێزی بۆ دادەنراو بایەخی پیێدەدراو دوکتور پیێیوابوو کە دەبێ وەکوو هاویتەو هەوێن لە هەموو بیرو فیکرو ئەندێشەو حەرەکەتو جووڵانەکاندا رێزی بۆ دابندریێو گرینگی پیێبدریێ.

د.قاسملوو پیێیوابوو تەنیا لە نێو چوارچێوەی دێموکراسیو لە سایەی دێموکراسی‌یەوە دەتوانرێ پلۆرالیزمی سیاسی پیادە بکرێ. بۆ پاراستنی مافی کەمینەو زۆرینە بۆ پالٚپشتی لە تەواوی ئازادی‌یەکانی تاکە کەسیو کۆمەلاٚیەتی، بۆ دابیێنکردنی تەواوی مافە ئینسانی‌یەکان، بۆ پشتیوانی لە میللەتانی زوڵم لێکراوو ژێردەست، بۆ پاراستنی قەوارەی نەتەوایەتی میللەتی چەوساوە، دێموکراسی سیلاحێکی قاتعو بە بڕشتە.

بەڵام هەروەکوو لە بەشەکانی دیکەدا باسمان کرد دێموکراسی سنووری هەیە، دەرو پەیکەری هەیە، چوارچێوەی هەیە، زۆرشت یا زۆر دیاردەی نالەبار هەن کە لە نێو دێموکراسی‌دا جێگایان نابیێتەوە،وەك قەڵسەگێڕان، زوویر بوون، تۆرانی منداڵانە، بەهانە گیریو گروو گرتن، خۆ گنخاندنو چەواشە کردنی راستی‌یەکان، هەرگیز لەگەڵ دێموکراسی تێك ناکەنەوەو یەکتر ناخوێننەوە. بەو باوەڕە قووڵەی کە د. قاسملوو بە دێموکراسی هەیبوو، هەرگیز زوویر نەبوو، هەرگیز مالٚی خۆی نەکردو هەرگیز دانەبڕا، "وفا کنیمو ملامت کشیمو خوش باشیم کە در طریقت ما کافریست رنجیدن" دکتور ئەو شیعرە بەرزەی "حافظ"ی بۆ حالٚی خۆی بە گونجاو دەزانیو لە بۆنەکاندا زۆرجار دەیخوێندەوەو دووپاتی دەکردەوە.

**تیشك: بۆ د.قاسملوو پیێی وابوو کە خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچیێتە ژێر سیێبەری خەباتی نەتەوایەتیو چینایەتی؟**

ولاٚم: ئەگەر بمهەوێ درۆم نەکردبێ و راستت عەرز کەم لە دوکتور قاسملوو هیچ شتێکم لەو پیێوەندی‌یەدا گوێ لیێ نەبووە، ئەگەر شتێکیش لەمەڕ ئەو مەسەلەیە بە قەڵەمی د.قاسملوو نووسرابیێو بلاٚو بووبیێتەوە یا نەمخوێندۆتەوە یا ئەگەر بشمخوێندبیێتەوە لەبیرم نەماوە. بەلاٚم پیێم خۆشە بۆچوونی خۆم، وەك خۆم نەك لە زمان د.قاسملوو لەسەر ئەو مەسەلە عەرزی ئێوە بکەم. هەڵەیەکی گەورەیە خەیانەتە کە ئەمن لە زەینی خۆمدا داستانی جۆراوجۆر دروست کەمو لە زمان

د.قاسملوویەوە بە درۆ بیانگێڕمەوە یا شتەکان وا ڕۆمانتیزە بکەم کە لە ڕاستیو دروستی دوور کەونەوە. بەڵام بە بۆچونی خۆم گومانم وایە کە د.قاسملوو بەو مەبەستە ئەوەی گوتووە کە هەم خەباتی نەتەوایەتی و هەم خەباتی چینایەتی دوو ئەسڵی زۆر گرینگن لە بەرنامەی حیزبی ئێمەدا کە دەبێ شانبەشانی یەکترو بە کردەوە لەگەڵ یەکتر بچنە پێشێ. هەوەکوو جاری دیکەش باس کراوە دێموکراسی لە هەموو ڕەهەندەکانی جوڵانەوەی ئێمەدا وەکوو مایەو هەوێنو هاویتە بەتایبەتی لەو دوو بوعدە چارەنووس سازەدا، ناسراوە. هاوڕێیانی ئێمە بە تێکڕایی لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە خەباتو تێکوشانی گەلی کورد لەو دوو مەسیرە ئەسڵییەدا دەبێ لەژێر ڕێنوێنیو تیشكو ناوەڕۆکی دێموکراسیدا بڕواتە پێشێ. بۆ نموونە لە خەباتی نەتەوایەتیماندا ئەگەر دێموکراسی وەك جەوهەرێکی ئەساسی لەبەرچاو نەگیرێ لەوانەیە بیرو بۆچوونی ناسیۆنالیزمی بەرچاو تەنگ بەسەر جووڵانەوەی ئێمەدا بە تەواوی زاڵ بێ، لەوانەیە ئێمە بایەخ بۆ برایەتیو دۆستایەتی نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێ لە ناوچەکانی دیکەی ئێران دانەنێین. جگە لەوەش ڕەنگە کەسانی گێرەشێوێنو هەڵگری فیکرەی فاشیستیو ئانارشیستی بتوانن لەنێو حیزبی ئێمەدا نفوز بکەن، یا ئازادی نێو ریزەکانی حیزب تووشی لاوازیو کەساسی بێو لە ئاکامدا بە تەواوی لە گرێژەنە بچێ. لەبارەی ئەسڵەکانی دیکەمان واتە خەباتی چینایەتیو پێوەندی ئەو خەباتە بە دێموکراسییەوە، حیزبی ئێمە هەر لە زەمانی کۆمارەوە خەباتی چینایەتیو پشتیوانیی زەحمەتکێشانو چەوساوەکانی وەکوو ئەسڵێك لەبەرچاو گرتووە. ڕاستە کۆماری کوردستان بە هۆی هەلوومەرجی تایبەتییەوە نەیتوانیوە وەکوو پێویست پشتیوانی زەحمەتکێشانو جووتیارانو هەژاران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بەڵام ئەو شێوە خەباتەی بە خەباتێکی ڕەواو شەرعی زانیوە، لەم شێوە خەباتەشدا ئەگەر دێموکراسی وەك فاکتۆرێکی ئەسڵی لەبەرچاو نەگیرێ، دیسان تووشی کەموکورتی گەورە دەبێ، بە ئیحتیمالی زۆر، زۆر ئینسانی خوێنمژ، زۆر ئینسانی فەقیر کوژ، زۆر کەسی هەلپەرەستو مەزنخواز بە شێوەی جۆراوجۆر لە لیباسی جۆراوجۆردا خۆ دەخزێننە نێو ریزەکانی حیزبو حیزب لەو مەیدانەیدا تووشی ئاڵۆزیو لاوازیو لەنگیو کەساسی دەکەن. بۆیە من پێموایە وریا کردنەوەی د.قاسملوو، سەبارەت بە لاواز بوونی دێموکراسی لەنێو قوڵتی ئەو دوو شێوە خەباتەدا لەم چەند تێبینییانەوە سەرچاوەی گرتبێ کە عەرزم کردن، لەوانەشە بۆچوونەکانی

برای بچووکی خۆتان دروست نەبن‌و نیگەرانی‌و ترسی د.قاسملوو لە بێ‌هێز بـوون یـا کـەمڕەنـگ بوونەوەی دێموکراسی لەو مەیدانەدا لە هێندێك شتی دیکەوە سەرچاوەی گرتبێ.

**تیشك: روانگەی د.قاسملوو لەمەڕ شێوەکانی خەبات‌و شەڕی ڕەواو ناڕەواو، هەروەهابۆ تیرۆرو شێوەی خەبات لە دژی تیرۆریزم چۆن هەڵدەسەنگینن؟**

وڵام: هەروەکوو هەمووومان دەزانین د.قاسملوو کەسێك نەبوو کە لەناکاو بووبێتە د.قاسملوو، ئەو بەرهەم‌و پێگەیشتووی یەك تەمەن خەباتی دوورو درێژ بوو، ئاگاداری مێژووی گەلی کورد بـوو، هۆیـەکانی سـەرکەوتن‌و تێکـشکانی جووڵانـەوەکانی رابـردووی زۆر بـاش دەزانـی، ئـەو لـە کەموکۆڕییەکانی شۆڕشەکانی رابردوو زۆر باش ئاگادار بوو. لـە راسـتی‌دا عەقڵییـەتی بـەرزی د.قاسملوو لە تێکـڕای ئـەو زیـان‌و خەسـارەتانە دروسـت ببـوو کـە لـە رابـردوودا وەپەیکـەری جووڵانەوەکانی گەلی کورد کەوتبوون. پێـی‌وابـوو رووداوەکـانی مێـژوو شـوێنەوارو کاریگـەری راستەوخۆیان لەسەر یەکتر هەبووە، هەموو ئەوانەی باسمان کردو زۆر شتی دیکـەش، د.قـاسملوو وەکوو کۆمەڵە دەرسێکی زۆر گەورە لە مێشك‌و بیرو زەینی خـۆی‌دا رایگرتبـوون‌و لـە خـەباتی رۆژانەی خۆیدا دەرسی لێ وەردەگرتن‌و بە کاری دەهێنان. بەلەبەرچاو گرتنی ئەو زیانانـەو ئـەو دەرس‌و ئەزموونانە، باوەڕی بە دوو شێوە خەبات هەبوو بـە دوو شـێوە خـەباتی ئەسـڵی، واتـە خەباتی نەتەوایەتی‌و خەباتی چینایەتی. خەباتی نەتەوایەتی لە گونجاوترین‌و شـیاوترین شـێوەی خۆیدا بەبێ تێکەڵ کردنی ئەو شێوە خەباتە لەگەڵ "ئیکستریمیزم" یـا زێـدەڕۆیی، بـێ ئـەوەی چووکترین دەرەتانێك بە فیکرەی شۆوێنیستی بدرێ بۆ ئـەوەی ئـەو خەباتـە لـە رێـسمەی خـۆی بترازێنێ‌و لە رێگای چوارچێوەی ئوسووڵی خۆی لای بدا. هەر وەها وەکوو لە پێشەوەدا ئیشارەمان پێ کرد د.قاسملوو پێی‌وابوو کە دەبێ خەباتی نەتەوایەتی شانبە شانی خەباتی چـینایەتی واتـە پشتیوانی لە چەوساوەکان‌و زەحمەتکێشانی کوردستان، ژێرانـە رێگـای خـۆی بـبڕێ. د.قـاسملوو پێی‌وابوو کە دەبی بەپێی هەلوومەرج لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات کەڵك وەربگیردرێ‌و زۆرتر باوەڕی بە هەوڵ‌و تەقەللای سیاسـی‌و دیـالۆگ‌و ئـاڵ‌وگۆڕی فیکـری هـەبوو. پێـی‌وابـوو دەبـێ زۆرترگرینگی بە کاری سیاسی‌و تەشکیلاتی بدرێ، پێی‌وابوو حیزب دەبێ ئەوپەڕی توانای خـۆی بەکار بێنێ بۆ ئەوەی کادرو پێشمەرگەکان لەباری سیاسی‌یەوە، باش پەروەردە بکا. زۆرجـار بـۆ خۆم لێم بیستووە کە دەیگوت: گەلی کورد لە مەیدانی شەڕی چەکدارانەدا نەیدۆڕانـدووە بـەڵام

لەسەر مێزی وتووێژ دۆڕاندوویەتی، مەبەستی ئەوە بوو کە کوردەکان لـە رابـردوودا سیاسـەتیان وەکوو فەن وەکوو هونەر نەناسیوەو نەیتوانیوە لە مەیدانی سیاسەتدا دەرەقەتی دوژمنانی خۆیان بێن.

سەبارەت بە شەڕی رەواو ناڕەوا ئەگـەر هەڵـەم نـەکردبێ د.قـاسملوو دژی هەرچەشـنە شـەڕو پێکهەڵپڕژانێك بوو، لە دیدی ئەودا شەڕ ئاخرین وەسیلە بوو. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشێ کە چۆن بوو د.قاسملوو لە دژی جمهوری ئیسلامی شەڕی کردو چۆنبوولە مانگی هێرشو دیفاعدا بۆ خۆی فەرماندەهی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی وەئەستۆ گرت؟ لەو بارەوە ئێمـە وڵامـی روونو کۆنکرێتمان بە دەستەوە هەیە، د.قاسملوو هەرگیز فەرمانی شەڕی نەداوە. د.قاسملوو لەو شـتەی کە بۆ خۆی پێی دەگوت بەرگری رەوا پشتیوانی کردووە. ئەو دیفاعو خۆراگری گەلی کوردی لـە بەرامبەر هێرشو خوێنڕێژی زاڵمانەی جمهوری ئیسلامی‌دا بەدژ کردەوەیەکی پیرۆزو رەوا دەزانی، باوەڕتان هەبێ د.قاسملوو هەموو شێوە شەڕێکی جگە لە بەرگری پیرۆزو بەگژدا چوونەوەی بەجێ، بە ناڕەوا دەزانی. ئەو پێی‌وابوو شەرو خوێنڕێژی شایستەی مرۆڤان نیە.

بە مەسئوولییەتەوە دەڵێم، د.قاسملوو لەگەڵ هیچ لایـەنێك، هـیچ هێزێـك، هـیچ سـازمانێك هەرگیز پێش قەدەمی شەر نەبووە، بەڵام د.قاسملوو پێشمەرگەکانی لە نێوەراستی دڵییەوە خۆش دەویستو بە پارێزەری گیانو ماڵو نامووسی گەلی کوردی دەزانینو هەرچی لە تواناشی‌دا بوو بۆ بەهێزکردنی ئەوان تەرخانی کردو هەوڵی‌دا.

ئەم وتە بەنرخەم پێش هەموو کەس لە د.قاسملوو بیستووە کە دەیگوت: "لەشەڕی براکـوژی‌دا "غالبو مغلوب" وجوودی نیە، سەرکەوتوو و ژێرکـەوتوو هـەردووکی یەکـەو جگـە لـە زیـان قازانجێك بە هیچ لایەك ناگا". لە وتووێژێك‌دا کە لەگەڵ رۆژنامەنووسەکان لە مەهاباد ئـەنجامی دا، من لە خزمەتی‌دا بووم لەوێ چەندجار پێی لەسەر ئەوەی داگرت کە "ئێمە شەڕخواز نینو بە زۆری تووشی شەڕیان کردوینو چەند جاریش ئەم وتەیەی دووپات کردەوە کە ئێمە دەستپێشخەری شەڕ نەبووین بەڵکوو جمهوری ئیسلامی شەڕی بەسەر ئێمەدا سەپاندووە". لـەم بـارەوە چـەندین بەڵگەی زیندووی لەبەردەم رۆژنامەنووسەکان دانا کە هەموویان بە ئیمانەوە قبووڵیان کرد. ئـەو دیالۆگو موزاکەرەی بە بەشێك لە خەباتو تێکۆشانی گەلی کورد دەزانی. هەمووومان ئاگادارین کە لەو بارەوە چەندە تەوسو پلار بە د.قاسملوو دادرا. چەندین‌جـار ئـەو و حیزبـی دێمـۆکراتی

کوردستانی ئێرانیان بە سازشکارو تەسلیم تەڵەب ناوبرد. بەڵام ئـەو گـوێی بـەو شـتانە نـەداو پێیوابوو پێکەوە ژیانی بە ئاشتیو برایەتیو هێدیو هێمنی، مەسەلەیەکی پیرۆزە. ئەو پێیوابوو هەرگیز نابێ ئاشتیو شەڕ تێکەڵ بکرێن، هەر شتە حدوودو سنووری خۆی هەیە چوارچێوەی خۆی هەیە، دەیگوت: "لە کاتی ئاشتیدا ئاشتی دەکەینو لە کاتی شـەڕدا ئێمـە دیفـاع دەکـەین". د.قاسملوو دژی توندوتیژی بوو، دژی گرژی بـوو، دژی پێـکهـەڵپرژانی نـاڕەوا بـوو، دژی داوەری زاڵمانە بوو، لایەنگری حەقو دادپەروەری بوو، بە هەموو توانایەوە پشتیوانی خۆراگری بوو، ئەو پێیوانەبوو لە شەڕدا شەکر دەفرۆشرێ، پێیوابوو کە گەلی کورد کە گەیشتە کـاتی خـۆیو کـە گەیشتە ئەو راستە کە راسێ، دەبێ بە ئەوپەڕی تواناو هێزییەوە بەگژ جەلادانی خۆیدا بێتەوە. پێیوابوو کە ئێمە دەبێ بە دوژمنان بسەلمێنین کە خاوەنی حەقێکی رەواینو لە پێنـاو وەدەسـت هێنانی حەقی شەرعیو رەوای خۆماندا، دارو نەدارو هەسـتو نیـستمان فیـدا دەکـەین. بـەڵام باشترین رێگا ئەوەیە کە عەقڵو لۆژیکو خرەد، دوور ئەندیـشیو دووربینـی بەسـەر کارەکـانی ئێمەدا حکوومەت بکەن، ئەو عەقڵییەتە پیرۆزەو سەردەکەوێ کە لە رێگای لەیەك تێگەیـشتنو لێك حاڵی بوون و ئاشتییەوە کارەکانی خۆی ئەنجام بدا.

بێینە سەر بەشی ئاخری پرسیارەکە سەبارەت بە تیرۆر.هەرکاتێك باسی تیرۆر دەکرا د.قاسملوو بە شێویەکی بەرین باسی ناوەڕۆکی تیرۆری دەکرد. ئەو پێـیوانـەبوو کـە تـیرۆر هـەر کوشـتنو تۆقاندنو ترساندنە، پێیوابوو کە تیرۆر لە زۆر شتی دیکەشدا خۆی دەنوێنێ. هێندێك توندوتیژیو گرژی هەیە تامی تاڵی تیرۆر دەدەن. بۆ نموونە لێدانو ئازارو جەزرەبەدانی ژنان، بـێ بەشـکردنی ئەوان لە خوێندن، کێشانی شوورەو حەسار لە دەوریان، پێشگیری کردنیان لە نواندنی چالاکی لە مەیدانەکانی هەڵسووڕانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا، کچ بە زۆر مێرددانو گەورە بە چووکە، چووکە بە گەورە، ژن بە ژنە، لێدانو ئازاردانی منداڵانو هەوڵ نەدان بۆ خوێندەوار کردنیانو دەیان شتی دیکەش، هەموویان تیرۆرکردنی کەسایەتی ئینسانەکانن، لەبەرامبەر ئەو بێ عەداڵەتییانـەدا، د.قاسملوو توند پێی چەقاندو راوەستا، دیارە بۆ ئیجرای ئەو کارە هاوڕێیانی حیزبیـی ئێمـە بـە تێکڕاییو هەموو کادرو پێـشمەرگەکان، پـشتیوانی د.قـاسملوو بـوون. ئـەوە بـوو کـە حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران توانی لەو مەیدانەدا زۆر کار بکا، زۆر داوو بەند کە دەستو باڵی ژنانو کچانی کوردستانی شەتەك دابوو هەڵبوەشێنێتەوەو لەو مەیدانەشدا زۆر رووسوور دەربێ.

د.قاسملوو دژی ڕەشەكوژی بوو، دژی سزادانی بێ دادگایی تاوانباران بوو، دژی شكەنجەو ئازاردانی ئەسیران بوو، تا ئێستاش كەس نەیتوانی بە ئاگاداری د.قاسملوو شوولكێك لە ئەسیرێك بدا و تەنانەت تاوانبارانو ئەسیران بە حورمەتی ئەوەی كە ئینسانن زۆرجار لە مەیدانی شەڕەكاندا ئازاد دەكران.

سەبارەت بە بەربەرەكانی لەگەڵ تیرۆریزم دەبێ بڵێم، ئەو كاتەی شادرەوان د.قاسملوو لەحاڵی حەیاتدا بوو تیرۆریزمی جیهانی بە شێوەیەی ئێستا پەرەی نەستاندبوو، وەك ئێستا باسی ڕۆژ نەبوو ئەو پێیوابوو داخوازییەكانی گەلی كورد ڕەواو پیرۆزنو بۆ وەدەست هێنانی ئەم داخوازییانە نابێ لە ئامرازی ناڕەواو ناپیرۆز كەڵك وەربگیرێ. ئەو پێیوابوو كە بەشێكی ریشەی تیرۆریزم لەناو كێشەكانی سیاسی، ئابووریو كۆمەڵایەتی دایە، بۆ برینی ئەو ریشەیە، ئەو كیشانە دەبێ بە وردی بناسرێنو ئاگاهانەو بە كردەوە ڕێگاچارەی ئوسووڵیو دروستیان بۆ بدۆزرێتەوە. لە دوكتورم بیستوە كە ئەو دژی بومب دانانەوەیە، دژی بارمتە گرتنە، دژی تەیارە رفاندنە، ئێمە هەموومان شاهیدین كە بە بارمتە گیرانی ئامریكاییەكانی لە تارانێ مەحكووم كرد، لەگەڵ ئەوەی كە ئێمە شاهید بووین هەموو ڕۆژێكی رادیۆی كوردستان دژی ئامریكا درووشمی توندی دەداو ئێمە خۆمان بە دۆستی ئامریكا نەدەزانی. وەك خەونێكی دوور بە ئاستەم دێتەوە بیرم كە د.قاسملوو سەبارەت بە هێزێكی كوردستانی لە یەكێك لە ڕۆژنامەكاندا كە نازانم ڕۆژنامەكەش كامە بوو، وتووێژێكی كردبوو. لە وتووێژەكەیدا خەباتی ئەوانی لە دژی حكوومەتی زۆرداری خۆیان بەڕەوا زانیبوو، بەڵام باسی هێندێك حەرەكاتی ئەوانی كردبوو كە لەو كاتەیدا بە كاری تیرۆریستی لەقەڵەم دەدران. پێیوابوو ئەو جووره كردەوانە لە دوارۆژدا زیان بە ڕەوتی ئازادیخوازانەی كوردەكان دەگەیەنێ. ئەو هوشدارانەی كە پەیتاپەیتا د.قاسملوو دەیدانو ئەو نیگەرانییەی كە زۆر بە قووڵی لەویدا بەدی دەكرا بەشبە حاڵی خۆم ئێستا ئەمن كەمێك تێدەگەم كە د.قاسملوو ئەو چراسوورانەی هێندە بۆچی داونو بۆچی ئاوا بە قووڵی نیگەران بووە. ئەو مەترسییانە هەموویان ئەوە بوون كە مەبادا ڕۆژێك لە ڕۆژان ئێمە بە تیرۆریست لە دنیایەدا بناسرێین، ئێستا ئێمە دەبینین كە دوارۆژبینیو دوور ئەندیشی قاسملووی چ باندۆرو شوێنەوارێكی گەورەی داناوەو لە دوارۆژیشدا چ دەسكەوتو بەرهەمێكی دەبێ، دڵنیاین مێژوو وڵامی زۆر لەو پرسیارانە دەداتەوە.

**تیشك : كەسایەتی د. قاسملوو لە ئاستی جیهانیو ناوچەییو ئێرانو كوردستان بە گشتیو، هەروەها رۆڵی ناوبراو لە ناساندنی خەباتی نەتەوەی كورد بە دونیا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

وڵام: ئەو پرسیارە هەویرێكە كە ئاوێ زۆر هەڵدەگرێ وڵامێكی زۆر تێرو تەسەلی گەرەكە كە رەنگە ئەوە لە توانای مندا نەبێ بەڵام هەوڵ دەدەم ئەوەی كە بە زەینمدا دێ لە دیدی خۆمەوە، بۆچوونی خۆم دەرببڕم. بۆ ناسینی كەسایەتی هەر شەخسێك دەبێ بگەڕێیەوە بۆ رابردووی لەمێژینەی ئەو ئەو كەسەی. بەشێك لە كومەڵناسان پێیان وابووە ئینسان كاتێك كە لە دایك دەبێ، مێشكی وەك سەفحەیەكی هیچ لەسەر نەنوسراوە، ئەم بوونەوەرە كە هیچ شتێك لەسەر زەینو مێشكی نیە لەنێو سروشتدا فێر دەبێو رادێو كەسایەتی وەدەست دێنێ. بەشێكی دیكەش لە كۆمەڵناسان پێیان وابووە كاتێك ئادەمیزاد چاو بە دنیای روون هەڵدێنێ، زاتەن هێندێك دەركو تێگەیشتنی پێیە. بە پێی ئەو لێكدانەوانە، ئاگاهیو بۆچوونو بینشو سەردەرێنان لە راستییەكان، بەشێكی زاتییەو بەشێكی بەدەست دێ (اكتسابی). واتە بەشێك لەو، تایبەتمەندییانە ئۆتۆماتیكو خودبەخود لە نێو "خلقت"دا هەنو بەشەكەی دیكەش بە هەوڵو تێكۆشان لە نێو سروشتو كۆمەڵدا وەدەست دێن. ئەگەر زانست، تێڕوانینی ئاگاهانە، دەركی قوڵو بەرینی راستییەكان، هەوڵ تەقەللای بێوچان بۆ خزمەت بە ئینسانەكان، لەخۆبوردوویيو فیداكاریی، خۆلە بیر بردنەوەو خەڵك لەبیر بوون، حورمەت دانان بۆ بیروباوەڕی خەڵكی دیكە، خەبات بۆ لەنێوبردنی جیاوازی جینسیو رەگەزیو ئایینیو چینایەتی، دادپەروەری، لایەنگری لە مافی میللەتانی چەوساوە، بەفیڕۆنەدانی وەختو جووڵانەوەی بەجێ، ئامادە بوونو لە كەمیندا بوون بۆ نواندنی داهێنانو دەستپێكردنی هەر حەرەكەتێكی نوێخوازانە، رێز دانان حەتا بۆ ئاژەڵو سروشتو ژینگە، ناسینی قەوارەی دۆستایەتیو دوژمنایەتی، دژایەتی لەگەڵ توندوتیژیو تیرۆرو گرژی، كەڵك وەرگرتن لە سیاسەت وەك هونەری مومكین، لەبەرچاو گرتنی ئوسوولو یاسا بۆ هەر كارێكو هەر كردوەو دژكردەوەیەك، ئاوێنەی شەخسییەتو كەسایەتی ئینسانەكانن، ئەگەر ئەو تایبەتمەندییانە پێوانەی شەخسییەتو كەسایەتی ئینسانەكان بن، د.قاسملوو هەموو ئەوانەی مووبەموو تێدا هەبوو. من پێموایە لە "خلقت"ی د.قاسملوودا كەسایەتی زاتی هەبوو لە مەیدانی خۆ فێركردنو خۆ راهینان لە نێو سروشتو كۆمەڵدا، ئەوەی لە توانایدا بوو درێغی

نەکردو بۆ ڕێنوێنیو فێرکردنو بارهێنانی خەڵکی دیکەش هەوڵو تەقەللای بێوچانی دا. ئەم تایبەتمەندییانە بوونە بە هۆی ئەوەی کە د.قاسملوو وەك کەسایەتییەکی گەورە لە کوردستانو ئێرانو بەشێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دنیا بناسرێو بایەخی بۆ دابندرێ. د.قاسملوو نوێنگەی هێندێك شتی پارادۆکس بوو، کولوکسیۆنێك یا کۆپلەیەك لە کردەوەو دژکردەوەی بە رواڵەت دژ بە یەکتر بوو، ئەو لەشەڕ وەك تاکتیك کەڵکی وەرگرت، شەڕی قەبووڵ کرد بۆ ئەوەی دوژمن بۆسەر مێزی وتوویژ رابکێشێ، ناوبراو لەگەڵ ئەوەی کە هەمیشە هەوڵی دەدا نامومکینەکان مومکین بکا، باوەڕی بە "ممکنات" هەبووو لەسەر شتی گونجاو پێی دادەگرت. ئەو سیاسەتی وەك هونەری مومکین یا "اجرای " هونەری مومکین لە ژیانی سیاسی خۆیدا بەکار هێنا. ئەو لە دوای شەڕی سێ مانگە و شکستی هێزەکانی دەوڵەت لە "موضع"ی دەسەڵاتەوە پێشوازی لە وتوویژ کردو دیالۆگی بە بەشێك لە خەبات زانی. ئێمەو هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی دنیا بەناو دژی ئامریکا بووین، بەڵام هەڵوێستی ئێرانی سەبارەت بە بارمتە گرتن مەحکووم کرد. لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ حکوومەتی عێراق پێوەندی هەبوو، کیمیابارانی هەڵەبجەی بەتوندی مەحکووم کرد، ڕێژیمی سەدام و خومەینی هەردووکیان دوژمنی کورد بوون لە دوژمنایەتی ئەو دوو ڕێژیمە کەڵکی زۆر وەرگیرابووو دەکرا لە داهاتووشدا لەو دژایەتییە کەڵك وەربگیردرێ. بەڵام د.قاسملوو پێشوازی لە راوەستانی شەڕ لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا کرد. د.قاسملوو باوەڕی قووڵی بە سوسیالیزم هەبوو، لەراستیدا مێشکی بە فەلسەفەی سوسیالیستی ئاو درابووو لایەنگری بەرەی ڕۆژهەڵات بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێرشی یەکیەتی سۆڤیەت بۆسەر چێکوسلۆواکی لەکاتی خۆیدا مەحکووم کرد کە ئاکامەکەی ئیخراجکرانی د.قاسملوو لە چیکوسلۆواکی بوو. زۆرجاری دیکەش گۆتوومانەو دەیڵێینەوە، کەسایەتی د.قاسملوو وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار لەئاسمانی کوردستانو ئێرانو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دا درەوشایەوە. "ماهاتما گاندی"، "ئابراهام لینکۆڵن"، "ماتر لوتر کینگ"، "پاتریس لومۆمبۆ"و دەیانو سەدان تێکۆشەری دیکە کە گیانی خۆیان لە ڕێگای ئامانجەکانیاندا بەخت کرد، وەك کەسایەتی، هەر بەقەد د.قاسملوو فیداکار بوون. دژایەتی لەگەڵ خورافاتی ناوخۆ، هاوسەنگەری لەگەڵ تێکۆشەرانی وڵاتەکەمان، کار کردن وەك سومبولێك لە یەکیەتی لاوانی کاتی خۆیدا، دژایەتی تەواوتەمەن لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی، دەربەدەر بووونو بێ پەناییو هەناسەساردی، خوێندنی پڕلە موشکیلەو گیرو گرفتو سەرسەختانە لە وڵاتانی

دەرەوە، وەدەستهێنانی پلەی باڵای خوێندن، تەدریسی شەوو رۆژیو سەرسەختانە، پێکهێنانی ئورگانەکانی شۆڕشگێڕانە لە دەرەوەو لە ژوورەوەی وڵات، ئیدارەی ئاگاهانەی پۆستی سەرکردایەتی حیزب، دەست بەیەخە بوون لەگەڵ کەسانی مەرمووزی جۆراجۆر، راوەستانی تەواوتەمەنی لەبەرابەر سەرەڕۆییەکانی جمهوری ئیسلامی‌داو سەرەنجام فیداکردنی گەورەترین سەرمایەی ژیانی خۆی واتە گیانی لە پێناوی ئامانجەکانی گەلەکەی دا، هەموویان شاهیدی زیندووو نیشانەی بەرچاوی کەسایەتی د.قاسملووی نەمرن. لە بابەت رۆڵی د.قاسملوو سەبارەت بە ناساندنی خەباتی گەلی کورد بە دنیا، لێرەدا بە داخەوە دەرفەتی ئەوەم نیە کە باسی یەك لە سەدی ئەو خەباتەش بکەم بەڵام تەنیا بە کورتی دوو شت باس دەکەم.

لە ژوورەوەی وڵاتدا متینگی ١٠٠هەزار کەسی شاری مەهابادی پێك هێناو کەس نەیتوانی ئەوەندە **"مخاطب"** لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە لە چەند شاری دیکەش متینگی زۆر گەورەی پێك هێنا. ئەوەندەی دەستی پێ ڕاگەیشت لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی ژوورەوەو دەرەوە وتوویژی کردو دەنگی کوردی بە رایۆکانی دنیا گەیاند. وەك بنکەیەکی سیاسی و تەشکیلاتی‌و تەبلیغاتی بناغەی دەفتەری پاریسی دانا، لەگەڵ رێکخراوەکانی بەرگری لە حقووقو مافی ئینسان هەمیشە لە پێوەندی بەردەوامدا بوو، ئەو پەیامی حەقخوازانەی گەلی کوردی لە نێو قووڵایی ویژدانی زۆر لە پیاو چاکانی دنیادا پیادە کردو سەرەنجام بە فیدا کردنی گیانی خۆی گەلی کوردی بە دنیا ناساند.`

وتە مێژوویی‌یە بەنرخەکەی "د. بیرنارد کوشنێر" دەبێ بە ئاوی زێڕ بنووسرێتەوە کە گوتی:"**د.قاسملوو پێغەمبەری ئاشتی‌یەو ئەوانیش پێغەمبەری ئاشتی‌یان کوشت**".



# وتووێژ لەگەڵ:
# کاک کاوە بەهرامی،
## ( ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران )

## لەسەر کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو

**تیشك: بەڕێز كاك كاوە بەهرامی پێشەكی سوپاستان دەكەین بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا، بە بڕوای جەنابتان بەلای دوكتور قاسملووەوە چ شتێك گرینگ بوو لە دامەزرانی سوسیالیزم دا؟**

و: سوسیالیزم بۆ دوكتور قاسملوو بنەمایەكی فكری، كۆمەڵایەتی‌و سیاسی بوو كە لە كۆنگرەی سێهەم دا وەك چارەسەر بۆ كێشە كۆمەڵایەتییەكان هێنایە بەرباس. دوكتور قاسملوو پێی وابوو حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ئەگەرچی حیزبێكی ماركسیستی نیە، بەڵام پێویستە سوسیالیزم وەك چارەسەر بۆ كێشە كۆمەڵایەتییەكان بخاتە ناو پرۆگرامی خۆیەوە. حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران هەر بەتەنیا حیزبێكی ناسیۆنالیست نیە كە تەنیا بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی هەوڵ بدا، بێ ئەوەی كێشە كۆمەڵایەتییەكانی لەبەرچاو بێ، بەڵكوو دیتنەوەی ڕێگاو میكانیزم بۆ كێشە كۆمەڵایەتییەكانیش بە ئەركێكی گرینگ دەزانی. دوكتور قاسملوو پێی‌وابوو ئەگەر حیزب گرفتە كۆمەڵایەتییەكان لە بەرچاو نەگرێ حیزبی دیكە پەیدا دەبن‌و ئەو بۆشاییە پڕدەكەنەوە، ئەوكاتەیە كەدەبێ بڵێین حیزبی ئێمە لەو پێوەندییەدا ئەركی خۆی بەجێ نەگەیاندووە. ڕێگاچارەی كێشە كۆمەڵایەتییەكان بە شێوەیەكی بنەرەتی سوسیالیزمە. ئەو چەمكە دەتوانێ میكانیزمی دژایەتی لەگەڵ چەوسانەوەوپێشێلكاریی مافە كۆمەڵایەتییەكان بێنێت.

لەم ڕێگایەوە دوكتور قاسملوو تێدەكۆشی بە پێی هەلومەرجی سەردەم حیزبی دێموكراتی كوردستان لەبازنەی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ رزگاربكا، ڕێگا بۆ هاوپەیمانی‌و دۆستایەتی لەگەڵ ئەحزابی پێشكەوتووی جیهان بكاتەوە، دیمەنی وڵاتەكەی و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەكەی بە بیروڕای گشتی لە جیهان دا بناسێنێ. ئەو بیرۆكەیە خزمەتی زۆری بەو ئامانجە پیرۆزەی شەهید دوكتور قاسملوو كرد.

**تیشك: بەرهەم‌و تیۆرییە بەناوبانگەكانی دوكتور قاسملوو كامانەن؟**

و: بەرهەمەكانی شەهید دوكتور قاسملوو بریتین لە: كوردستان‌و كورد، چڵ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، تاڤگەی هەقیقەت (٣جلد)، كە بە كورتی ئاماژە بە هەر كامە لە وانە دەكەین.

كوردستان‌و كورد بەرهەمێكی ئابووری كۆمەڵایەتی، زانستییە كە بە شێوەیەكی ئاكادێمی‌و بە زانست‌و شارەزایی و ئابووری ناسیی كورد،لەلایەن كاك دوكتور قاسملووەوە دانراوە كە پایەكەی

له ساڵی ١٩٦٤ له وڵاتی سلوواكی دارێژراوه. ناوەرۆكی ئەو كتێبە لەسەر ژیانو خەباتی گەلی كورد به گشتییەو تا ئێستا بە چەندین زمانی، كوردی، عەرەبی، ئینگلیسیو پۆلۆنی وەرگێڕدراوەتەوە، ئەم كتێبە یەكێك لە گەورەترین سەرچاوەكانی مێژوویی، ئابووریو كۆمەڵایەتی كوردستانە. كوردستانوكورد وەك سەرچاوەیەكی زانستی لە بواری مێژوو و ئابووری كوردستان لە زۆر وڵاتو زانكۆی جیهانی كەڵكی لێ وەردەگیرێ.

چڵ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، مێژووی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانە كە لە روانگەو بۆچوونی دوكتور قاسملووەوە لە ساڵی١٣٦٣دا نوسراوە، لە راستیدا چڵ ساڵ خەبات مێژووی ڕاستەقینەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانە، چل ساڵ خەبات كە بەروونی مێژووی ئەو حیزبە دەخاتە بەر چاوی خوێنەران، بەشێك لە مێژووی خەباتی پڕ لە شانازیی گەلی كوردە. لە بەر ئەوە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران داهێنەرو دامەزرێنەری ڕاستەقینەی كۆماری كوردستانە، بەو پێیە دەكرێ بڵێین بەشێك لە مێژووی دامەزرانی كۆماری كوردستان بە قەڵەمی بەهێزی دوكتور قاسملوو نووسراوە. تەنانەت لە زۆر جێگا ئاماژەی بە چەندوچۆنیی رابردووی رێبەریی ئەو حیزبە كردووە.

ئەمن بەشێكی دیكە لە بەرهەمەكانی دوكتور قاسملووم لە سێ كتێب لە ژێر ناوی "تاڤگەی هەقیقەت"دا پاش شەهید كرانی دوكتور قاسملوو كۆ كردۆتەوە، ئەو بەرهەمانە بەشێك لە بۆچوونو تیۆرییەكانو هەروەها هەڵوێستەكانیو ڕاوبۆچوون، لێكدانەوەو پێشبینیو هەڵوێست لە بەرانبەر كۆماری ئیسلامی ئێران، وتوویژ لەگەڵ گۆڤارو رۆژنامەكانو هەروەها نووسینەكان لە رۆژنامەی كوردستانو رۆژنامە بیانیو جیهانییەكان لە قۆناغە جۆراوجۆركاندا لەخۆ دەگرێ. لەگەڵ ئەویش خوێنەر دەتوانێ بیروئەندیشەو هێزی دوكتور قاسملوو، هەروەها لێكدانەوەی بە نیسبەت كەندوكۆسپو رووداوە جیهانییەكان هەڵسەنگێنێ. لە راستیدا "تاڤگەی هەقیقەت" لەگەڵ ئەوەی بۆچوونەكانی دوكتور قاسملوویە دەتوانێ مێژووی سیاسی كورد بە گشتی لە كوردستانی ئێرانو حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بە تایبەتی بێت.

لە پێوەندی لەگەڵ تیۆرییە بەناوبانگەكەی دوكتور قاسملوودا، پێویستە ئاماژە بەوە بكەین كە دوكتور قاسملوو لە بواری ئیدیۆلۆژی سوسیالیزمدا شارەزاییەكی كەم وێنەی هەبوو. ئەو بە شێوەیەكی زانستی سوسیالیزمی وەك هێزێكی سیاسی هەڵبژاردبوو. بەڵام دوكتور قاسملوو هەردەم

لەو بڕوایەدا بوو کە ئازادیو دێموکراسی دوو چەمکی تەواوکەری یەکن کە بوونیان دەبێتە هیوابەخشی گەشە کردنی کۆمەڵگاو پێش بەهەر چەشنە چەوسانەوەیەك دەگرێ. هەر بۆیە پاش وردبوونەوەیەکی زانستییانە تیۆریی کەم وێنەی سوسیالیزمی دێموکراتیکی هێنایە بەر باس کە خەتی بەسەر بیری دیکتاتۆریدا کێشاو لەراستیدا تیۆریی سوسیالیزمی دێموکراتیك تا ئەو کاتە باسی لێنەکرابوو، بۆ یەکەم جار بوو کە بە هێز و توانای دوکتور قاسملوو هاتە ناو واژە سیاسییەکانەوە، کاتێك لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب دژبەرەکانی ئەو تیۆریە پرسیاریان لە دوکتور قاسملوو کرد، کە تا ئێستا ئەو تیۆریە لە فەرهەنگی سیاسیدا جێگای نەبووە، لە وڵامدا گوتی: "مەگەر گوناهە کوردیش تیۆری هەبێ کە لە ڕاستای بەرژەوەندی گەلانی زۆرلێکراو و دژی دیکتاتۆری بێت؟". بۆ ئیسباتی ئەو تیۆرییە ئاماژەی بە پرسی دیکتاتۆریی پرۆلتاریا لە یەکیەتی سۆڤییەت کرد. گوتی؛"دیکتاتۆری لە هەر ڕەنگو لیباسێکدا چ چەپو ڕاستو چ ئیسلامی هەر دیکتاتۆرییە، تەنیا دێموکراسی دەتوانێ پێش بە دیکتاتۆری بگرێ. بۆیە هیچ چەمكو دەستەواژەیەك بەبێ دێموکراسی ناتوانێ سەرکەوتن دەستەبەر بکا. سوسیالیزمی دێموکراتیك بۆ ڕزگاری لە چنگ بێدادیو دیکاتۆری دێتە ئاراوە. بەو چەشنە سوسیالیزمی دێموکراتیك دەبێتە ئامانجی دوا ڕۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران".

**تیشك: دوکتور قاسملوو بۆ گەیشتن بە سوسیالیزمی دێموکراتیك سێ قۆناغ دیاری دەکا؟ ئەو سێ قۆناغە چن، دروشمەکانیان چ بوون؟**

و: دوکتور قاسملوو بە پێی لێکدانەوەی خۆی بۆ گەیشتن بە سوسیالیزمی دێموکراتیك سێ قۆناغی سەرەکی پۆلێن کردووە.

قۆناغی یەکەم: وەدەستهێنانی خودموختاری کە ٢٥ ساڵی بۆ داناوە، واتە زەمانو کاتی پێویستە بگەین بەخودموختاریو یا یەکێك لە قۆناغەکانی مافی چارەنووس، کە بە سێ شێوە باسی دەکا "خودموختاری، فیدراڵیزم، سەربەخۆیی". واتە قۆناغی خودموختاری بۆ خۆی ماوەیەکی دەوی تا هەم پێی بگەینو هەم لە کوردستاندا جێبەجێ بکرێ. مەودای نێوان خودموختاریو سوسیالیزمی دێموکراتیك بە قۆناغی دووهەم دادەنێ کە لەو ماوەیەدا هەلومەرجی زەینیو عەینی دەوی بۆئەوەی سوسیالیزمی دێموکرتیك ئامادە بکرێ. ئەگەر لەو

ماوەیەدا بتوانین هەلومەرج بۆ ئەو بەرنامەیە ئامادە بکەین، سەرکەوتنی گەورەی مێژوویی‌مان وەدەست هێناوە.

قۆناغی سێهەم: دامەزراندنی سوسیالیزمی دێموکراتیکە. ئەویش ماوەیەکی زۆری دەوی، دوکتور قاسملوو دەیگوت: "لە وانەیە سێ نەسلی بۆ تەرخان بکەین" باسی ولاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتی دەکرد، کە نزیك بە سەدساڵ لە ولاتانی ئێمە لە بواری سوسیالیزمەوە لە پێشترن بەلام نالێن ولاتیان سۆسیالیستییە.

بە کورتی ئێمە دروشمەکانمان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە دیاری کردووە: یەکەمیان دروشمی رۆژە کەلەگەل پێداویستییەکانی رۆژانەی خەباتدا بەرۆژ دەگۆڕدرێن.

دووهەم: دروشمی تاکتیکی، بە پێی وەزعو بارودۆخی خەباتی ئێمە ئالو گۆری بەسەردا دێ وەك گۆڕانکاری لە خەباتی چەکداری داو یا وتووێژ کردن لەگەل حکوومەت، یادروشمی ڕووخانی ڕێژیم.

سێهەم: دروشمی ستراتیژی، ئەوە بۆ خۆی چەندین قۆناغی تاکتیکی لە خۆ دەگرێ، تا ئێستا چەند جار تاکتیکی خۆمان لە چۆنییەتی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی گۆڕیوە. بەلام دروشمی ستراتیژیمان تەنیا یەك‌جار لە "دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان"ەوە بە "دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدرال" لە کۆنگرەی ١٣ گۆڕیوە. کە وابوو دروشمی ستراتیژیی ئێمە تەنیا کۆنگرە دەتوانێ ئالو گۆری بەر سەردا بێنێ.

بە کورتی ئێمە هەم دروشمی رۆژمان بەشێکە لە تاکتیکمانو هەم دروشمی تاکتیکیمان بەشێکە لە ستراتیژیو هەم ستراتیژیمان لە سەر ئەسلێکی پیرۆز دانراوە کە دامەزراندنی سوسیالیزمی دێموکراتیکە.

## تیشك: دوکتور قاسملوو لە هەلبژاردنی دروشمی ستراتیژیی حیزبی دێموکراتدا بۆچی لە پێشدا پێداگری لە سەر دێموکراسی دەکا؟

و: دوکتور قاسملوو بۆ خۆی باوەڕێکی قوولی بە دێموکراسی هەبوو، ئەو پێی وابوو تەنیا دێموکراسی دەتوانی زامنی ئازادیو میکانیزمی بەربەرەکانی لەگەل چەوسێنەران و رزگاری دەری هەموو گەلانی بن دەست بە تایبەت گەلانی ئێران بێ. لە باسێك دا لە سەر دروشمی بنەڕەتی حیزب دەلێ: " هەر ئەوەندە دەلێم کە دێموکراسیمان لە پێشەوە داناوە، هۆی ئەوەیە کە هەم پێوەندیی بە ئێرانەوە هەیە، کە گشتی‌ترو بەرینترە لە کوردستانو هەم هاتوینەتە سەر ئەو بڕوایە

كە بەبێ دێموکراسیی ڕاستەقینە تەنانەت ئەگەر ئێمە خودموختاریشمان دەست کەوێ، ئەو خودموختاریە زامینێکی دیکەی نییە کە بیپارێزێ".

دوکتور قاسملوو پێیوابوو دێموکراسی دەتوانێ ئازادی بۆ گەلانی زۆر لێکراو لە هەموو جیهان دا دەستەبەر بکا، ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا خەبات دەکا، مادام حکوومەتی داهاتووی ئێران حکوومەتێکی دێموکراتیك نەبێ، ئەگەر گەلی کورد بە خودموختاریش بگا، مادام گەلانی دیکە لەو مافە بێبەش بن، سیستم دیکتاتۆری دەبێ، مافی گەلی کوردیش پێشلو زەوت دەکرێ.

دوکتور قاسملوو پێیوابوو دەبێ دێموکراسی بە تەواوی لە سەرتاسەری ئێراندا جێگیر بێ. خەلك بە تەواوی لە سیستمێکی دێموکراتدا بژین. تەنیا کاتێك دەتوانێ دێموکراسی لە ئێران دا جێگیر بێ، کە ئێران بە سیستمێکی سیاسیی پلۆرالیستی واتە چەند حیزبی بەڕێوە بچێ. ئەو لەگەڵ هەموو شێوەکانی دیکتاتۆری موخالف بوو و پێی وا بوو دێموکراسی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەدەفە. ئەوەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگەر بوو لە بەر ئەوەی حیزبێکی دێموکرات بۆ ئازادیی هەموو گەلانی ئێران تێدەکوشێ و دەبێ بۆ پاراستنی ئەو ئازادیش هەوڵ بدا، باشترین میکانیزم بۆ پاراستنی ئەو دێموکراسییە، هاوپێوەندیی هەموو گەلانی ئێرانو نەهادینە کردنی دێموکراسیی لە سەرانسەری ئێران دەزانی. لە وڵاتانی دێموکرات مافی تاکەکان پارێزراوە. دەنگی خەڵك مافی چارەنووسی گەلان دیاری دەکا. لەمەش گرینگتر هەڵبژاردنی دەنگی ئازادی خەڵك لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا چارەنووسی گشتی دیاری دەکا.

**تیشك: حوزووری بەردەوامی دوکتور قاسملوو لە ناو کادرو پێشمەرگەی حیزبدا چ شوێنەوارێکی لە سەر ئەندامانی حیزب بە گشتی دادەنا؟**

و: بێگومان حوزووری ڕێبەری حیزبێکی شۆرشگێر لە ناو بەدەنەی حیزبەکەی دا شوێنەوارێکی باش لە ڕاستای بەرەوپێش چوونی ئەرکەکان دادەنێ. بە تایبەت ڕێبەری حیزبێك وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە حاڵی خەباتی چەکداریی توندوتیژ لەگەڵ ڕێژیمێکی دیکتاتۆر وەك کۆماری ئیسلامی دابوو. دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەوەی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کەسایەتیەکی عیلمیو زانستیش بوو کە لە بواری سیاسی یەوە بوونی لە نێو ریزەکانی حیزبدا کاریگەریی گرینگی بوو. پێوەندیی دوکتور قاسملوو لەگەڵ کادر و

پێشمەرگەی حیـزب پێوەندیـەکی زۆر نزیـك و خۆماڵییانـە و تێکـەڵاو بـوو، بۆیـە لـە کـۆڕ و کۆبوونەوەکاندا زۆر زوو شوێنی لە سەر کادرو پێشمەرگە دادەنا.

دوکتور قاسملوو لە بواری دەروونناسی کادر و پێشمەرگەدا زۆر بە توانا بوو ، ئێش و ئازارەکانی ئەوانی زۆر زوو دەست نیشان دەکرد، هیچ کات وەعدەی بێکردەوەی بە کادرو پێشمەرگە نەدەدا. لە هەمـوو گرینگتر مرۆڤێکی کات ناسو باوەڕبەخۆ بـوو ئـەو تێدەکۆشـا ئـەو رەوشـتانە واتـە تێکەڵاویی رێبەری لەگەڵ بەدەنە لە حیزبدا نەهادینە بکا.

ئەو شێوە هەڵسوکەوتە ئیعتمادی کادرو پێشمەرگەی لە پێوەنـدی لەگـەڵ رێبـەریی دوکتـور قاسملوو دا بۆ لای خۆی راکێشابوو. بڕیـاری دوکتـور قـاسملوو لـە پێوەنـدی لەگـەڵ ئەرکـەکانی پێئەسپێردراوەدا بۆ کادرو پێشمەرگەی حیزب بە رادەیەك جێگای باوەر بوو کە بێلێکدانـەوەو باس کردن جێبەجێ دەکران، هەر کات باس لەوە دەکرا دوکتور قاسملوو بۆ سەردانی ئۆرگـانێکی حیزبی بەرێوەیە هەموو کادرو پێشمەرگەو بەرپرسی ئەو ئۆرگانە بەرەو پێشوازی دەچوون ئەوە لە حالێکدا بوو کە بۆ خۆی ئەو شێوە پێشوازییانەی پێ باش نەبوو. ئـەو حیزبـی دێمـوکراتی لـە هەموو کەس پێ گەورەترو لە سەرەوەتر دەزانی. دوکتور قاسملوو دژی فەردپەرستی بوو. کەوابوو پێوەندی دوکتور قاسملوو لەگەڵ کادرو پێشمەرگە پێوەندیەکی روحیو رەوانیو باوكو فەرزەنـدی بوو، بەجیاوازیەك کە دوکتور قاسملوو باوك، مامۆستاو ڕاهێنەر بوو. بەسەر کردنەوەی ئۆرگانەکان کاریگەریی زۆری لە دڵگەرم کردن یان لە پێوەندی لەگەڵ باشتر بەرێوەبردنی ئەرکەکان دا هەبوو . بوونی دوکتور قاسملوو لە ناو جەمعی کادرو پێشمەرگەی حیـزب دا هەسـت بـە بەرپرسـایەتیی زیاتری لە ناویاندا پەروەردە دەکرد و راندمانی کارەکانی زیاتر دەکرد

## تیشك : روانگەی دوکتور قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ دیلەکانی شەڕدا چۆن بوو؟

و:دوکتو قاسملوو مرۆڤێکی دێموکراتو ئازادی خواز بوو، ئەو خـەبات بـۆ رزگـاریو لابردنـی چەوسانەوەی گەلانی بندەستی بە رەوا دەزانی، لەگەڵ ئەوە خەباتی چەکداری وەك میکانیزمێـك لە بەرانبەر رێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامییەوە پێرەوا بوو. هەر چەند ئەو شـەڕانەش لـە لایەن رێژیمی پاشایەتیوکۆماری ئیسلامیدا بە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا سـەپا بوون، بەڵام بەو حالەش بەردەوام لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی حیزبدا ئامۆژگاریو راسپاردەی ئەوە بوو کە دەبێ مافی دیلەکانی شەڕ بپارێزن، لەگەڵ دیلەکانی شەڕ بـە پێـی "کونوانـسیونی ژنێـف"

هەڵسوکەوت بکەین. بۆ ئەوەی ئەو راسپاردانە لە ناوڕیزەکانی حیزبدا جێ بگرێ، وانەیەك لە فێرگەی سیاسی نیزامی حیزب کە بۆ سەرەتای دەست پێکردنی کاری ئامووزشی سەرەتایی پێشمەرگەی حیزبە دانرا، ئەو بیرۆکە لەوێرا سەرچاوەی دەگرێ، مافی دیلی شەڕو پاراستنی مافی مرۆڤ لە روانگەی دوکتور قاسملووەوە چەمکێکی گرینگی سیاسی بووە .

هەر بۆیە لەماوەی خەباتی چەکداریدا لە ناو ریزەکانی حیزب دا مافی دیلەکانی شەڕ پارێزراوەو لەگەڵ دیلەکان زۆر بە باشی هەڵسوکەوت کراوە. زۆر جار لە مەیدانەکانی شەڕ پاش کۆتایی شەڕەکان دیلەکان ئازاد کراون و هەمیشە بریندارەکانی دوژمن کە لەمەیدانی شەڕ دا بەجێماون پاش دەواو دەرمان و پێڕاگەیشتن لە لایەن حیزبی ئێمەوە ئازاد کراون.

لە روانگەی دوکتور قاسملووەوە شەڕ وەسیلەیەك بوو کە وەك میکانیزمێك بۆ گەیشتن بە ئاشتی کەڵکی لێ وەرگرین، هەر بۆیە لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا زۆرجار داوای دەکرد کە پێشمەرگە تێکۆشێ لە کوشتنی دوژمن خۆبپارێزێ، باشترین رێگا لە مەیدانەکانی شەڕدا ئەسیرکردنی دوژمنو تێگەیاندنیان لە داخوازییەکانی خۆمانو ئازادکردنیانە. ئەو پێیوابوو کوشتنی دیلی شەڕ لەگەڵ ئەوەی کارەساتێکی دژی "کونوانسیونی ژنێف"و مافی مرۆڤە، لە گەڵ پرەنسیبی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە داخوازی سەرەکیی ئازادیو رزگاری گەلان بەگشتیو گەلی کورد بە تایبەتییە، یەك ناگرێتەوە.

**تیشك : بۆ چی دوکتور قاسملوو پێی لە سەر ئەوە دادەگرت کە هەر ئەندامێکی حیزبی دەبێ زانیاریی لە سەر رێبەرایەتی حیزبەکەی هەبێ؟**

و: مێژووی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پڕە لە گۆرانکاریو روانگەو بۆچوونی جیاوازو تەنانەت ئیدیۆلۆژی جیاواز لەنێو ئەندامانی رێبەریی ئەو حیزبە. دۆخو هەڵکەوتەو کولتووره خۆجێییەکانی ناوچە جوراوجۆرەکانی کوردستان نەریتو روانینی تایبەت بە خۆیانی پێك هێناوە. هەرکام لە وانە بە شێوەیەکی ئاسایی کاریگەریی لە سەر چونییەتی هەڵسوکەوتو لێکدانەوەی ئەوان لە سەر کێشەکانی پێوەندیدار بە کوردستانو ناوچە بووە. هەر ئەو جیاوازییانە بوونەتە هەوێنی لێك ترازانو زۆر جاریش ئەو لێك ترازانانە بوونەتە هۆی جیابوونەوەو یا پاسیڤ بوونی ئەندام یا چەند ئەندامی رێبەریی حیزب. بێگومان ئاگادار بوون لە چۆنییەتی بیرو هزرو ئەندیشەو کردارو بۆچوونەکانی رێبەریی حیزب، دەتوانێ ئەزموونی باشی بۆ ئەندامانی رێبەریی

داهاتوو و کادرو پێشمەرگەکان هەبێ. لە لایەکەوە بەشێك لە مێژووی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە بۆچوونو کردەوەی ئەندامانی رێبەریی ئەو حیزبەدا خۆی دەنوێنێ، هەر ئەندامێکی حیزب پێویستە لە چۆنییەتی ڕابردووی حیزبی خۆی بە باشی ئاگادار بێ. تا خوێندنەوەی باشتری لە سەر ڕابردووی حیزبی خۆی هەبێ. ئەو شێوە ناسینە زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوە کە پێش لە زۆر کێشەو ئالۆزی بگرێ. لە لایەکی دیکەوە تائێستا لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا سێ جار جیابوونەوە و چەندین ئالۆزی لە شێوەی جۆراوجۆردا روویان داوە، هەر کامە لەو کێشانە لەلایەن کەس یا کەسانێك لە ئەندامانی رێبەریی حیزبەوە سازمان دراونو سەرکردایەتی کراون.

سەرەڕای ئەوانە سەرکەوتن و شانازیی گەورە لە رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەرچاو دەکەون. مێژووی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پڕاوپڕ شانازیو تێکۆشان بۆ گەلی کوردە، قازی، قاسملووو شەرەفکەندی، سێ سکرتێری گشتیی ئەم حیزبەو نزیك بە بیست ئەندامی سەرکردایەتییە شەهید کراون، هەرکام لە وانە دەیان شانازیی سیاسی، نیزامیو دیپلۆماسی یان خولقاندوە هەر بویە پێویستە ئەندامانی حیزب لە سەر مێژوو و رێبەریی حیزب شارەزا بن.

**تیشك: دوکتور قاسملوو لە پێناو سەربەخۆیی سیاسی حیزبی دێموکراتدا چ هەنگاوگەلێکی هەڵێنابوو؟**

و: لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبەوە، دوکتور قاسملوو بوو بە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تا ئەو کات حیزبی دێموکراتی کوردستان پرۆگرامێکی روونو دیاری کراوی نەبوو. ئەو ناڕوونیەی بەرنامەو پێڕەوی حیزب، بووە هۆی ئەوە چەند بۆچوونو سەلیقەی جیاواز لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی حیزب لە دەرەوەو ناوخۆو هەڵسووڕانی کارەکانی لە نێوان رێبەریدا بێتە پێش.

ئەو پێوەندیو سەلیقە جیاوازانە کە سەرەکیتریان نفوزی حیزبی توودەو بۆچوونی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ بوو. زۆرجار ئەو جیاوازیانە لێکترازانی ئەندامانی رێبەری لە حیزبو دەخاڵەتدانی سیاسەتی "صادراتی"و مەترسی سەربەخۆیی سیاسی حیزبی بەدواوە بوو.

لە کەش و هەوایی ئاوادا دوکتور قاسملوو مەیدانی بۆ هەر چەشنە بەستراوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە کەس و لایەن و ئیدیۆلۆژی تایبەتەوە تەنگ کردەوە، ئەو سنوورانەی دەستنیشان کرد کە تێپەڕ بوو لە وانە خەتی سوورە و سەربەخۆیی دەخەنە مەترسییەوە.

لە ڕاستی‌دا پێناسەیەکی بۆ سەربەخۆیی سیاسی حیزب دانا. بەو مانایە کە سەربەخۆیی تەنیا ئەوە نیە کە کەس یا لایەن لە کارو باری ناوخۆیی حیزبدا دەست تێوەردان نەکەن، بەڵکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش دەبێ دەست تێوەردان لە کارو باری کەس و لایەنی دیکە نەکا. ئەوە وەك ئەسڵێکی بنەڕەتی بۆ حیزبی ئێمە بەجێ ماوە. هەم دۆستایەتی گەرم و گوڕ دەکاو هەم لە وەرگرتنی نەزەری دۆستانی حیزبی بۆ بەرەوپێش چوونی ئەرکەکان کاریگەری زیندوو شەرعیتری دەبێ.

## تیشك: دوکتو قاسملوو بەرپرسێکی مودیری حیزبی چۆن پێناسە کردووە؟

و: دوکتور قاسملووله باسی مودیرییەت دا دەڵێ: "شێوەی مودیرییەت لە حیزبی ئێمەدا لە سەر بناغەی پێوەندی زیندوو، ڕێنوێنی و لە ئاکامدا ئیقناعە. بەرپرسی حیزبی بێجگەلەوەی ڕێنوێنی لە چوارچێوەی بڕیارەکان و لە بەخشنامەکان دا دەدا دەبێ پێوەندیی زیندووی لەگەڵ هاوڕێیانی خۆی دا هەبێ و تۆزیح بدا و ماندوو نەبێ تا ئەو کاتەی هاوڕێکانی قانع دەکا".

دوکتور قاسملوو مودیرییەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا وەك شێوەیەکی تایبەتمەند باس دەکرد، ئەو پێی وابوو هەڵومەرجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شێوەی مودیرییەتێکی تایبەت بەخۆی هەڵدەگرێ، لەهەمان کاتدا بەڕێوەبەریی جەمعیی لە حیزبدا وەك ئەسڵی سەرەکی باس دەکرد. بە لە بەرچاو گرتنی خەباتی چەکداری و تایبەتمەندیی کاری نیزامی، کە باڵی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەخۆ دەگرت، پێویستی بە تەلفیقێکی مودیرییەتی هەبوو کە بتوانێ وڵامدەری هەڵومەرجی خەبات و تێکۆشانی حیزب بێت، لەبەر ئەوەی حیزبی ئێمە بەشێکی زۆری مودیرییەتی دوور لە کاری ئیداری بەڕێوە دەبرد و بەشێکی دیکەی پێویستی بە شوێنی ئیداری هەبوو، زۆرتر پێداگریی لەسەر قانع کردن، تێگەیاندن و پێکەوە مەشوەرەت کردن و لەیەك تێگەیشتن بە نیسبەت کاری نیزامی و تەشکیلاتی‌یەوە دەکرد. بەڵام بە گشتی چەند تایبەتمەندییەکی بۆ مودیرێکی کارلێهاتوو باس دەکرد، کە بە کورتی ئاماژەی پێ دەکەم.

١ـ به تەرحو بەرنامه بێت. چ له كارو باری سیاسی ـ دیپلۆماسیو چ له كاروباری نیزامی دا. دانانی گەلاڵەو دیاری كردنی تایم بۆ جێبەجێكردنی وەك تایبەتمەندیی سەرەكی باس دەكرد.

٢ـ هۆكارەكان بۆ جێبەجێ كردنی ئەركەكان بوون، له جێبەجێ كردنی ئەركەكان دا كه هەم ئەفرادی تێدا مەبەست بوو و هەم ئیمكاناتی تایبەت بۆ جێبەجێ كردنی گەلاڵەكان.

٣ـ گلاسنۆست، یا روون و ئاشكرا بوونی گەلاڵەكان له بەڕێوەبردنی ئەركەكان دا بوو، ئەو باوەڕی به شەفافیەت له تەرح و بەرنامە و وتار دا هەبوو و پیی وابوو له مەرجە گرینگەكانی سەركەوتنیانن.

٤ـ كونترۆڵ كردنی ئەو تەرحو بەرنامەیە. بەرنامەیەك یا پرۆژەیەك كه پێشكێش دەكرێ. كونترۆڵ كردنو لێپرسینەوەو پێڕاگەیشتن یەكێك له مەرجەكانی سەركەوتنیەتی كه مودیر دەبێ سەرنجی پێ بدا. هەروەها دوكتور قاسملوو پێیوابوو كه بەرپرسایەتیو سەلاحییەت دوو چەمكی تەواوكەری یەكن، هەركەس بەرپرسایەتی وەردەگرێ پێویستە بە قەدەر ئەو بەرپرسایەتییە سەلاحییەتی پێ بدرێ، گرینگی دان به هاوئاهەنگی له نێوان هاوكاراندا یارمەتیمان ئەدا كە گیانی هاوكاریی جەمعی له نێو حیزبدا نەهادینه بكەین، بەو شێوەیە كه له كۆنگرەی حیزبدا بڕیاری له سەر دراوە، كاری جەمعی بكەین به سەردێری بەرنامەكانمان.

داهێنەر(خلاقیت)ییەكی دیكە له ئامۆژگارییەكانی دوكتور قاسملوو بۆ مودیری حیزبی ئەوە بوو كه پیی‌وابوو، مرۆڤی سەربەخۆ دەبێ ڕێگای بیركردنەوەی هەبێ، بەو چەشنە خەلاقییەتو لێوەشاوەیی له مرۆڤدا دەردەكەوێ. ئەو كات دەتوانێ مودیری لێوەشاوە بێت.

كەڵك وەرگرتن له ئەزموونی رابردووی ئەحزابو سازمانەكانو هەروەها تێكەڵاو نەكردنی ئەركی گرینگو ناگرینگ، ئامووزش، هەڵبژاردنی بەجێ وری(مناسب)ی هاوكارەكان، قاتعییەتو نەرمش له بەرخورد لەگەڵ تاكەكاندا دەتوانێ مودیرێكی سەركەوتوو له نێو ڕیزەكانی حیزبی ئێمەدا بار بێنێ.



# وتوویژ لەگەڵ:

# کاک روستەم جەهانگیری،

**( ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران )**

## لەسەر کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو

**تیشك : بەڕێز كاك ڕۆستەم جەهانگیری سەرەتا زۆر سوپاسی جەنابتان دەكەین بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا.**

**تكایە بفەرموون پێشرەو بوونی د.قاسملوو لە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران و بزووتنەوەی میللی دیموكراتیكی كوردستان دا بە گشتی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

و: بە رای من شەهید دوكتور قاسملوو وەك ڕێبەرێك لە ناو گەلی كورددا و تەنانەت لە ناو گەلانی ناوچەشدا ، لە سەردەمی خۆی بێ هاوتا بوو. چوونكە گەلەكەی و ناوچەكەی باش ناسیبوو لە سەری زۆر توێژینەوەو لێكۆڵینەوەی زانستی كردبوو. بۆیە چاكی دەزانی كە دەبێ چۆن رەفتارو كردارو ویستەكانی گەلی كورد بێنێتە بەر باس، خەڵكی كورد كە گوێ بیستی وتارو كردارەكانی دوكتور قاسملوو دەبوو لە راستیو دروستی ئەو رێبەرە بە باشی تێدەگەیشتن ، بۆیە دەیانزانی كارو كردەوەی د.قاسملووو حیزبەكەی لە قازانجی خەڵك دایە. بۆ ئەو مەبەستەش دوكتور قاسملوویان قبووڵ بوو و وەك رێبەرێكی وردبینو تێگەیشتوو و زیرەك كە لە هەر ئاستێكی زەمانیدا دۆستو دوژمنی گەلەكەی بە چاكی لێك جیا دەكردەوەو بە خەڵكەكەی دەناساند. دوكتور قاسملوو رێبەرێكی موتەعەسیب نەبوو كە بۆ هێندێك بیروباوەڕ بە شێوەیەكی سووفی گەرایانەوە بیر بكاتەوە. لە سەر هەر جۆرە فیكرو هزرێكی زانستیو ئیدیولۆژیكی لێكی دەدایەوەو چی بە قازانجی گەلەكەی بوایە وای دەكرد، نموونەی هەرە بەرچاوی؛ هەڵوێستی لە موقابیل داگیركردنی چیكوسلواكی لە لایەن ئەرتەشی سوور، جوودا كردنەوەی خەتی نەتەوەیی حیزب لە حیزبی تودەی ئێران، راگرتنی پرێستیژی حیزب لە بەرانبەری لایەنە جۆراوجۆرەكانی ناوچە، تەتبیقی ئیدەی سۆسیالیزمی دێموكراتیك لە نێو حیزبو جوڵانەوەی گەلی كورد لە كوردستانی ئێران. ئەو رێبەرە ئیمانی بە دیالۆگو پێكەوە ژیان هەبوو، لەم بوارەشدا پێی وابوو كە مەسەلەی كورد مەسەلەیەكی سیاسیەو رێگا چارەی سیاسی دەوێو دەبێ هەوڵی بۆ بداتو بەرێوەبەرانی ئێرانیش بێنێتە سەر ئەو باوەرە كە رێگاچارەی مەسەلەی كورد یان مەسەلەی نەتەوەیی لە ئێراندا نیزامی نیەو دەبێ لە سەر میزی وتوویژ بگەنە چارەسەری. دوكتور قاسملوو لە هەموو شێوەكانی خەباتدا سەری لە ناو سەراندا دیارو بەرچاو بوو.

لە مەیدانی دیپلۆماسیو سیاسی لە دنیای دەرەوە لە ناو حیزبە كوردستانیەكانداو لە ناو حیزبە ئێرانیەكاندا هەر هەمووی بەرچاوو شوێندانەر بوو. لە ناو مەیدانی خەباتدا لە كوردستان

ئەگەر مرۆڤ جارێك شانازی دیتنی ئەو رێبەرەی هەبوایە، دەتگووت ئەو مرۆڤە فەرماندەرێکی لێزان و پێشمەرگەیەکی وشیار لە مەیدانی شەڕدا بووە. ئەو رێبەرە نەترس بوو چ لە مەیدانی شەڕدا کە زۆرجار بووە سەردانی خەتی هەرە پێشەوەی بەرەکانی شەڕی کردووە یان زۆر جار دوژمن سەعی دەکرد بەڵکوو بە هۆی تۆپ و بۆمبارانەوە ئەو لە ناو بەرێ، لە شەرایەتی ئاوادا قەت وورەی لە دەست نەدەدا، زۆر جار رێنوێنی دەکرد کە چۆن کادرو پێشمەرگە خۆیان بپارێزن. بە کورتی دوکتور قاسملوو رێبەرێکی وانەبوو کە لە خۆبایی بێ‌و خۆی لە سەرەوەی هەموو کەس دابنێ. ئەو خۆی بە یەکێك لەو کەسانە دەزانی کە رۆڵی لە نێو حیزبدا هەیە کە دەبێ جێبەجێی بکا، بە هۆی رەفتارو کردارەکانی د.قاسملوو لە نێو خەڵك‌و لەنێو کادرو پێشمەرگە رۆژ بە رۆژ پرێستیژو ئیحترامی دەچووە سەر. بە نەزەری من دوکتور قاسملوو لە کوردستان لە نێو پێشمەرگەکان زۆر بە جوانی دەپارێزراو دوژمن زەفەری پێ نەدەبرد، بۆیە بە دوای رێ‌و شوێنەکانی دیکەدا دەگەڕا بۆ لە ناوبردنی، بە نەزەری من دوژمن لەوەشدا بە هەڵە چوو بوو چوونکە هەر رێبەرێك ئەوەندە خاڵی موسبەت و خووو خدەی باشی هەبێ بە دڵنیاییەوە لەو فیکرەشدا بوو، کە دوژمن رۆژێك ئەوی لەناودەبا یان بە شێوەی کارەساتێك هەوڵ ئەدا نەمێنێ. ئەو مەسەلە دوای شەهید بوونی بۆ دۆستان‌و بە تایبەت بۆ دوژمنی دوکتور قاسملوو بە روونی دەرکەوت. کە ئەو رێبەرە فیکری هەموو شەرایەتێکی کردووە. هەربۆیە جێگرسازی کردووەو حیزبەکەی‌و قوتابیانی پەروەردەو ئامادە کردوون بۆ شەرایەتی قەیراناوی.

لە وتە هەرە بە نرخەکانی کە هەمیشە دەیگووت: "نابێ لە هیچ شەرایەتێکدا دێموکراسی لە نێو حیزبدا بکەوێتە ژێر پرسیار یان لە بەرچاو نەگیرێ یان دەیگووت یەك نەفەر چەندەش تێگەیشتوو و لێزان بێ دەبێ ئەوەی لەبەرچاو بێ کە مومکینە رۆژێك تووشی هەڵە بێ"، بۆیە تێدەکۆشا حیزب‌و بەدەنەی حیزب فێری فیکری دەستە جەمعی‌و بریاری جەمعی بکا.

**تیشك: روانگەی د.قاسملوو بۆ شۆڕش‌و شۆڕشگێڕ چۆن بوو؟ بە چ مەبەستێك هەر چەشنە دیکتاتۆریەکی لە ژێر هەر ناوێکدا رەت دەکردەوە؟**

و: بە رای من روانگەی دوکتور قاسملوو دژی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەك بوو کە ئەوکاتە هەندێك لە دیکتاتۆرەکان لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە بە سەمبۆلی بەرخۆدان چاو لێ دەکران. بۆیە دوکتور پێی وابوو کە دەبێ مرۆڤ ئازاد بێ‌و ئازاد بیر بکاتەوە. مرۆڤ نەکرێ بە مۆرەو دەبێ شەخسیەتی

مرۆڤ بپارێزرێ تا بتوانێ خۆی بناسێ و خەبات بکا بۆ ئازادی خۆی. بیری دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە دەبێ شۆڕشگێڕ لە هەموو بارێکەوە لە پێش گەلەکەی دابێ، لە رەفتارو کردارو هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی، لە پاك و خاوێنیو راستیو دروستی بۆ ئەوەی بتوانێ ئاڵوگۆڕ پێك بێنێو خەڵك باوەڕی پێ بکا. بە هزری دوکتور هیچ شۆڕشگێڕێك ناتوانێ ببێتە پێشەنگی نەتەوەیەك تا ئەو چەند نمونەیەی کە لە سەرەوە باسم کرد نەیبێت. چۆن ناکرێ خۆت بە شۆڕشگێڕ و خەباتکار بزانی بەڵام رەفتارو کردارت وەك دوژمن بێ یان خەڵك لێت بترسێ ئەو دەم هیچ جیاوازیەك لە نێوان شۆڕشگێڕو دوژمندا نابینیت. بۆیە دەبینین لە جەریانی شۆڕشی چەکداری بە رێنوێنی رێبەرایەتی حیزب لە سەرەوەی هەموویانەوە دوکتور قاسملوو هانی ئۆرگانەکانی حیزبو پێشمەرگە دەدرا کە دەبێ هەموو ئوسولو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ چ لە ناو خەڵكو چ لە ناو مەیدانی شەڕدا زۆر بە جوانی لەبەرچاو بگرنو جێبەجێی بکەن. لە بیرمە لە یەکێك لە شەڕەکانی ناوچەی ورمێ سەربازێك ئەسیر بوو نەدەترساو قسەی دەکردو پێدەکەنیو هانی رەفیقەکانی خۆی دەدا کە نەترسنو لە سەر خۆ بن، ئەمنیش لێم پرسی سەرباز خەڵکی کوێی، گووتی خەڵکی شیمالی ئێرانم، گووتم چۆنە ئەتۆ وەك رەفیقەکانی خۆت رەنگو رووت تێك نەچووەو ناترسی، بە پێکەنینەوە وەڵامی دامەوەو گووتی رەفیق ئەوە جاری چوارەمە کە لە مەیدانی شەر لەگەڵ پێشمەرگەی دێموکرات ئەسیر دەبمو دەزانم کە لە فەرهەنگو سیاسەتی ئێوەدا ئەسیر کوشتن نیە، رەفتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حورمەت گرتنی گیانی مرۆڤە، شەڕتان بۆ ئازادیو کەرامەتە، بۆیە ئەسیر دەبمو شەڕ ناکەم، هەر جارێ کە ئازاد دەبم ئەو پەیامەم هەم بە بنەماڵەکەمو کەسوکارمو هەم بە رەفیقەکانم چ لە شوێنی ژیانو چ لە شوێنی خزمەتی سەربازیدا گەیاندووەو دەیگەیێنم. ئەگەر ئێستا دایكو باوکم بزانن کە من دیسان ئەسیری حیزبی دێموکرات بووم باوەر کەن ناترسنو زۆریش خۆشحاڵ دەبن. مرۆڤ کە بیر لە قسەی سەربازەکەی شیمالی ئێران دەکاتەوە ، وتەکانی دوکتور قاسملووی دێتەوە بیر کە هەمیشە دەیگووت: "هیچ نیعمەتێك لە جیهاندا لە ئازادی بە نرختر نیە، ئازادی کەرامەت و شەخسیەت دەدات بە ئینسان و رێگە نادات ئینسان بکرێ بە مۆرە ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بێتە دەر ببێتە شەخسیەت ببێتە فەردێکی زیندوو و چالاکی کۆمەڵ".

**تیشك: بیرو بۆچوون و كردەوەی د.قاسملوو لە سەر رەخنەو رەخنە لە خۆگرتنو دیالۆگو وتووێژی داهێنەرانەو لە یەكتر تێگەیشتنو پێكەوە ژیانو خەباتی ئاشتیخوازانە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

و: بیری دوكتور قاسملوو ئەوە بوو كە لە سەریّ باسمان كرد ئەگەر مرۆڤ لە كۆمەڵدا هەستی كرد كە نەبووە بە مۆرەو شەخسیەتی خۆی هەیە دەوروبەری خۆی چاك دەناسیّو دەزانیّ چۆن چاكو خراپ لە یەك جیا بكاتەوە. كۆمەڵو كۆمەڵگا بەردەوام لە پێشقەچووندا دەبیّ. چوونكە لە بیرو هزرو فەرهەنگی دوكتور قاسملوودا هەموو مرۆڤەكانی سەرزەوی مافی وەك یەكیان هەیە، كە بیر گەییشتە ئاستێكی ئەوتۆ، دیكتاتۆری مەفهوومی نامێنیّ ئەگەر لایەنێك یان كەسێك بیهەویّ خۆی بسەپێنیّ هەر زوو دەكەوێتە بەر رەخنەو خەڵك ئاگادار دەبیّو رێگای لیّ دەگریّ، بەڵام لە بیری دوكتور قاسملوودا رەخنە بۆ چاك كردنو بۆ باشتر بەرێوە چوونی كارەكان لە حیزبو لە كۆمەڵ دابوو. رەخنەی سازندە پێش لە زۆركاری نارەواو تەنانەت كارەساتبار دەگریّ، نموونەی هەرە بەرچاو لە ئێرانی بەڵالێدراوی ئێمەدا، ئەگەر لە درێژایی مێژوودا كۆمەڵگایەكی وشیارو ئاگاە هەبوایە، لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێران نەیاندەهێشت كۆمەڵگای ئێران تووشی ئەو كارەساتە بیّ كە ئەوە سی ساڵە كۆمەڵگای ئێران بەدەست دیكتاتۆری كۆماری ئیسلامی تووشی بوون. هیچ فەرقو جیاوازیەك نیە لە ناو حیزبیشدا هەر وایە بۆیە دوكتور قاسملوو تێدەكۆشا فەرهەنگی رەخنەگرتن لە خۆو لە حیزب و رێبەری هەمیشە زیندوو رابگریّ كە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بیّ فەرهەنگی رەخنەگرتن لە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بۆتە فەرهەنگی ئەو حیزبە، چوونكە لە كۆمەڵدا ئەگەر رەخنە گرتن هەبوو نیشانەی ئەوەیە كە لە ناو ئەو كۆمەڵ، دەستە یا حیزبەدا ئازادی هەیە، كە ئازادی هەبوو دیالۆگیش دەبیّ، ئەگەر وابیّ بەو ئاكامە دەگەین كە جێی دیكتاتۆریو فەردپەرەستی نامێنیّو كارەكانی كۆمەڵگا بە جوانی دەچنە پێش. ئەو كۆمەڵگایە رۆژبەرۆژ پێشكەوتن بە خۆوە دەبینیّ وەكوو كۆمەڵگاكانی دنیای پێشكەوتوو.

**تیشك: بیرو باوەڕی دوكتور قاسملوو لە سەر لاوانو خوێندكارانو ڕۆڵو پێگەی ئەوان لە بزووتنەوەی مافخوازانەی كوردستاندا چۆن بوو؟ لەم پێناوەدا بە كردەوە چۆن هەنگاوی هەڵدەگرت؟**

و: ئەوگرینگییەی كە د.قاسملوو بە لاوانو خوێندكارانی دابوو لە حیزبەكەیدا كاریگەری سەرەكی بووە، ئەگەر چاو لە مێژووی حیزبی دێموكراتی كوردستان بكەن دەبینن كە لە قەیراناویترین دەورانی مێژووی حیزبدا لاوانو خوێندكاران لە بیر نەكراون. یەكیەتیی لاوان لە حیزبدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیەو ئەو ڕۆڵە كە لاوان لە شۆڕشو خەباتی چەكداری‌دا كە گێڕاویانە هەموو ڕەنگدانەوەی گرینگی‌پێدانی ڕێبەرایەتی حیزب و شەخسی دوكتور قاسملوویە بە لاوان. ئەو لاوانو خوێندكارانی وەك بەرێوەبەرانی داهاتووی نەتەوەی كورد دەزانی، بۆیە هەمووكات ڕێنوێنی ئۆرگانە پێوەندیدارەكانی حیزبی دەكرد كە هانی لاوان بدەن بۆ ئەوەی خۆیان پێبگەیێنن تا بتوانن لە داهاتووی وڵاتو نەتەوەی خۆیاندا ڕۆڵو كاریگەری خۆیان ببینن.

بیری دوكتور قاسملوو هەمیشە لە پێشڤەچووندا بوو، هزری وابوو لە هەر كۆمەڵگایەكدا لاوانی وڵات پێگەیشتوو تێگەیشتوو بن ئەوە چارەنووسی ئەو میللەتە ڕووناكەو زوو دەتوانێ خۆی ڕزگار بكا، ئەگەرنا ئەوە ئەو میللەتە مردووەو هەمیشە لە ژێردەستیو زەبوونی‌دا دەمێنێتەوە. ئەو نەزەرانەی كە دوكتور دەیدا هەرئەوە نەبوو لە چوارچێوەی قسەدا بێ، بەڵكوو بە كردەوەش جێبەجێی دەكرد. باشترینو چاكترین بەڵگە؛ لە شەرایەتێكدا كە تازە شۆڕشی گەلانی‌ئێران سەركەوتبوو، حیزب تازە لە تاراوگە گەڕابۆوەو هێشتا لە سەرتاسەری كوردستان باش نەیتوانیبوو جێگای خۆی بكاتەوە، بەڵام كە هەست دەكا دەبێ بیر لە ڕێگاچارەیەك بكاتەوە كە لاوانو خوێندكارانی تێگەیشتووی كورد لە ناو حیزبدا خۆیان ببیننەوە، كۆنگرەی چوارەم دەگیرێ پۆلێك لاو دێنە ناو ڕێبەرایەتی حیزبو ڕێنوێنیان دەكا كە دەبێ لە ئۆرگانەكانی حیزبدا لاوان ڕۆڵی هەرە بەرچاو بگێڕن. بۆیە دەبینین كە لە جەریانی شۆڕشی گەلی‌كورد لە كوردستانی ئێران لە خەباتو فیداكاریو قوربانیداندا لاوانو خوێندكاران پشكی شێریان بەركەوتووە. چونكە لاوان بوون كە ببوونە دەستە چیلەی ئاگری شۆڕشو حیزبیان لە ژێر هەموو زەبرو ئاستەنگێكدا پاراستو بەرەو پێشەوەیان برد.

**تیشك: بۆ دوكتور قاسملوو بۆ سەركەوتنی بزووتنەوەی میللی دێموكراتیكی كوردستان خەبات لە ناوخۆی وڵاتی بە ئەسڵێكی سەرەكیو بنەڕەتی دادەنا؟**

و: د. قاسملوو فێری كردین كە مەیدانی خەباتو تێكۆشانی ئێمە كوردستانی ئێرانە، بۆیە لەم پێناوەدا دەبێ لە هەر چەشنە خەباتو فیداكارییەك سڵ نەكەین. ئەمن پێم وایە نەزەری سەدلەسەد راست بوو. ئێستاش لە جێی خۆیدایە. ئەو شۆڕشگێڕانی حیزبی دێموكراتی هان دەدا كە جێیان لە ناوخۆی وڵات دایە، ئەگەر لە ناو میللەتی خۆماندا بین نیشانەی ئەوەیە كە حوزورو نفووزمان هەیە، كە حوزورو نفوزمان هەبوو، نیشانەی ئەوەیە كە ئەو میللەتە ئێمەی دەوێ، شوعارەكانمان بە قازانجی خەڵكەو خەڵكیش قازانجو مەنافیعی خۆی لە شوعارو سیاسەتەكانی ئێمەدا بەدی دەكا. كە ئەوانەت هەبوو ئەوجار هەم دۆستو هەم دوژمن حیسابت بۆ دەكەن، دەتوانی رۆژبەرۆژ ئامانجەكانی میللەتی خۆت بە دونیا بناسێنیو دۆستی بۆ پەیدا بكەیت بەو رێگاو فشارە ببی بە دەنگو ئەو دەمەیە كە لەسەر ئەو ئاڵوگۆڕانەی كە لە ناوچەدا دێتە پێش حێسابت بۆ دەكەنو لە بەرچاوت دەگرن. بۆیە ئەگەر ئەوانەت نەبێ نەك لە ناو دۆستو دوژمن بەڵكوو لە ناو خەڵكی خۆشتدا كەس حێسابت بۆ ناكا چوونكە هیچ نیت كە كەس حێسابت لەسەر بكا، بە كورتیو بە قسەی كوردانە كە لە مێژە گووتراوە كرمانجی دەڵێن "شوولكەری خۆبەو خۆشتەڤیی خەڵكی بە". وتەیەكی دوكتور قاسملوو لە كۆنگرەی هەشتەمی حیزب كە دەستەیەك هاواریان دەكرد كە كاتی خەباتی چەكداری بە سەر چووە و دەبێ ئەو نرخەی بۆ نەدەین، ئەو خوێنانە بەفیڕۆ دەچن، لە وەڵامی ئەو ئیستدلالانەدا شەهید دوكتور قاسملوو رایگەیاند ئەگەر ئێمە لە میللەتی خۆمان دوور كەوینەوە كەس حێسابمان بۆ ناكا پاسیڤ دەبین بۆیە داواكارم هەر بریارێك دەدەن بیدەن، بەڵام خوارەوەی (آسفالت) نەكەون چوونكە ئەو دەم خۆتان لە بەغداش ناگرنەوە. بە تێپەڕبوونی زەمان راستیو دروستی هەموو ئەو وتانەی د.قاسملوو دەركەوت، زۆر كەسو لایەن بەم شێوەیە لە ناو چوونو نەمان یان ئەگەر مابنو لە دەرەوەی وڵات بن كەس نایانناسێت.

**هەروەها زۆر سپاسی ئێوەی بەرێز دەكەم كە ئەو دەرفەتەتان بە مندا كە لە رێگای ئێوەوە لەگەڵ خوێنەرانی گۆڤارە جوانەكەتان "تیشك" ئاشنا بم و هیوادارم هەردەم سەركەوتوو بن.**



# وتوویژ لەگەڵ:

# خوشکە هێرۆ جەڵدیانی

( سکرتێری گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران )

## لەسەر کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو

**تیشك: بەڕێز خوشكە هێرۆ سەرەتا سوپاسی بەڕێزتان دەكەین بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا، وەك یەكەم پرسیار بەڕێزتان كە ڕێبوارێكی دڵسۆزو وەفاداری ڕێگای د.قاسملوون دەكرێ بفەرموون كەی‌و چۆن بوو لەگەڵ ئەو ڕێبەرە مەزنە ئاشنا بوون؟**

و: پێشەكی سوپاسی بەڕێوەبەرانی (تیشك) بڵاوكراوەی كومیسیونی ئامووزش حدكا دەكەم، كە ئەو درفەتەیان پێ دام، لەم ڕێگایەوە بتوانم ئەو ئارەزویەم وەدی بێت، چونكە هەمیشە ئارەزوی ئەوەم دەكرد كە ڕۆژێك لەبیرەوەریەكانی خۆمدا بتوانم باسی كەسایەتێكی گەورەی نەتەوەی كورد وەك ڕێبەری نەمر، د.قاسملوو بكەم. ئەوەی كە، كەی و چۆن بوو، د.قاسملووم دیت‌و ناسیم، دوورو درێژە، بۆیە لێرەدا ئاماژە بەو بیرەوەریەم دەكەم كە بەراستی زۆر لەسەر هەست‌و ورەوو دروونم كاریگەر بوو ئێستاش وتەكانی لە گوێمدا دەزرینگێنەوەو هەر بۆیە هەموو كات خۆم بە قوتابییەكی بچووك‌و درێژەدەری ڕێبازەكەی، كە ڕێبازی كوردایەتی و حیزبی بوو دەزانم‌و خیانەت بەو ڕێگایە ناكەم. لێرەدا ئیزنم بدەن، ئاماژە بە یەكێك لەو دەرفەتانەی كە بوو بە هۆی ئەوە كە بە خزمەتی كاك دوكتۆر بگەم، بكەم. لە ساڵی ١٣٦٤(١٩٨٥)، ئێمە لە فێرگەی سیاسی نیزامی لە دۆڵی شەهیدانی بناری قەندیل لە گوندی بۆڵێ بوین، شەڕی ئێران‌و عێراق بوو، ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی، هێرشێكی بەربڵاوی لە سنوورەكانی سەردەشت- بانەوسەقزەوە كردە سەر عێراق، بنكەكانی دەفتەری سیاسی حدكا لە دەوروبەری گەورەدێ بوو، وەبەر شاڵاوی فرۆكە بۆمب هاوێژەكانی كۆماری ئیسلامی و پاشان تۆپبارانێكی قورس‌و هێرشی هێزەكانی كەوت، كە بوو بە هۆی ئاڵوگۆڕی شوێنی دەفتەری سیاسی بۆ ناوچەی دۆڵی شەهیدان. د.قاسملوو لە فێرگەی سیاسی نیزامی وەك مامۆستای گوتنەوەی سیاسەتەكانی حیزب دەرسی دەگوتەوە، پاش تەواو بوونی كاتی كلاسەكەی میوانی ئێمە بوو. لە كاتی نان خواردن باس لە ژن‌و گیرو گرفتی ژنانم لە نێو كۆمەڵ‌و حیزبدا كردو زۆر بە وردی گوێی لە قسەكانم گرت‌و پاش كۆتایی قسەكانم، فەرمووی سبەی سەعات ٤ پاش نیوەڕۆ وەرە بۆ لام. ئەوە منی زۆر خۆشحاڵ كرد. بۆ ڕۆژی دوایی بۆ سەری كاتی دیاری كراو چوومە خزمەت كاك دوكتۆر، نازانم چوو بووە كوێ و فەرمووی: (زۆر بە پەلە گەڕاومەتەوە كە سەری وەخت لێرە بم.) بەو حەرەكەتە، ئەوەندەی دیكە كاك دوكتۆر لە لای من گەورەتر و خۆشەویست تر بوو، لەو وەخت ناسیەو ئەو هەموو تەوازوعەی كە هەر شیاوی خۆی بوو سەرم سووڕمابوو. پاش ئەحواڵپرسی، بە دەستی خۆی قاوەیەكی چاك كردو لە پێشی دانام‌و

دەستی کرد، بە قسە کردن، بە راستی لە هەر وشەیەك کە لە زاری دەهاتە دەر، هەزاران مانــاو مەفهوومی تێدا بوو، ئەوەندە شیرین‌و سادە قسەی دەکرد، نازانم چۆن کات تێپەڕی، کاتێك چاوم لە سەعات کرد دوو کاتژمێر تێپەڕیبوو. بە فەرمایشەکانی گوڕو تینێکی تــازەم گــرت‌و چــەند هێندە باوەڕم بە حیزب‌و ڕێبازەکەی قایم تر بوو. لە نێو قسەکانی‌دا لــەم دوو کاتــژمێرەدا، نــەم بیست بڵێ، من وام کردو وا دەزانم و وا دەکەم، هەمــوو شتەکانی بە ئێمە وامان کردووە دەبێ ئاوا بکەین دەردەبڕی بە تایبەت لەسەر مەسەلەی ژنان‌و نەخشیان لە شۆڕش‌و خەبات‌و ئەرکیان لە نێو کۆمەڵدا. بە راستی لەو دوو سەعاتەدا زۆر شتی باش‌و بەکەڵك فێر بــووم‌و کردمــە، توێــشووی ڕێگای خەباتی چەندین ساڵەم.

**تیشك: بە تێڕوانینی بەڕێزتان د.قاسملوو چەندە باوەڕی بە ئازادی مرۆڤـــ بە گشتی‌و ئازادی ژنان بە تایبەتی هەبوو؟ لەم بوارەدا بە کردەوە چۆن هەنگاوی هەڵدەگرت؟**

هیچ تاریف و رستەو وشەیەکی نوێ ناتوانم بدۆزمەوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ لەو تاریف‌و رستە مێژوویی و بە نرخەی کە تایبەت بە دوکتۆر قاسملوویە و فەرموویەتی :" گــەلێك ئــازادی بــوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات"، کە نیشان دەدات بە باوەڕی قووڵی دوکتۆر قاسملوو بە ئازادی، هەر بۆیە ئەوەندی دەتوانم بڵێم کە (لە پێناوی باوەڕی بە ئازادی مرۆڤـــ گیانی خۆی پێــشکەش بە بارەگای مرۆڤایەتی‌و گەلەکەی کرد). بۆیە ئەوە دەڵێم دوکتۆر قاسملوو لە (بــەهاری چــێك)دا نیشانی دا، بێجگە لە باوەڕی بە ئازادی گەلەکەی خۆی، بــاوەڕی بــە ئــازادی گــەلانی دیکــەش هەبووە. لە بواری ئازادی ژنان: بە باوەڕی دوکتۆر قاسملوو ژن‌و پیاو پێکەوە کۆمەڵیان پێك هێناوە و لە وتارەکانی‌دا کە بە بۆنەی ٨ی مارس فەرموویەتی، کە بەداخەوە لێرەدا ناگونجێ هەموویان بخەمە روو، ناکرێت یەك‌یەکی ئەو قسانە بێنمە سەر کاغەز، هــەر وتەیــەکی لــە دیــدی منــەوە گەورەترین دیارییە بۆ ژنان. ئێمە هەرکات بۆنەکانی ژنانمان لە ساڵەکانی ١٣٦٥- ١٣٦٧ بەڕێوە دەبرد، هەمیشە کۆتایی بۆنە و ڕێ‌و ڕەسمەکان، کۆبوونەوەی بۆ ژنان پێــك دەهێنــاو ڕێنــوێنی‌و ئامۆژگاری دەکردین کە چۆن مراسیمەکان بەڕێوەبەرین‌و چۆن کۆبوونەوە پێك بهێنین. چۆن دیقەت بکەین لە قسە کردنمان کە جۆرێك قسە نەکەین بــە زەرەری خۆمــان و گەلەکــەمان تــەواو بێــت هەمیشە پشتیوانێکی بەهێز بوو بۆ ژنان، لە کۆتایی ئەو پرسیارەدا ئەوە دەتوانم بڵێم کاك دوکتۆر دەیفەرموو: "حەق نادرێ، دەبێ بیستێنی".

**تیشك: د.قاسملوو وەك ڕێبەرێکی مەزن زۆر تایبەتمەندی بەرزیئینسانی تێدا کۆببوونەوە، لەم پێوەندییەدا، باوەڕ بەخۆبوون، ڕاستگۆیی، نیاز پاکی، گیانی لێبووردنو سینگفراوانی ئەو مامۆستا بەرزە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

و: لەو پرسیارەی جەنابتاندا ئەو تایبەتمەندییانەی کە باستان کردوە، هەمووی تێدا هەبوو،و هەر ئەوە بوو وای لێ کردبوو کە لەلای خەڵك خۆشەویست تر بێ هەر کەس جارێکی دیتبا قەت لە بیری نەدەکردو وەك بیرەوەری لە زۆر شوێن باسی دەکرد. چونکە بۆ خۆم ژنم و پێم خۆشە لێرەدا ئیشارەیەك بە یەك تایبەتمەندی گەورەی کاك دوکتۆر قاسملوو بکەم، ئەویش تەئسیر دانان بوو لەسەر خێزانی خۆی (نەسرین خانم) کە بتوانێ کوردیو فارسی فێر بێتو وەك یادگارێك لە دوای خۆی ماوەتەوەو ئێستاش بە شانازییەوە دەڵێ: (من خۆم بە کورد دەزانم،و کاریشی بۆ دەکەم). ئەمەش نیشاندەری ئەو ڕاستگۆییو نیاز پاکی ئەومامۆستا مەزنە بوو کە لە هەنگاوی یەکەمدا لە ماڵی خۆیەوە دەستی پێ کرد.

**تیشك: هەڵسوکەوتی د.قاسملوو لەگەڵ هاوڕێیان حیزبی و کۆمەڵانی خەڵك بەگشتی چۆن بوو؟ لەم بوارەدا "سیماو ئاکاری دێموکراتیو خاکیو خەڵکی بوونو ڕێكو پێکی ئەو ڕێبەرە مەزنە لە ژیانی سیاسیو شەخسیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

و: د.قاسملوو لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی خۆی بە هاوکارو ڕەفیقو هاوسەنگەر دەزانیو لە مەیدانی سیاسەتدا هەمیشە ڕووحیەی دەدا بە هاوسەنگەرەکانی و ورە بەرزی کاك دەکتۆر وای دەکرد کە هاوڕێیەکانی حیزبی قەت لە کاتی تەنگو چەڵەمەدا ترسیان نەبێ، هەر ئەوە وای کردبوو کە پاش شەهید بونیشی هاوڕێیانی حیزبی بتوانن درێژە دەری ڕێگای بنو بە گیانو بە دڵ بیپارێزن.و لە بواری شەخسی بە جۆرێك ڕەفتاری دەکرد کە خۆی بە گەورەتر نەدەزانی لە کاتی دواندا. زۆربەی ئەو دەستکەوتانەش کە ئێمە لە حاڵی حازردا شانازییان پێ دەکەین، من بە دەستکەوتی کاك دوکتۆریان دەزانم. زانایی و تێگەیشتوویيو ئاشنا بوون بە باری کۆمەڵایەتی کوردەواری، بە زمانێکی زۆر ساکارو سادەو خۆماڵی دەدوا، ئەوەندە ڕووخۆشو شیرین بابەتەکانی شی دەکردەوەو خۆماڵی هەڵسوکەوتی دەکرد ، نەك هەر لەنێو ئەندام و کادرو پێشمەرگەی حیزبدا، بەڵکوو لە نێو حیزبەکانی کوردی و ئێرانیو تەنانەت ئوروپاییدا جێی خۆی کردبۆوە. بە تایبەت لە نێو کۆڕو کۆمەڵی کوردەواریدا جێی ڕێزو حورمەت بوو. بە گشتی دەتوانم بڵێم،

سیمای قاسملوو سیمای راستەقینەی دێموکراتو ئاشتی خوازو ئازادیخوازێکی بە تەواو مانای ئەو سەردەمە بوو، بە داخەوە دەستی ناحەزی دوژمن زوو لە ئێمەی ستاند. بەختەوەرانە ئەوەی دوکتۆر قاسملەوو ئارەزووی دەکرد، کە ئەسڵی داهاتووی گەلەکەمان نەسڵێکی زاناو خوێندەوار بێ، خۆزگە ئێستا زیندوو بایەو، بە زەردەخەنە جوانەکەی تینو گوڕی خەباتی لە نێو ئەو نەسڵەدا بەهێزتر کردبا، بە تایبەتی ئەو پێشکەوتوویەی ژنانی کورد کە ئێستا لە هەموو بوارەکانی لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان دا پێ گەیشتتوون، رووحی شاد دەکات.

جێی هەمیشە دیارو روحی شاد بێ.